ناوەندی رەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

السلام عليك يا رسول الله
صلى الله عليه وسلم

نووسینی:
موستەفا حوسنی
ئامادەکردن و وەرگێڕانی:
بسام محمود

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنى جۆرەها كتێب:سەردانى: (مُنتَدى إقرَا الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

سرەتانوک پێغەمبەری خوا
صلی الله علیه وسلم

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەری گشتی
ناوەند: زامدار قادری

بەڕێوەبەری چاپ و
بڵاوکردنەوە: ئەیاد نادر

بەڕێوەبەری هونەری
ناوەند: محمد جبار

هەولێر، بازاڕی ڕۆنشنبیری، تەنیشت پارێزگا
+964 750 406 6674
ڕەها / Raha



نووسینی:
موستەفا حوسنی
ئامادەکردن و وەرگێڕانی:
بسام محمود

چاپی یەکەم | ٢٠٢٠

ژمارەی بڵاوکراوە: ٣٤

ناوی کتێب: **السلام علیك یا رسول الله ﷺ**

نووسینی: **موستەفا حوسنی**

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: **بسام محمود**

پێداچوونەوە: **ئەیاد نادر**

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: **بسام محمود**
@bassamart10

ساڵی چاپ: **٢٠٢٠**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی **(٣٣١)** ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە.

© مافی کۆپی کردن و لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕەها

پێشکەشە بە

لەپێش هەموو کەسێکەوە پێشکەشە بەو کەسەی فەزڵێکی زۆری هەیە بەسەرمەوە، چونکە لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا لەگەڵم بووە هەمیشە، هەڵبەتە لە شەونخونی کردنیشم بۆ ئەم کتێبە، با بزانێ کە بوونی لە ژیانم ئیزافەیەکی چەندە گەورە و کاریگەرە.

پێشکەشیشە بە خوشکەکانم، کە هەردەم متمانەیان هەبووە بە من و گومانی باشیان پێ بردووم و، بوونەتە هۆکارێکی هەر سەرکەوتنێك یان بەرەوپێشچوونێکم.

هەڵبەتە پێشکەشیشە بە نووسەری ئەم کتێبە، کە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەرم بەهۆی ڕەوشتە جوان و تێگەیشتنە قووڵ و سادەکەیەوە لە ماناکانی شەریعەت و لایەنەکانی ژیان.

هەروەها پێشکەشە بەو کەسانەی هانیاندام بۆ بەرهەمهێنانی ئەم کتێبە و خۆگر بوون بەرامبەرم وە، پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی تەنانەت بۆ یەکجاریش هانیان داوم لەسەر هەر کارێکی چاك و، قسەیەکی ئەرێنیان لەدڵم بەجێ هێشتووە و، ئەوانەشی کە فەزڵیان بەسەرمەوە هەیە لە دۆستە دڵسۆز و مامۆستایەکانم.

ئینجا پێشکەشە بەو کەسەی کە دەیەوێ پێغەمبەری مرۆڤ ﷺ بناسێ و لە ژیانی نزیك ببێتەوە و ببینێ کە چۆن هەڵسوکەوت و مامەڵەی کردووە لە هەموو ڕۆڵەکانی ژیان و، ببینێ کە چەندە خەمخۆر و تامەزرۆی ئێمەیە.

پێش پێشەکی

هەمیشە هەوڵم داوە کە هەموو ئەو بەهرانەی لەخۆمدا هەن بخەمە کار لەخزمەت کۆمەڵگەکەم و مرۆڤایەتی، هەمیشەش لە پەروەردگارم دەپارێمەوە کە نییەتی هەموو کار و کردەوەکانم خاڵیس بکات تەنها بۆخۆی، بەو هیوایەی ئەو تۆزە خزمەتەم ببێتە تووێشووی قیامەت و زەخیرەیەك بێ کە بەهۆیەوە بتوانم لەبەردەم خوای بە ڕەحم و سۆزم بووەستم لەڕۆژی حیساب.

شەرەفێکی زۆر گەورەیە بۆ من کە یەکەم و دەستپێکی کاری وەرگێڕانم باسی پاکترین و پایەدارترین و چاکترینی بەدیهێنراوەکان بێ ﷺ، هەروەها تۆزە نزیکبوونەوەیەك بێ لە پێغەمبەری باوك و سەرپەرشتیار و سەرکردە و گەورە و ئەو بەحری نوورە ﷺ، بۆ ئەوەی لێم ڕازی بێ و ڕووم هەبێ لەولا داوای شەفاعەتی لێبکەم.

ئەم بەرهەمە کۆکراوەی هەردوو بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی بانگخوازی میسڕی «موستەفا حوسنی» یە بە ناونیشانی (السلام علیك یا رسول الله ﷺ)، کە پێکهاتووە لە ١٠ ئەڵقەی تەلەڤزیۆن و ٢٩ ئەڵقەی ڕادیۆ، بەو ئاواتەی ببێتە بەرچاوڕوونییەك بۆ دیتنی ڕۆشناییەك لە بەحری ڕۆشنایی خۆشەویستمان ﷺ.

جا چونکە کاملبوون هەر بۆ باری تەعالایە ﷻ، بۆیە هەر لێرەوە بمبەخشن و سینگتان فراوان بێ لە بوونی هەر هەڵە و کەم و کورتییەك و، لە دوعای خێر و چاکەش بێ بەشمان مەکەن.

پێشەکی

دڵ و دەروونی ئینسان هەمیشە مەیلی بۆ ئەو کەسانە زیاترە و پێیان گوشاد دەبێ، کە لەخۆیەوە نزیکە، ئەوەتا باری تەعالا ﷻ زۆر بە ئاشکرا ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە، کاتێک دەفەرموێ: «كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِنْكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ» واتە: (هەروەکو تەواوکردنێک بۆ ئەو ناز و نیعمەتانەم بەسەرتاندا، من لەنێوانتاندا پێغەمبەرێکم لەخۆتانەوە بۆ ڕەوانەکردوون کە ئایەتەکانی منتان بەسەردا بخوێنێتەوە و، دڵ و دەروون و ڕوالەت و ئاشکراتان خاوێن بکاتەوە)، بۆچی پێغەمبەرێک لەخۆمان؟!

ئاخر تاوەکو لەگەڵ ئێمەدا ژیان بگوزەرێنێ و هەست بە خۆشی و شادی و ئێش و ئازارەکانمان بکات و، وەک دایکێک بەڵکو زیاتر لەدایکێکیش بێت بۆمان و لێمان تێبگات بۆ هەستکردن بە حەقیقەتی خۆمان لە گشت حاڵەتە دەروونییە جیاجیاکان، ئینجا بۆ ئەوەی ئێمەش بیکەین بە چاوساغ و ڕابەرمان تاوەکو ببینین کە ئەو نازدارە ﷺ چۆن بەرامبەر خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان مامەڵە دەکات، بەو واتایەی کە لەکاتی دڵخۆشی و دەروون گوشادی چۆن سوپاسگوزاری بۆ خودا دەردەبڕێت و وە چۆن و تا چەند ملکەچی و ئارامگر دەبێت لەهەمبەر ناخۆشی و تاقیکردنەوەکانی ژیان، ئەی با بزانین لەکاتی لەدەستدانی ئازیزەکانی چۆن ڕەفتار دەکات و دان بەخۆیدا دەگرێت، ئینجا بدینین کە ئاخۆ لەگەڵ دوژمنە سەرسەخت و ڕێگرانی پەیامەکەی و ئەوانەشی کە باوەڕی پێ ناهێنن چۆن دەژیێت و مامەڵە دەکات، وە چۆن دەبێتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ گشت جیهانیان، تا ئەوەی

هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی ببن بە چاکترین نموونە بۆ ئێمە، وە ئەوکات ئێمەش شوێن پێی ڕێچکە و ڕێباز و کردەوە بێ هاوتاکانی هەڵگرین، لەپێناو وێڵ نەبوون و سەرگەردانەبوونمان لە گەشتی ژیانمان بەرەو زاتی حەق تەعالا ﷻ، کە کەیلە بە بەڵا و ناخۆشی و تاقیکردنەوە بۆمان، ئەوەتا جا مەگەر هەر خوداکەی ئەو نییە ﷻ پێمان دەفەرموێت: «لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ» واتە: (بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا چاکترین نموونەی تەواو ڕێك و پێك هەیە تا چاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە و، سەرفرازی قیامەت ئاواتیانە).

وەرن دۆستان با بەیەکەوە بچینە نێو باخ و گوڵستانی ژیانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ و، بەوپەڕی ئەدەب و ویقارەوە لە خزمەتیدا ڕوونیشین، ڕوخسەتی لێ بخوازین (ئەگەرچی شایستەش نەبین، وەلێ بەحوکمی ئەوەی کە ئەو ﷺ شا مەردی مەیدانی وەفا و گەورەیی و میهرەبانییە)، تۆزێك لێی نزیك ببینەوە تا کەمێك زیاتر ئەو زاتە پیرۆز و مەزن و باڵا و بەقەدر و قیمەتە و، ئەو تاقە دوڕ و گەوهەری بوونە بە جوانتر و شایستەتر بناسین، تاوەکو ئەگەر تۆزێکیش بێت لە ڕەوشت و ئاکارە بەرز و پیرۆزەکانی شارەزاتر بین، ئەو زاتە پیرۆزەی کە ژیانی دونیا و دوارۆژیشی لەپێناو ڕزگارکردنی ژیانی ئێمە و هاوەڵان و تەنانەت سەرجەم مرۆڤایەتی تەرخانکردووە، ئینجا هەندێکیش دڵ و دەروونمان ئاوپرژێن بکەین بە بەحری نوور و میهرەبانی و لوتفە بێ پایانەکەی، دواتریش تەڵەبی مەدەدی ئیلاهیی لەخزمەتیدا بخوازین بۆ بوون بەخزمەتکاری بەر دەرگانەکەی، لەکۆتاییشدا سوپاسی بێ کۆتایی بکەین

بۆ هەموو دڵۆپە فرمێسکێك کە لەبەر خاتری ئێمە بەسەر گۆنای مانگ ئاسایدا ڕشتوویەتی، وە هەوڵدەین ئەگەر کەمێکیش بێ شایستەی هەموو ئەو ئێش و ئازارەی بین کە چەشتوویەتی لەپێناو گەشتنمان بە ئاسوودەیی و بەختەوەریوونی هەتاهەتایی لە دونیا و دوڕۆژدا و، عەرزی بکەین سڵاوت لێبێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

بسام محمود
١٤ ی ڕەمەزانی ١٤٤١
٧ ی ئایاری ٢٠٢٠

بەخشندەیی پێغەمبەری خوا ﷺ

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هەرچەند بەندە یەقینی هەبێ بە بەخششی خوا، دەستی بەخشندەتر و بەخششی فراوانتر دەبێ بەسەر دەوروبەریدا، جەنابیشت ئەی موحەممەدی سەروەرم، خاوەنی گەورەترین یەقینی بە بەخششی پەروەردەگارت، بۆیە جەنابت خاوەنی بەخشندەترین دەست بووی بەسەر هەموو ئەوانەی دەوروبەرت.
بە جۆرێك كە هاوەڵانت بەخشندەییەكەتیان بە بایەكی هەڵكردوو چووانداووە، كە دەبێتە خێر و بەرەكەت بۆ هەموو لایەنەكانی ژیانی دونیا، بەڵكو دوای ئەوە وتوویانە كە لە بای هەڵكردووش بەخشندەتر بووی، چونكە بەخشندەیی تۆ بۆ ئێمە تەنها بۆ دونیا نییە بەڵكو بۆ دونیا و دواڕۆژە.
جا ئەو كات فێرتكردم كە بەخششی من وەكو با وابێت، كە هەمووان بگرێتەوە و جیاوازی لە نێوان دوور و نزیكدا نەكات.
بەشی جەنابت لە غەزوەی حونەین بریتی بوو لە كۆمەڵێك مەڕ و وشتر كە بە قەد یەك دۆڵ دەبوون، كە دەكاتە ملیۆنەها سەروەت و سامانی ئێستا، جا كابرایەك دێت كە تەنانەت ئێمەش ناوی نازانین و بەسەر سووڕمانەوە سەیری ئەو سەروەت و سامانە گەورەیەت دەكات، جەنابت بەوپەڕی سادەییەوە لێی دەپرسی: «بە دڵتە؟»، ئەویش پێت دەڵێ: «بەڵێ زۆر»، جەنابیشت بە بێ دوودڵی پێی دەفەرموویی: «ئەمانە بۆ تۆ»، هەر ئاوا زۆر بە سادەیی، ئەویش دەیبات و خەریكە باوەڕناكات كە بردوویەتی.
ئیتر لە جەنابتەوە فێربووم كە چۆن دونیا لەدڵم دەربهێنم،

بەڵکو با ئەوەشت پێ بڵێم ئەی موحەممەدی سەروەرمان کە تەنانەت ئەگەر لە دەستیشتدا نەبووایە، شتێکت بۆیان بە جێ هێشتووە بۆ ئەوەی دڵەکانیان بە جەنابتەوە پەیوەست بێ و بەهۆی جەنابتەوە پەروەردەگاریان خۆشبوێ و هیدایەت بدرێن.

سەیر ئەوەیە کاتێک کەسێکی هەژار لە هاوەڵانت هاتە لات و بەخششی لە جەنابت داواکرد، ئینجا کە جەنابت لە مااڵەکانتدا بە دوای شتێکدا گەڕای بۆ ئەوەی پێی بدەی و نەتدەدۆزییە، هەرگیز جێت نەهێشت کە ئاوا بڕوات، پێت فەرموو: «بڕۆ بۆ بازاڕ، شت بکڕە و بڵێ لەسەر موحەممەد حسابی بکات».

ئەوکات زانیم کە سەروەرمان موحەممەدی بەخشندە کەسی هەژار بەڕێ ناکات تا دڵی بە شتێك خۆش نەکات، بۆیە دڵنیام تۆش دڵخۆش دەبی ئەگەر منیش وەك جەنابت بکەم.

ئینجا ڕوبەییەعی کچی موعەوویزی دراوسێت دێت و قاپێکت بۆ دێنێ کە هەندێك سەوزەی تێدابوو وەك عادەتی دراوسێیەتی، بەاڵم تۆ وەك هیچ دراوسێیەك نیت، سەری سوڕما کاتێك جەنابت قاپێکی پڕ لە زێڕت بۆی ناردەوە.

ئیدی فێرتکردم کە چۆن کەسی بەرامبەرم تووشی سەسوڕمان بکەم بە بەخشندەییم وە، ئەگەر ببەخشم، شتێکی جوانە کە ئەو کەسە دەوڵەمەند بکەم کە پێی دەبەخشم ئەگەر لە توانامدا هەبوو.

ئەو پەڕی بەخشندەییت ئەو کاتەیە کە بە بەخشندەیی ڕەوشتەکەتەوە دەگەڕێیەوە بۆ مەککەی شارەکەت، دوای ئەوەی کۆچی ناچاریان پێکردی و چاویان لەوەبوو کە بتکوژن، بە لەشکرە گەورەکەتەوە گەڕایەوە، جا لە

کاتێکدا کە هەموویان دڵەڕاوکێیان بوو لە مانەوە، بەڵام دەزانن کە جەنابت کەعبەی پیرۆزت لەلا زۆر گەورە و بە قەدرە، دەچنە نێو کەعبە و لەوێ خۆیان لە تۆ دەپارێزن وە، جەنابیشت دەوەستی و لێیان دەپرسی: «چاوەڕێ دەکەن چیتان لێ بکەم؟»، جا ئەوانیش چاوەڕێی موژدەن و دەڵێن کە جەنابت بەخشندەی کوڕی بەخشندەی، ئینجا تۆش ئەی خاوەنی ڕەوشتە بەرزەکان، ئەی پێغەمبەری خوا پێیان دەفەرموویی: «من چۆن گومانتان پێ بردم ئاوا دەبم، بڕۆن ئیدی ئێوە ئازادن».

لێرەدا بە نرخترین وانەت فێرکردم، کە لە مامەڵەکردنم لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەرم کەس نائومێد نەکەم لە گومان بردن بە من بە پێی توانا ئەگەر چاوەڕێی بەخشندەیی بوون لەمن.

پەیامەکەت گەیشت ئەی پێغەمبەری خوا، پەیمانت پێدەدەم کە ئەرك بکێشم لە بەخشندەیی بەسەر دەوروبەرمدا بە پێی توانام و، بەخیل و چرووك نەبم بەسەریاندا، نە بە کات، نە بە سەروەت و سامان، نە بە پلە و پایە، بۆ ئەوەی خۆم بە تۆ بچوێنم و لەگەڵ جەنابتدا حەشر بکرێم.

سادەیی پێغەمبەری خوا ﷺ

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
گەورەترین دیمەنی سەرسوڕهێنەر، دیمەنی مرۆڤێکی گەورەی ئاسایی سادەیە، کاتێکیش باسی مرۆڤێکی گەورەی سادە دەکەین ئەوا تۆی ئەی موحەممەدی سەروەرمان، سەروەری پێغەمبەران و پێشەوایان، خۆشەویستترین بەدیهێنەری خوا لەلای خۆی، خاوەنی شەفاعەتە گەورەکە، ئەی ئەو کەسەی کە دەرگاکانی هیدایەتی کردەوە لە دونیا و دەرگاکانی بەهەشتیش لە دواڕۆژدا، لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانتدا ئەوانەی دەوروبەرت هەستیان کردووە کە تۆ یەکێکی لەوان، بە جۆرێك کە هاوەڵانت بڵێن: «لەوەتەی موسڵمان بووم هەرگیز پێغەمبەری خوام نەدیوە مەگەر بە زەردەخەنەوە نەبێ» وە، یەکێکی تر دەڵێ: «هەرکات لەگەڵ موحەممەدی سەروەرمان دانیشتووم، هەستم کردووە کە من خۆشەویستترین کەسم لەلای».
ئەو کات فێرتکردم کە هەر چەند پەروەردەگارم پلە و پایەم بەرزبکات پێویستە ڕووخۆش و دڵسۆزبم لەگەڵ بەرامبەرەکەم.
بە دایە عائیشەی هاوسەرت دەفەرمووی: «من دەزانم جیاوازی بکەم کە تۆ کاتێك لەمن تورەی دەڵێی: (نەخێر، سوێند بە پەروەردەگاری ئیبڕاهیم) وە، ئەگەریش لێم ڕازی بیت پێم دەڵێی: (نەخێر، سوێند بە پەروەردەگاری موحەممەد)».
سەرەڕای ئەوەی کە تۆ پارێزراوی لە هەڵە و، هەر ئەو بوو کە تۆی بێزار دەکرد، بەڵام فێرتکردم کە کەسی سادە لەگەڵ خۆشەویستانی ئەو جیاوازییە ناکات کە کێ هەڵەیە، هەمیشە دڵتەنگبوونی خۆشەویستەکەی لەلا ناخۆشە.

کاتێك ئەو ئەعرابییەی کە لەسەر دەستی تۆ فێرنەبووە دێتە ناو مزگەوت، بەشێوەیەکی ناشایستە بانگی تۆ دەکات و هاوار دەکات: «ئەی موحەممەد!»، هاوەڵانت پێی دەفەرموون: «دەنگت نزمکە، تۆ لە خزمەت پێغەمبەری خوایت»، ئینجا هاوەڵانت سەرسام دەبن بەوە کاتێك تۆ لە دوورەوە وەڵام دەدەیەوە و دەفەرموویت «فەرمانبکە لە خزمەتتدام!»، بەوە هەموان دەزانن کە تۆ بێزار نەبووی، بەڵام ئەو جوڵەی نەکرد لەناوەڕاستی خەڵك چونکە ئەو کەسێکی بیانییە لە خەڵکی مەدینە.

ئەو کات فێرتکردم کە یەکێك لە بنەماکانی سادەیی ئەوەیە کە ئارامگربی لەسەر هەڵەی ئەو کەسەی فێرنەکراوە یاخود ئەو کەسەی گوێ نادات بەشتێکی لەو جۆرە.

کاتێکیش پیاوێکی هەژار و دەست کورت کە مااڵی لە تۆوە دووەرە، داوەتت دەکات بۆ مەرەگەیەك و خواردنێکی سادە، تۆ مااڵ و حاڵی خۆتی بۆ بەجێ دەهێڵی و دەڕۆیە ئەو شوێنە دوورە بۆ ئەوەی دڵنەوایی بدەی، بۆ ئەوەی فێرم بکەی کە جوانی لە داوەتکردن بە گەورەیی خواردن نییە، بەڵکو بە نەفسێکی پاك و ڕووخۆش و سادەیە.

ئەو کاتەشی منداڵێك، کە هەر لە خانەوادەکەی تۆشەوە نییە دێتە الت و توند دەستت دەگرێ لەو کاتەی لەگەڵ هاوەڵانت دانیشتووی وەك ئەوەی پێت بڵێ: «حەز دەکەم پێغەمبەری باوکم لەگەڵمدا بێت و شتێك بکڕین لە دوور و خەڵك بمبینێ کە لەگەڵیدا دەڕۆم ودەستی گرتووم»، تۆ لەگەڵیدا دەڕۆی و دەستی بەرنادەی تا ئەو کاتەی تەواو دەبێ.

موحەممەدی سەروەرمان فێرتکردم کە کەسی سادە ڕێزی حەز و ئارەزووی منداڵ و هەستە ناسکەکانی دەگرێت.

پەیمانت پێدەدەم ئەی موحەممەدی سەروەرمان کە هەرچەند پەروەردەگارمان دەرووی خێرم لێ بکاتەوە و پلەم بەرزبکاتەوە، هەوڵبدەم بەندەیەکی سادە بم، کە جگە لە فەزڵ و نیعمەتی پەروەردەگارمان نەبێت هیچی تر نابینێ وە، هەرگیز بە خۆبەزلزانینەکەم دڵی هیچ کەس نەشکێنم کە هیوای پێم هەیە.

ڕازیبوونی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پەروەردەگاری خۆی

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هیچ ناخۆشییەك نییە کە هەر تاکێك لە ئوممەتەکەی تۆ تێیدا تێپەڕبووبێ مەگەر نموونەیەکی چاکی تۆی تێدا نەبووبێ، چونکە هیچ تاقیکردنەوەیەك نییە کە زۆربەیان بەسەر تۆدا نەهاتبن، تۆ تێیدا گەورەترین نموونە بووی لەسەر ئارامگرتن و سوپاسگوزاری و ڕازیبوونت لە پەروەردەگارت، بۆ ئەوەی هەرکاتێك یەکێك لە ئێمە تاقیبکرێتەوە و ئارام بگرێ، بەشێك لە میراتی پێغەمبەرایەتی لە ئارامگرتن و ڕازیبوون لە پەروەردەگارمان لە تۆوە بەدەستبێنێ.
کاتێك ئەو زاتە بەڕێزەی تۆیان بە درۆزن و شێت تۆمەتبارکرد سەرەڕای یەقینیان بە شکۆمەندی ڕەوشتت و ڕاستگۆیی قسەکانت، تۆ گوێت پێی نەدا و بانگەوازەکەی خۆت درێژەپێدا و، بە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی پەروەردەگارتەوە سەرقاڵبووی و خەفەتت لێیان نە دەخوارد بەڵکو خەفەتت بۆیانت دەخوارد.
ئەوکات فێرتکردم کە ئەگەر خاوەن پەیامێك بم، پڕ نەدەمە شەڕی دەمەقاڵێ کە «کێ وای گوت و کێ وا دەڵێ»، بەڵکو گرنگی بە جێبەجێکردنی پەیامەکەم بدەم بە بێ ئاوڕدانەوە بۆ چەوساندنەوەیەکی تایبەتی، یاخود هەردەم پارێزگاری کردن لەخۆ.
وە لە گەشتی بانگەوازەکەتدا بۆ بەجێگەیاندنی پەیامەکەی پەروەردەگارت خۆشەویستترین کەسەکانت لە دەستدا، هەر لە یەکەم کەسەوە گەورەمان مامت حەمزە تا دەگەینە هاوەڵانی ژیانت، خەمت بۆیان دەخوارد چونکە تۆش مرۆڤی، بەڵام لە ژیانتدا تێکنەشکێنرای و

بێزاریش نەبووی لە هەوڵدان، هەردەم لە بەرزترین پلەکانی خۆ بەدەستدانەوەدا بووی تا ئەو کاتەی پەروەردەگارت سەرکەوتنێکی ئاشکرای پێ بەخشی.

ئەی موحەممەدی سەروەرمان ئەوەت لە دڵمدا چاند کە خاوەنی هیوایە گەورەکان و پەیامە شکۆمەندەکان، لەوانەیە دونیا بە شتی بە نرخ و هەرزانەوە بکەنە قوربانی لەپێناو پەیامەکەیان و دڵ و دەروونیشیان ئاسوودە بێ.

ئینجا لە پێش دەرگاکانی مەککەدا زۆر گریای ئەی موحەممەدی سەروەرمان وە، ئەگەر لەبەر ڕەفتارە ناشرینەکانی قوڕەیش نەبووایە حەزت نەدەکرد شارەکەت بەجێ بهێڵی، بەڵام تۆ کۆچتکرد و ئارامتگرت بۆ ئەوەی خۆت و بانگەوازەکەت بەهێز بکەی و دیسان بگەڕێیەوە لایان، بۆیە بەهۆیەوە خەڵکانێکی زۆرت لە ئێمە فێری ئارامگرتن لەسەر ناخۆشییەکانی غەریبی کرد، بەڵام شارەکەم هەر شارەکەمە، خۆشەویستییەکەی هەرگیز لە دڵم هەڵناگیرێ و خێر و چاکەم هەردەم بۆی دەگەڕێتەوە.

ئەی موحەممەدی سەروەرمان کێ لە ئێمە وەك تۆ ئارام دەگرێ لە دونیادا لەسەر مردنی شەش منداڵ لە کۆی حەوت دانەیان، لەکاتێکدا تۆ ئەمەت بەسەرهات، بە دەستی خۆت ئەوانت ناشت، دڵت خەمگین بوو، چاوەکانیشت فرمێسکیان لێهات، بەڵام تۆ لە پەروەردەگارت ڕازی بووی چونکە دەتزانی کە ئەو لە هەموو خەڵك زیاتر دڵسۆزە بۆیان، جا بۆ هەموومان نموونە بووی لە هێمنی و ئارامگرتن لەکاتی لەدەستدانی هەرکەسێك.

لە گەشتی بانگەوازەکەتدا دووژمنەکانت ئازاری جەستەیاندای، لە طائیف دەست و پێیە پیرۆزەکانت، لە

ئوحد یش خوێن بەبێ ڕاوەستان لە دەم و چاوە ڕووناکەکەت دەهاتە خوارەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە تۆ تۆڵەی خۆتت نەکردەوە.

لێرەدا پەیامەکەت بۆ من زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، تێگەیشتم لەوەی کە هەر چەند دەوروبەرم بە ڕوومدا بگۆڕێن و بەبێ بنەما مامەڵەم لەگەڵ بکەن، ئەوا پێویستە لەسەر ئەم تاقیکردنەوانەدا ئارامگربم، هەروەها ڕەوشت و بنەماکانم لە دەست نەدەم و، نەهێڵم ئازاردانی خەڵکی بۆ من گۆڕانکاریم بەسەردا بهێنن و دڵڕەقم بکەن.

چەندین کەسی تێنەگەیشتوو هەبوون، کە بەبێ ڕەوشتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردی، ئەو دەیگوت: «من سەروەت و سامانم لێت دەوێ خۆ مااڵی دایك و باوکت نییە!»، یەکێکی تر پێی دەگوتی: «لە خوا بترسە و بەخششەکان بە ڕاستگۆیی دابەشبکەا»، یەکێکی تریش دەی گوت: «ئەوەندە هێنان و بردنە بەسە و ئەو قەرزانە بدەوە کە لەسەرتە» (لە کاتێکدا درۆزنە و درۆ دەکات)، بەاڵم تۆ ئارامگربووی لەسەر ئازاردانی ئەو خەڵکە بۆت، سەرقاڵبووی بە مەقامی پێغەمبەرایەتیتەوە، بە فێرکردنیان زیاتر لە دڵڕەقیەکەیان.

بۆیە زۆر بە ڕوونی فێرتکردم کە ڕەوشتی کەسانی دەوروبەرم لەوانەیە فیتنە بێت بۆ من، چونکە هەموو کەسەکان وەکو تۆ ڕێك و پێك نابن، ئینجا هەموو خراپەیەك بە خراپە وەاڵم نەدەمەوە، چونکە بەم شێوەیە خراپەکارییەکان کۆتا نایێن.

هیوام وایە وەك تۆ ئارامگربم لەسەر ناخۆشییەکانی ژیان ئەی موحەممەدی سەروەرم، لە هەموو ئاستەنگێکدا بە تێکۆشان و ئارامگرتن و ڕازی بوون، ڕووبەڕوویان ببمەوە هەروەك چۆن جەنابت دەتکرد، بۆ ئەوەی بە پارێزگاریکردن

لە ڕەوشت و دڵم لەم دونیایەدا بێمە دەرەوە تا کاتێک چاوم بە جەنابت دەکەوێ لێم ڕازی بی.

بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی ئێجگار بەرز و گەورەیت

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
چیرۆکی زۆرێک لە گەورە زانایانی جیهانم خوێندەوە، چاوم بە هەندێک کەسایەتی کەوت کە لە بەناوبانگترین زانکۆیەکان فێری ئەدەب و ڕەوشت ببوون، بەڵام کەسێکم نەبینی وەک تۆ جوان و ڕێکوپێک بێ ئەی موحەممەدی سەروەرمان.
هەموو وردەکارییەکت لە وردەکارییەکانی ژیانت بەو پەڕی لێهاتووی و چالاکییەوە ئەنجامدەدا، هەر لە یەکەم شتەوە کە بریتی بوو لە گرینگیدان بە سەروسیمات بەرامبەر خوا و خەڵک تاوەکو جوانی قسەکردنت لەگەڵ پادشایەکانی جیهان.
هەستێکی زۆر خۆش بوو کاتێک زانیم کە پرچە درێژەکەتت شانە دەکرد، ئینجا لە ناوەڕاستی پرچەکەتەوە بۆنت لێدەدا و، بە ئەوانەی دەوروبەرت دەفەرموو: «هەر کەسێک پرچی هەبوو با ڕێزی لێبنێ»، کاتێکیش ڕێت دەکرد، خەڵکی دەیانزانی کە تۆ لێرەوە ڕۆشتووی بەهۆی بۆنە خۆشەکەتەوە.
ئەوکات فێرتکردم کە خوا جوانە و جوان وقەشەنگیی خۆشدەوێ، هەروەها کە گرینگیدانم بە پاک و خاوێنی و سەروسیمام عیبادەتێکی خۆشەویستە لەلای خوای پەروەردگار.
تەنانەت هاوەڵانت دەیان گوت کە جوانترین پێکەنین کە دیتبێتیان پێکەنینی تۆ بووە، بە جۆرێک بوو، کاتێک کە پێدەکەنیت ددانە پیرۆزەکانت نورێکی بریقەداریان لێ دەردەپەڕی و بریقەکەی لە دیوارەوە بەدیار دەکەوت،

لەگەڵیاندا گاڵتەت دەکرد و دڵی کەسێکت لەوان نەدەڕەنجاند وە، لە گاڵتەکانتدا جگە لە ڕاستی هیچی ترت نەدەگوت.

جا فێرتکردم کە چۆن جوان و نایاب بم لە پێکەنینەکەمدا، جوان و ڕیک و پێك بم لە گاڵتەکردنمدا، سادە لە دانیشتنمدا، چونکە بەم شێوەیە سیفەتەکەی خوا لە ڕەوشتمدا دەهێنمە جێ کە سۆز و لوتف و بەخشندەییە.

کاتێك سڵاوت لە کەسێك دەکرد، بە جۆرێك سڵاوت دەکرد کە سەیری چاوەکانی بکەی وە، بە هەموو جەستەتەوە لە پێشی ڕادەوەستای، کە ئەمە مانای ئەو پەڕی گرینگیدان دەگەیێنێت، ئەگەریش ئاماژەت بۆ کەسێك کردبا، بە دەستت ئاماژەت بۆی دەکرد نەك بە پەنجەت، کە ئەمەش مانای ڕێز و ستایش دەگەیێنێت، هەروەها ئەگەر گفتوگۆت لەگەڵ کەسێك کردبا بە خۆشەویستترین نازناوەکانی بانگت دەکرد، کە ئەمەش مانای گەورەکردن و ڕێزلێنانە لە پلە و پایە.

بەم شێوەیە لەو فەرموودەیەت تێگەیشتم کە دەربارەی خۆتت فەرموو: «پەروەردەگارم فێرە ڕەوشتی کردووم، بۆیە بە چاکترین و جوانترین شێوە فێرکراوم»، هەروەها فێرتکردم کە چۆن ڕێز لە خەڵکی بگرم و گرینگیان پێبدەم کە ئەمە سوننەتێکە ئەگەر بیکەم، دڵخۆشت دەکات و بەهۆیەوە لێم ڕازی دەبی.

دەستەکانی خۆت دەشوشت لە پێش و دوای نانخواردنەوە وە، وەسیەتی هاوەڵانیشت دەکرد کە ئەوە بکەن چونکە بەم شێوەیە خواردنەکە بەرەکەتدار دەبێ، ئینجا لە بەردەمتەوە و تەنها بە سێ پەنجە دەستت بە خواردن دەکرد بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی لەگەڵتن بەشی خۆیان پێ بگات

لە خواردنەکە، دواتر بە کەسی بەرامبەرت دەفەرموو کە لەپێش تۆوە دەست بە خواردنەکە بکات و خۆت خزمەتت دەکرد، تا هەست بکات کە تۆ چەندە دڵخۆشی بە سەردانی کردنی بۆ تۆ.

جوان و نایابییت لە هەموو شتێکەوە فێرکردم، هەروەها فێرتکردم کە ڕێزلێنان لە میوان لە ڕەوشتە بەرزەکانی پیاوە.

کاتێکیش نامەت بۆ پادشاکانی جیهان دەنارد کە تێیاندا بوو دژایەتیان دەکردی، پێیانت دەفەرموو: «لە موحەممەدی کوڕی عبداللە ـەوە بۆ قەیسەر، گەورەی ڕووم» یان «بۆ کیسرا، گەورەی فارس» یانیش «بۆ موقەوقیس، گەورەی میسر»، ئای لەو خۆشییە! بۆ وشەی «گەورە» کە لە زارە پیرۆزەکەتەوە دەردەچوو.

بۆ ئەوەی من و هەموو دونیا فێربکەی کە لەوانەیە کەسێك جیاوازبێ لەتۆ لەڕووی عەقیدە و بیروباوەڕەوە، بەڵکو لەوانەیە دژایەتیشت بکات، بەڵام ئەمە نابێ ببێتە ڕێگر لەوەی کەسی شیاو لە جێگەی شیاو دابنێی ئەی خاوەنی جوانی و ڕەوشتی بەرز و گەورە.

پەیمانت پێدەدەم ئەی موحەممەدی سەروەرمان، ئەی سەروەری هەمووان و ئەی ڕێکوپێکترین کەس کە ناسیبێتم، پەیمان دەدەم کە پێشبکەوم لە مامەڵەکردنم لەگەڵ خەڵك، هەروەها کە هەردەم ڕێزلێنان پێش هەموو شتێك بخەم و کەسی شیاو لە جێگای خۆی دابنێم، چونکە بەم شێوەیە کاتێك کار و کردەوەکانم پیشانت دەدرێن، دەبینی کە هەوڵمداوە لەچاو تۆ بکەمەوە تا منت خۆش بووێ و لێم ڕازی بی.

ئایا بەندەیەکی سوپاسگوزار نەبم؟

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا

پەیوەندیت لەگەڵ خوای پەروەردەگار، نایابترین نموونەی جوانی و ڕێکی پەیوەندی لەگەڵ خوای گەورە بوو، پەیوەندییەك کە خۆشەویستی و هەیبەت و ڕازیبوون و بەردەوامی ئامادەبوونت لەگەڵ پەروەردەگارە خۆشەویستەکەت دەستی بەسەرداگرتبوو، ئینجا لەبەر ئەوەی تۆ پێغەمبەرێکی بەخشندەی، نەچوویەوە لای پەروەردەگارمان تا وەکو هەموو واتا جوانەکانت بۆ ئوممەتەکەت بەجێهێشت.

سەرەڕای ئەوەی کە دڵت دەفری پەیام و سرووشە پیرۆزەکە بوو کە بریتی بوون لە قورئان و سوننەت وە، لە زارتەوە جوانترین ئایاتەکان دەدەرچوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەچووی داوات لە هاوەڵانت دەکرد کە قورئان بەسەر تۆدا بخوێننەوە، جا یەکێك لەوانە پێی گوتی: «چۆن قورئان بەسەر تۆدا بخوێنمەوە لەکاتێکدا بۆ تۆ دابەزیوە؟»، تۆش پێت فەرموو: «بیخوێنەوە بەسەرمدا، چونکە من حەزدەکەم لە کەسێکی ترەوە جگە لە خۆم گوێم لێی بێ»، بۆیە بەسەریدا خوێندییەوە و دەستت کرد بە گریان لە خشوعتەوە بۆ پەروەردگارت.

فێرتکردم کە پەیامی پەروەردەگارەکەمم خۆشبووێ و چاوەکانم شادبکەم بە قورئان، هەروەها لە کەسێکی تر گوێی بۆ ڕابگرم و هەرگیز تێرنەبم لە پەیامی پەروەردەگارمان.

سەرەڕای زانینت بە بەرزی و پیرۆزی پلە و پێگەکەت وە، سەرەڕای بەرزبوونەوەت لە ڕۆژی میعڕاجدا بۆ سەر شوێنی گەورەمان جبریل، ئەو شوێنەی کە هیچ بەدهێنراوێك پێی

نەگەشتووە وە، سەرەڕای ئەوەی کە تۆ سەروەری هەموو گەردوونی بەبێ ڕکابەری، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێک بەرامبەر پەروەردەگارمان دادەنیشتی، زیاتر لە حەفتا جار داوای لێخۆشبوونت لە پەروەردەگارمان دەکرد، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو تۆ بە شەو شەونوێژت دەکرد تا ئەو کاتەی پێیە پیرۆزەکانت ماندوو و شەکەت دەبوون، ئینجا لێت دەپرسن: «ئەمە هەمووی لە پایەی چی لە کاتێکدا خوا لە گوناهەکانی پێش و پاشیشت خۆشبووە؟»، تۆش بە دڵی بەندەیەکی سادەوە وەڵام دەدەیەوە و دەفەرموویی: «مەگەر نابێ بەندەیەکی سوپاسگوزار بم؟».

ئەوەت تێگەیاندم کە هەرچەند پەروەردەگارم بە سۆز و نەرمونیان بێت بۆم و سەرم بخات بۆ کاری چاکە و بەڵگەکانی ڕازی بوونی لەمنی بۆ ناردم، دەبێت من هەر بەندەیەك بم کە تامەزرۆی سەیرکردنێکی ڕازیبوون بم لە گەورەکەمەوە و داوا بکەم کە لە کەموکورتییەکانم خۆش بێ هەرچەند بچووکیش بن.

ئینجا لەکاتی پێشنوێژیشدا نوێژێکی سووکت بە خەڵکەکە دەکرد ئەی موحەممەدی سەروەرمان، چونکە ڕەچاوەی کاروبار و بەرژەوەندییەکانیانت دەکرد، بەڵام کاتێك بە تەنها دەمایەوە لەگەڵ پەروەردگارت، لەبەر چێژبینینت لە حزوور و بوونت لەگەڵ خوای گەورە، لەکاتی نوێژکردندا سورەتە درێژەکانت دەخوێندەوە وەك (البقرة و آل عمران و النساء و المائدة)، لە هەموو ئایەتێك کە باسی بەهەشت دەکرا، دەوەستای و داوای بەهەشتت لە پەروەردەگارت دەکرد، لە هەموو ئایەتێکیش کە باسی سزای تێدا کرابا پەنات بەخوا دەگرت لە ئاگری دۆزەخ، هەرچەندەش کە تۆ بە دەستەکانی خۆت دەرگاکانی بەهەشت دەکەیەوە و خەڵکانێك لەبەر خاتری تۆ لە دۆزەخ

دەردەهێنرێن، بەڵام ئەمە چێژوەرگرتنی تۆ بوو بەرامبەر پەروەردەگارت لەکاتی نوێژدا.
جا فێرتکردم کە ئومێدەواربم بەوەی منیش نوێژم خۆشبووێ و ئاوات بکەم کە منیش چێژوەرگرتنم وەك چێژوەرگرتنی تۆ وابێ لەکاتی نوێژدا.
کاتێکیش دایە عائیشە لە نیوەی شەودا بە خەبەر دێت و بە دواتدا دەگەڕێ و تۆ نادۆزێتەوە، بە دەست بە دواتدا دەگەڕێ، دەبینی کە تۆ لە سوجدەدای، لەبەر ملکەچی و خشوع دەگرییی و ڕیشت، دواتر سینەت ئینجا زەویت هەمووی تەڕ کردووە لەبەر فرمێسکی تامەزرۆییت بۆ دیداری پەروەردەگارمان، لە سوجدەدای و پێی دەفەرموویی: «من نازانم چۆن سوپاست بکەم، پاك و بێگەردی بۆ تۆ، نازانم چۆن وەك خۆت ستایشی خۆت کردووە ستایشت بکەم».
ئەوەت فێرکردم کە هەرچەندە سوپاسگوزاری پەروەردەگاربم، هێشتان ناتوانم تەنانەت پاداشتی یەك نیعمەتیشی بدەمەوە کە بە فەزڵ و گەورەیی خۆی لەگەڵی کردووم.
ڕازیبوونێکی بێ پایان هەبوو لەنێوان تۆ و پەروەردگارمان ئەی موحەممەدی سەروەرمان، کاتێك بەیانیان هەڵدەستای لە خەو و بە تەما بووی نانی بەیانی بخۆی، هاوسەرەکەت پێتی دەگوت کە «یەك پاروە نان نییە ببخۆین»، ئیدی تۆش نییەتی بەڕۆژووبوونت دەهێنا وەك سوپاسگوزارییەك و ڕازیبوونێك بە هەڵبژاردنەکانی خوای پەروەردگار.
فێرتکردم کە سوپاسی پەروەردەگارمان بکەم کە من هێشتان لە ژیاندام و سەلامەتم و داپۆشراوم، هەروەها کە هەناسەدانم خۆی و نیعمەتەکانیم بهێنێتەوە یاد.
کاتێکیش لە ڕۆژی کۆچی دوایی ئیبراهیمی ڕۆڵەت

ڕۆژگیران ڕوودەدات، خەڵکی سەرسام دەبن و دەڵێن: «گەردوون هەمووی خەمبارە بۆ کۆچی دوایی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر»، هەرچەندە ئەم قسانە پلە و پایەت زۆر گەورەتر دەکەن، بەڵام تۆ وەک هەمیشە دڵی بەندەکان بەرەو پەروەردەگایانەوە وەردەگێڕی و دەفەرمووی: «نەخێر، خۆر لەبەر مردنی ئیبراهیم نەگیراوە، ئەمە بەڵگە و نیشانەیەکە لە بەڵگە و نیشانەکانی خوا، جا بۆیە دڵەکانتان وەرگێڕنەوە بۆ لای پەروردەگارمان و لە مەبەستی خوا و بەڵگە و نیشانەکانی تێبفکرن».

فێرتکردم کە ڕێنمایی خەڵک بکەم بۆلای پەروەردەگارم وە، بانگەوازەکەم نەبێتە هۆکارێک بۆ بەرزکردنەوەی پلە و پایەم.

ئەو کاتەشی بێباوەڕێک دێتە خزمەتت و لە پێش هاوەڵ و قوتابییەکانت پرسیارت لێدەکا دەربارەی شتە غەیب وپەنهانەکان، جەنابت بێدەنگ دەبی، چاوەڕێی وەڵام دەبی لە پەروەردگارتەوە تا بۆت دادەبەزێ، تەنانەت ئەگەر سرووش و وحی بۆ چەندین ڕۆژ و هەفتەش دوا کەوتبا هەر بێ دەنگ دەمای، تەنها لەبەر ڕێزگرتنت لە پەروەردگارت کە باس لە زانست و زانیارییەکانی خوا نەکەیت مەگەر بە مۆڵەتی ئەو نەبێت.

بەم شێوەیە تێگەیشتم کە یەکێک لە شێوازەکان بۆ بەرزڕاگرتنی گەورەیی و شکۆمەندی خوای گەورە لەلای خۆم ئەوەیە کە قسە لە هیچ بابەتێک نەکەم مەگەر ئەوە نەبێت کە دەیزانم، چونکە بەڕاستی پەروەردەگارم حەزی لێیە کە من بڵێم: «خوا بێ ئەندازە زاناترە لە من».

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان بۆ پەیوەندییەک لەگەڵ خوا، بەهۆیەوە فێرتکردم کە بونیادنراوە لەسەر خۆشەویستی و ڕێزلێنان لە پەروەردەگارمان، هەروەها هیوا

بوون بە گەورەیی و فراوانی لێخۆشبوون و ڕەحم و بەزەیی ئەو وە، متمانە بوون بەوەی کە جگە لەو کەسی ترم نییە کە بەزەیی پێم بێتەوە و سەرپەرشتی کارەکانم بکات.

پێغەمبەر ﷺ چاکترین مێردە کە مرۆڤایەتی ناسیبێتی

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هەموو مرۆڤایەتی مێردێکی قسە خۆش و بە پەرۆش و وەفاداری وەك تۆی نەبینیوە بۆ هاوسەرەکانی.
دوای وەفاتی دایە خەدیجە، ڕێز لە هاوڕێیەکانی دەنێی و دەستت فراوان دەکەی لە بەخشش بەسەریاندا، خەڵکیش پێت دەڵێن: «تۆ هێشتان ئەوت لەیادە دوای ئەوەی بەسااڵچوو و مرد، ئینجا پەروەردەگارمان هاوسەری باشتری لەوی پێ قسمەت کردی؟»، جەنابیشت بەرگری لێدەکەی و سوێند دەخۆی کە باشترت لە ئەو نەبینیووە و فەرمووت: «ئەو منی بە ڕاستگۆ زانی و خەڵکی بە درۆیانخستم و، دەستی فراوان بوو لە ماڵ و سامان بەخشین بەسەرمدا کاتێك بێ باوەڕان بێ بەشیان کردم و گەمارۆیاندام».
فێرتکردم کە هەردەم بە سۆز و وەفادار بم بۆ هاوسەرەکەم و فەزڵ و بەخششەکەیم بە سەرمدا لەیاد نەچێ و لە دوایەوە هیچ قسەیەك نەکەم مەگەر قسەی خێر و چاکە نەبێت.
عائیشەی هاوسەرت ستایشی دەکردی و دەیگوت: «لە ژیانیدا لە من و لە کەسی تریشی نەداوە، نە منی ڕیسوا کردووە، نە کەسی تریشی ڕیسوا کردووە»، بۆیە لەو تووڕەییە بەردەوامەی ماڵەوەم بە ئاگات هێنام وە، فێرتکردم کە لە پێشترین کەس بۆ ئارام گرتن و بەرگەگرتنی من هاوسەرەکەمە کە کەسی تری نییە جگە لە من.
لە بەیانییەکدا دەڕۆیە ڵای دایە مەیمونەی هاوسەرت، دەبینی کە دەمێکی زۆرە تەسبیحات دەکات لە بەرەبەیانەوە تا خۆر هەڵاتن، تەسبیحاتەکان بە بەردی بچووك دەژمێرێت،

جا تۆش پێی دەفەرموویو: شتێکی لەوە باشترت پێ دەڵێم تۆش لە دوامەوە بیڵێ: «(سُبحَانَ اللهِ وَبِحَمدِهِ عَدَدَ خَلقِهِ وَرِضَا نَفسِهِ وَزِينَةَ عَرشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ) تەنها سێ جار».

فێرتکردم کە چۆن عیبادەتەکان لەسەر هاوسەرەکەم کەم بکەمەوە و ئاسانکاری بۆ بکەم و ڕەچاوی ئەو ماندووبوونە زۆرەی بکەم کە دەیبینێ لە ماڵەوە و لەگەڵ منداڵەکان.

سەرەڕای سووربوون و گەورەیی و سەرقاڵیشت، هەموو کات کە بانگی دایە عائیشەت دەکرد، بە ناوەی نازاندنەوە بانگت دەکرد و پێت دەفەرموو «ئەی عائیش».

جا فێرتکردم کە هەرچەندە سەرقاڵبم، هەرگیز لە سۆز و میهرەبانی بێ ئاگا نەبم.

چەندین جار هاوسەرەکەت دەیگێڕاوە و سەرسام بوو بەوەی هەرکات دەگەڕایەوە ماڵەوە، باری سەر شانیت سووك دەکرد و ئاسوودەییت پێدەبەخشی، بەوەی کە بەخۆت پێڵاوەکانی خۆت پاك دەکردەوە و جلەکانت دورمان دەکرد و خواردنت بۆخۆت ئامادە دەکرد.

لەوەوە تێگەیشتم کە کەسی گەورەی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە لە ماڵەکەی خزمەت دەکات و کارئاسانی بۆ خێزانکەی دەکات.

ئەو ڕۆژەی کە لە جەنگ دەگەڕایەوە و ماندوو و شەکەت بووی و هاوسەرەکەشت لەگەڵتدا بوو، پێت فەرموو: «ڕات چییە کە پێشبڕکێ بکەین؟»، ئەو ڕۆژە بوو کە ئەو لە تۆی بردەوە و دانیشتن بەیەکەوە پێدەکەنین.

جا ئەو کات فێرتکردم کە بەندەی چاکەکار داهێنان دەکات لە بیرۆکەکانی کە وادەکات دانیشنەکەی لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆشی و شادی بێت و جوانترین

یادگارییەکانی لەگەڵ دروست دەکات.
ئەو ڕۆژەشی کە دایە عائیشە لە هەستەکانی خۆی دەرچوو و ئەو قاپەی شکاند کە دایە صەفییەی هاوسەرت ناردبووی بۆ ئەوەی ڕێز لە میوانەکانت بنێی و خزمەتیان بکەی، چونکە میوانی ماڵی دایە عائیشە بوون، تۆ بەو نەفسە پیرۆزەتەوە و بەو پێگە و مەنزڵگە گەورەیەتەوە دانیشتی و ئەو قاپە شکێنراوەت کۆکردەوە، چونکە لە غیرەی ئافرەت تێگەیشتووی.
جا فێرتکردم کە کێشەکانم لەگەڵ هاوسەرەکەم بە ئارامی و سادەیی چارەسەر بکەم چونکە تۆندوتیژی هیچ شتێك چارەسەر ناکات.
کاتێکیش حەبەشییەکان لە حەوشەی مزگەوتەکە یاریان بە شمشێرەکان دەکرد، بانگی عائیشەت کرد و فەرموو «وەرە سەیرکە»، بۆ ئەوەی چێژ وەربگرێ و ڕێگەتدا کە سەری خۆی لەسەر شانی پیرۆزت دابنێ بۆ ئەوەی بە باشی ببینێ.
ئەو کات فێرتکردم کە چۆن خۆشەویستی خۆم بۆ هاوسەرەکەم دەربڕم تەنانەت ئەگەر ئەمە لەپێش خەڵکیشدا دەرکەوێ، چونکە ئەمە وادەکات کە هەردەم هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکات.
جوانترین شتیش کە فێرتکردم ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەیە کە خۆشەویستی عیبادەتە و، پەروەردەگارم فەرمانی پێکردووە، کاتێك وەسیەتی من و هەموو ئەوانەت کرد کە تۆیان خۆشدەوێ کە پاروو نان بخەمە دەمی هاوسەرەکەم بە زەردەخەنەوە، ئینجا بەم کارەم کە ئەنجامی دەدەم پاداشتێکی زۆرم دەست دەکەوێ لە پەروەردەگارە بە ڕەحم و بەزییەکەمەوە.
پەیمانت پێدەدەم ئەی موحەممەدەی سەروەرمان کە

هاوسەرەکەم لەسەر چاوم هەڵبگرم وە، هەردەم بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن مێردێک بم کە ئەو ئاواتی بۆ دەخوازێ، چونکە دەزانم کە هاوسەرەکەم لە مەنزڵگەی کچی تۆ دایە لەلای تۆ، هەروەها کە بە ڕێزگرتنم لێی دەبمە مایەی ڕازیبوون و دڵخۆشکردنی تۆ.

پێغەمبەر ﷺ چاکترین پاڵپشتە بۆ هاوەڵانی

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هیچ شتێك لە مێژوو و یادگارییەکانت جوانتر نییە بۆ هاوەڵانت ئەی موحەممەدی سەروەرمان، تۆ لەگەڵیاندا نە دەژیای، بەڵکو تۆ بۆ ئەوان دەژیای، بۆیە ژیانی خۆتت لەپێناو چاککردنی ژیانیان بەخشی.
لە مزگەوتە پیرۆزەکەشتدا تۆزێ ئامۆژگاریت دەکردن، تۆزێکیش قسەت لەسەر ویست و حەزەکانیان دەکرد، تۆزێکیش پێدەکەنیت لەگەڵیان، چونکە ترسی ئەوەت هەبوو کە تووشی بێزاری ببن، ئەگەرچی کەسیش نییە کە بێزار ببێ یان وەڕەس ببێ لە قسە شرینەکانت ئەی تکاکاری تاوانبارەکان لە ڕۆژی دوایی.
ئەوە فێریکردم کە چۆن بە سۆز و نەرمونیان بم و کەسێکی هەست مردوو نەبم لە ئامۆژگارییەکانم.
هاوەڵە هەژارەکانت لە هەموو شوێنێکەوە دەهاتنە لای جەنابت بۆ ئەوەی تێر نان و ئاویان بکەی، چونکە دەیانزانی کە هەرگیز کەس لە تۆ بێ هیوا نابێ، بۆیە جەنابیشت تێرت دەرکردن و بەخیل و چرووك نەدەبووی بەسەریاندا، نە بە ماڵ و سامان وە نە بە پلە و پایە، دواتریش دەگەڕایەوە نێو خێزانەکەت و جگە لە خورما و ئاو هیچیترت دەست نەدەکەوت تا بیخۆی، ئینجا بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ ئازارێك بکەی و بە ڕازیبوونەوە دەتخوارد سوپاسگوزار دەبووی.
جا فێرتکردم کە ڕێزگرتن و بەخشندەییم لەگەڵ هاوەڵانم لە گەورەترین سیفاتەکانی بڕواداران و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان دەبێتە زەخیرەیەك بۆ من کاتێك دەگەڕێمەوە بۆ لای پەروەردەگاری جیهانیان.

ئینجا ئەی خۆشەویستم، پێغەمبەری خوا ئەو کاتەی چوویە نێو عیبادەت و پەرستشەوە، حەزت کرد کە نوێژەکەت درێژ بکەی، بەڵام کاتێک گوێت لە گریانی منداڵێک دەبێت کە لەگەڵ دایکی نوێژ دەکات لە پڕزی دواوەی تۆ، نوێژەکەت کورت دەکەیەوە نەکا ئەو نوێژە ببێتە بارگرانی لەسەر دایکی.

ئەوە تێگەیاندم ئەی موحەممەدی سەروەرمان کە بەزەییم بە دۆست و هاوەڵانم لە درێژکردنەوەی عیبادەتەکان لەپێشترە، هەروەها کە ڕەچاوکردنی بارودۆخیان لە گەورەترین هەنگاوەکانە بۆ نزیک بوونەوە لە خوا.

لەو هاوەڵەشت خۆش دەبووی کە حەز و ئارەزووەکانی زاڵ دەبوون بەسەریدا و وایان لێدەکرد کە تەنانەت گوناهە گەورەکانیش ئەنجام بدا، لەگەڵ ئەوەش لە نزیک بوونەوە لە تۆ بێ بەشت نەدەکرد، خەڵکیش پێیان دەگوتی: «ئەمە نەفرین لێکراوە»، تۆش پێت دەفەرموون: «نەخێر، ئەمە بەندەیەکی بێ هێزە» و، شایەتیت بۆ دەدا کە تۆش و پەروەردەگاریشی خۆشدەوێ.

جا فێرتکردم کە خێر لە ناخی هەموو خەڵکێکەوە ببینم و هەرگیز بڕیار لەسەر کەس نەدەم و خەریکی چاککردنی ناخی خۆم بم.

ئینجا کاتێکیش ئەو پیرەژنە دەمرێت کە مزگەوتەکەتی پاک و خاوێن دەکردەوە، خەڵکیش بە شەو دەی نێژن بە بێ ئەوەی هەواڵی وەفاتکردنی بە تۆ بدەن، بەڵام کاتێک هەواڵت پێدەگات، هەموو ئیش و کارەکانت بەجێ دەهێڵی بۆ ئەوەی دڵنەوایی بدەی و دەڕۆی نوێژی لەسەر دەکەی لەلای گۆڕەکەی.

جا فێرتکردم کە چاودێری کەسە هەژار و سادەکان بکەم لە دۆست و ناسیاوەکانم، هەروەها کە بەندایەتی

بە زۆری مـاڵ و سـامـان نییە بەڵکـو بـە پوختـی دڵ و جوانییەکەیەتی.

ئـەو کاتەشـی سـوپایەکان دەڕۆیشـتن بـەرەو جەنـگ، جەنابت دواهەمین کـەس بـووی کـە ڕێـت دەکـرد ئـەی موحەممـەدی سـەروەرمان، چاودێـری لاوازەکانـت دەکـرد و لـە کەموکورتـی هەژارەکانـت دەپرسـی، کاتێکـیش جەنـگ دەسـتی پێدەکـرد، دەیانبینـی کـە تـۆ لـە ڕیـزی یەکەمـەوەی، بـە سـنگت پارێـزگاریـان لێدەکـەی و ژیانـی خـۆت پێشـکەش دەکـەی پێـش ژیانـی ئـەوان.

تێگەیشـتم کـە چـۆن بەخشـندە و جوامێرانـە بـم لەگـەڵ هاوەڵانـم ئـەی سـەروەری پیـاوان.

پەیمانـت پـێ دەدەم ئـەی موحەممـەدی سـەروەرمان کـە نموونـە و شـێوەی بەزەیـی بـم لەنێـو هاوەڵانـم، هەروەهـا بـە پێـی توانـام پاڵپشـت بـم بـۆ هەمـوو ئەوانـەی پشـتم پـێ دەبەسـتن وە، بـە ئەنـدازەی دەسـت فراوانیـم ڕێزیـان لـێ بنێـم، ئینجـا هـەر وەك خۆیـان خۆشـیانم بـووێ، منیـش بـە چاککردنـی نەفسـی خۆمـەوە سـەرقاڵبم تـا ئـەو کاتـەی پێـت ئاشـنا دەبـم.

بەزەیی پێغەمبەر ﷺ بە درۆزنەکان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هیچ کەسێك بەزەیی بەو کەسانە نە هاتۆتەوە کە تۆیان بە درۆخست بە قەدەر بەزەیی بردنی جەنابت بەوانەوە وە، ئەگەر بە ڕاستی تۆیان ناسیبا و باوەڕیان بە پەیامەکەی تۆ هێنابا ئەوا هەرگیز وازیان لە خۆشەویستی تۆ نەدەهێنا، بەڵام بەداخەوا بۆیان، خۆیان بێ بەش کرد.
هاوەڵانت لە هۆزەکەت تووندترین جۆرەکانی درۆ هەڵبەستنیان دیت، زۆرترین کەسیش کە درۆی لەگەڵت کردبێت ئەوانە بوون کە چاوەڕێی پشتگیری و سەرکەوتن بووی لێیان، جا هاوەڵانت داوات لێ دەکەن کە نزایان لێ بکەی بۆ ئەوەی خۆت لە ئازاردانیان بپارێزی، تۆش دەفەرموویت: «نەخێر، من بۆئەوە نە نێردراوم کە نەفرەت لە خەڵکی بکەم، بەڵکو من ڕەحمەت و بەزەییم بۆ موسڵمانان و غەیری موسڵمانان».
واتای ئەو ئایەتەت فێرکردم کە پەروەردگار تێیدا دەفەرموویێ: «وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ» واتە: (ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان).
لە ڕۆژی شەڕی ئوحود بە شێوەیەکی توند دەم و چاوە پیرۆزەکەتیان بریندارکرد و خوێنە پاکەکەت لە زەویدا دەچۆڕا، گەردوون هەمووی چاوەڕێی ئاماژەیەك بوو لە تۆوە بۆ ئەوەی سزایان بەسەردا ببارێنێ لەکاتی بێ ئاگاییان، جەنابیشت دەستە پیرۆزەکانت بەرزدەکەیەوە بۆ ئاسمان و نزا دەکەی و دەفەرموویت: «خوایە گیان لە تاوانی گەلەکەم خۆشبە چونکە ئەوان نەزان و نەفامن».
ئەوکات زانیم کە بۆچی پەروەردەگارمان بە تۆی فەرموو:

«وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ» واتە: (بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی ئێجگار بەرز و گەورەیت).

کاتێکیش تەرمێك تێ دەپەڕێ، تۆ بۆ ئەم دیمەنە بە بێ دەنگی و بە ڕێزەوە ڕادەوەستی، جا کە هاوەڵانت پێت دەڵێن: «ئەمە تەرمی پیاوێکی جولەکەیە!»، تۆ لە وەڵامدا دەفەرموویت: «مەگەر نەفسێك نییە کە زاتێکی زۆر گەورە و بەشکۆ و بڵند و پایەدار بە دیی هێناوە؟».

لێرەش فێرتکردم کە ڕێز لە دروستکراوی پەروەردەگارمان بگرم تەنانەت ئەگەر نەفسێك بێت کە لەگەڵم جیاواز بێت لە گرنگترینی شتەکان کە بریتییە لە بیر و باوەڕەکەم.

ئەو کاتەی وەفدێکی ئەنصارییەکان لە «بەنی نەجران»ەوە دێنە لات بۆ ئەوەی پێغەمبەرایەتی تۆ تاقی بکەنەوە و دەربارەی ئایینەکەت پرسیارت لێ بکەن، ناوازەترین جۆرەکانی پێشوازیکردن لە تۆوە دەبینن، لە کاتی نوێژکردنیشتدا بە دوودڵییەوە سەیرت دەکەن و دەڵێن: «ئێمە چی بکەین؟»، جەنابیشت ئاماژەیان بۆ دەکەی و پێیان دەفەرموویت: «لە مزگەوتەکەمدا نوێژ بکەن»، ڕاستە کە ئەمان لەسەر دینی تۆ نین، بەڵام نابێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوان و ئەوەی دەی پەرستن.

فێرتکردم کە سەرەڕای خۆشەویستیم بۆ ئەوەی هەموو خەڵك بێتە سەر ئایینەکەم، دەبێ ڕێز لە بیروباوەڕ و عیبادەتی هەموو مرۆڤێك بگرم، چونکە پەروەردەگارم فێری کردووم کە «لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ» واتە: (دینداری بە زۆر نابێت بکرێت و دین بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا).

هەر ئەو ڕەحم و بەزەییەی تۆ بوو ئەی موحەممەدی سەروەرمان کە وایدەکرد بچییە سەردانی دراوسێ جولەکەکانت

لەکاتی نەخۆشکەوتنیان بۆ ئەوەی دڵنەواییان بدەی، جا کاتێك کوڕی دراوسێ جولەکەیەکت نەخۆشکەوت، تۆ ڕۆشتییە لای و لە پەروەردەگاری جیهانیان پاڕایەوە بۆ ئەوەی شیفای بۆ بنێرێ و هیدایەتی بدات، کوڕەکەش سەیرێکی باوکی دەکات و پێی دەڵێ: «من چی بکەم؟»، باوکیشی پێی دەڵێ: «گوێڕایەڵی ئەو ڕاستگۆی دەستپاکە بە»، ئیدی کوڕەکە شایەتی دێنێ و موسڵمان دەبێ پێش ئەوەی بمرێ، تۆش بە گریانەوە لەو ماڵە دێیە دەرەوە و سوپاس و ستایشی خوا دەکەی کە لەسەر دەستی تۆ لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری کرد.

ئیتر تێگەیشتم کە جوانترین ساتەکانی ژیانم ئەو کاتەیە کە ببینم مرۆڤێك لەپێش خۆم هیدایەت دەدرێ بۆ ئیسلام.

کاتێکیش بە سوپا گەورەکەتەوە و بە سەرکەوتوویەوە دەگەڕێیەوە بۆ مەککە، هەموویان لێت دەترسان چونکە هەوڵی کوشتنی تۆیاندابوو پێشتر، ئینجا سەرکردەی سوپاکەت لەپێش دەرگای مەککەوە دەڵێت: «ئەمڕۆ ڕۆژی جەنگ و شەڕێکی گەورەیە»، تۆش پێی دەفەرموویت: «نەخێر ئەی سەعد» کەسی بەهێز دەبێت بە بەزەیی بێت، «ئەمڕۆ ڕۆژی ڕەحم و بەزەیی و میهرەبانییە».

فێرتکردم کە بەخشەر سەرەڕای توانای تۆڵەکردنەوەشی، لێخۆشبووە ئەی موحەممەدی سەروەرمان.

هەرگیزیش وەسیەتەکەی تۆ بۆ ئێمە پێش گەشتەکەت بەرەو پەروەردەگارت لەیاد ناکەم، کە تێیدا فەرمانت پێ کردین کە هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە تۆ نەهێناوە، دەبێ ئێمە بە دادوەرانە و چاکەکاری و کاری چاك مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، کاتێك فەرموت: «ئازاریان مەدەن، ئەرکێکیان مەخەنە سەر کە لە توانایاندا نەبێت،

مافەکانیان پێشەل نەکەن، گەر نا من لە بەرامبەرتان دەوەستم لە ڕۆژی دواییدا».

فەرمانتە ئەی موحەممەدی سەروەرمان، پەیمانت پێ دەدەم کە نموونەیەك بم لە نموونەکانی ڕەحم و بەزەیی تۆ بۆ جیهانیان، هەرگیز جیاوازی ناکەم لە ڕێزگرتن و بەخشندەیی لەنێوان ئەوانەی باوەڕیان بە تۆ هێنا و ئەوانەی باوەڕیان بە تۆ نەهێنا، پەیمانیشت پێ دەدەم ئەی موحەممەدی سەروەرمان کە خێر و چاکەی من بگاتە هەموو بەدیهێنراوەکان، ئەی سەروەری بەدیهێنراوەکان وە، ئەی ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهان.

پێغەمبەر ﷺ تکاکاری ئوممەت

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هیچ کەس وەك تۆ بە سۆز و میهرەبان نییە بۆ ئێمە ئەی موحەممەدی سەروەرمان، هەموو خەڵکی هەرچەند بەخشندەییان زیاد بێت و خێر و چاکەیان زیاد بێت بۆ خەڵکی، ئەوا هێشتان ئەوان بۆ خۆیان و بۆ بەرژەوەندی و حەز و ئارەزووەکانی خۆیان ژیاون کە ئەمەش شتێکی ئاساییە و مافی خۆیانە، جگە لەتۆ ئەی ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهان، هەرگیز بۆ ساتێکیش ئێمەت لەبیر نەچووە.
لە گەورەترین بەخششەکانی پەروەردەگارمان بۆ پێغەمبەران و تۆیش لەسەرووی هەموویانەوە ئەی موحەممەدی سەروەرمان، بریتی بوو لە نزایێکی دەم و دەست وەرگیراو، کە هەموو پێغەمبەران لە دونیادا ئەم نزایەیان کرد بۆ شتانێك کە ویستیان، جگە لەتۆ ئەی خۆشەویستم ئەی پێغەمبەری خوا، نزایەکەت دواخست بۆ ڕۆژی دوایی تا ببێتە شەفاعەتێك و تکایەك بۆ هەموو گوناهکار و تاوانبارەکانی گەلەکەت، سەرەڕای ئەوپەڕی پێویستی بوونی تۆ پێی.
ئەوکات مانای خۆشەویستیت فێرکردم، هەروەها کە چۆن هەموو شتێکم ببەخشم لەپێناو خۆشەویستانم.
لەو کاتەی لە سوجدەدای لەنێو دەستەکانی پەروەردگاری مەزنت، بە دڵێکی ترس و لەرزەوە نزا دەکەی بۆ هەموو ئەوانەی پشتیان لێکردی و سەرپێچی تۆیان کردووە و دەفەرموویت: «پەروەردەگارا ئوممەتەکەم!، پەروەردەگارا ئوممەتەکەم!، خۆشبەختیم ئەی پەروەردەگارا ئەگەر لێیان خۆشبی لە ڕۆژی دواییدا و شەفاعەتی

من بۆ ئەوان قەبوڵ بکەی».

بەڕاستی هەرچەند زیاتر تۆ بناسم، زیاتر پەشیمان دەبمەوە لەو ڕۆژانەی کە تۆم تێیاندا نەناسیوە ئەی موحەممەدی سەروەرمان.

کاتێکیش «ئەبو جەهل» قسەی ناشرینت پێ دەڵێ دوای وەفاتی کوڕەکەت و بەوە وەسفت دەکات کە وەجاخکوێر و دابڕاوی لە هەموو خێرێك (واتا هیچ کەسێك نابێ کە ناو و نازناوی تۆ هەڵگرێ لە دوای مردنت و کەس نابێ کە تۆی لەبیر بمێنێ)، پەروەردەگارمان فرمێسکەکانت بۆ دەسڕێتەوە و دەفەرموێت: «إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ» واتە: (بەڕاستی ئێمە خێر و چاکە و خۆشی (هەردوو جیهان و ناوبانگی چاکەی) تۆمان بێ ئەندازە و بێ سنوور کردووە (لە هەموو جەرخ و زەمانێکدا))، هەرچەندە کە ئەم ڕووبارەی ناوی «کوثر»ـە، ڕووبارێکە کە ئێمە لێی دەخۆینەوە لە ڕۆژیی دواییدا و تووێنێتیمان دەشکێنێ، بەڵام پەروەردەگارت زانایە بەوەی کە هەرشێك ببێتە مایەی خۆشبەختی ئێمە و کەمکردنەوەی ئێش و ئازار لەسەر ئێمە، دەبێتە دڵدانەوەی تۆ.

ئینجا زانیم کە تۆ ئەی موحەممەدی سەروەرمان تاکە کەسی کە بۆ ئێمە دەژیای لە دونیا و لە دواڕۆژیش بە هەمان شێوە.

چاکەکاران لە گۆڕەکانیان لە نازونیعمەتەکانی باخ و بەهەشتن، تۆش ئەی هۆکاری هەموو نازونیعمەتێك لەناو گۆڕەکەتدا بە درێژایی کاتەکان سەرقاڵی ئوممەتەکەتی.

فریشتەکان دێنە لای تۆ و سەلام و صەلاواتی فلان و فلانت بۆ دەهێنن، تۆش لە ناو گۆڕتەوە وەڵامیان دەدەیەوە و دەفەرموویت: «سڵاو لە ئێوەش بێت لە لایان خواوە ئەی

بەندەکانی خوای میهرەبان».

زانیم کە ئێمە هەرگیز لەیادی تۆ ناچین نە لە دونیا و نە لە ناو گۆڕ و نە لە ڕۆژی دواییش.

کاتێکیش کە قیامەت دێت، ئەو ساتەی کە دۆزەخ دەهێنن و فریشتەکان لە دوای خۆیانەوە ڕای دەکێشن، هەموو پێغەمبەران داوا لە خوا دەکەن کە بیان پارێزێ و دەڵێن: «نەفسی خۆم، نەفسی خۆم»، ئینجا ئەی موحەممەدی سەروەرمان لەنێو قەرەباڵغیدا بەندەکان بە دوای کەسێکدا دەگەڕێن کە ڕزگاریان بکات، ئەوسا تۆ دەدۆزنەوە ئەی تکاکاری ئەو کەسەی تکاکاری نییە و ئەی پاڵپشتی ئەو کەسەی کە پاڵپشتی نییە، تۆش دەفەرموویت: «مەترسێن، من بۆ ئەو ئاگرەم و ڕزگارتان دەکەم لەدەستی، من بۆ ئەوم»، بەڵێ، ڕاستی کرد ئەو کەسەی ناوی لەتۆ ناوە «سەروەری هەموو بەدیهێنراوەکان».

جا کاتێك کە لێپرسینەوە کۆتایی دێت و خوای میهرەبان بەندەکانی لێك جیاکردەوە و فەرمانی کرد کە ئەوانەی لە خوا نزیك بوون بچنە ناو نازونیعمەت و ئەوانەی سەرپێچیان کردووە بدرێنە بەر ئاگرەکان، ئێمە لە کۆڵانەکانی بەهەشتدا بە دوای تۆدا دەگەڕێین، بەڵام تۆ لە جێگایەکی کە کەس لێی نییە، لە بەرامبەر خوای میهرەبان لە سوجدەدای و داوای لێدەکەی و لێی دەپارێیەوە و دەفەرموویت: «ئەی ئەو کەسەی ڕەحم بە چاکان و خواناسان دەکەی، ئەی ئەو کەسەی کە زانای بە پەنهانییەکان، ئەو کەسە لە زیندانەکانی ئاگری دۆزەخ دەربهێنە کە تەنانەت بۆ یەك جاریش بێت ناوی تۆی هێناوە».

ئیدی تۆ نە لە ماڵی خۆت دەمێنییەوە وە، نە چێڕ لە خۆشییەکانی بەهەشت وەردەگری لەگەڵ خێزانەکەت

تا ئەو کاتەی هەموو تاوانبارەکانی ئوممەتەکەت ڕزگار دەکەی وە، لە شوێنی خۆیان سەرسامیان دەکەی کە چۆن لە دونیادا خۆشەویستی پێغەمبەری خوایان بەجێهێشت!

پێغەمبەر ﷺ چاکترین پەناگە بوو بۆ هەمووان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هەرچەند ناکۆکی هەبووایە لەنێوان تۆ و کەسی بەرامبەر، هێشتان هەستی بە ئەمان و ئارامی دەکرد بە بوونی تۆ، پەناگە بووی بۆ هەمووان، دوور و نزیک.
کاتێک ئەنصارییەک لە یەهودیێکیدا لەنێو بازاڕ، چونکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە گەورەمان موسا باشترە لەتۆ، یەهودییەکە دێت و پەنا دەبا بۆ جەنابت، شەکوای خۆی بۆ تۆ دەکات، بۆ کەسی تر نا، ئەو دەزانێ کە تۆ پەناگەی هەموو کەسێکی کە مافخوراوە، چونکە تۆ بەندەی خوای مافپەروەر و سەرخەری مافپەروەرییت، تەنانەت گەر کابرا کەسێکیش بێت کە دانی بە پێغەمبەرایەتی تۆ نەنابێ.
دوژمنەکەت تۆی وەک پەناگەیەک دانابوو هەرکاتێک ترسی هەبووایە لە ونبوونی مافەکەی، چونکە دەزانێ کە هەرکەس لە تەک تۆ بژی، هەرگیز تا ماوە مافەکەی ون نابێ.
بەرزترین واتاکانی ڕەواییت فێرکردم، بەوەی کە جگە لە مافپەروەری مەیلم بۆ هیچ شتێکی تر نەبێ، هەروەها مافپەروەری بزوێنەری هەڵسوکەوتەکانم بێ لەپێش هەست و سۆزەکانمەوە.
کاتێکیش کە ناکۆکی هەبوو لەبەینی تۆ و خۆشەویستەکەت دایە عائیشە، گەورەمان ئەبو بەکری صدیقی خەزوورت دێ و هەوڵدەدا کە بابەتەکە چارە بکات، بە دایە عائیشە دەفەرموویی: «قسە دەکەی یان من قسە بکەم؟»، جا سەیر لەوەدا بوو کە دایە عائیشە گوتی: «قسە بکە و جگە لە ڕاسگۆیی بەدەمتدا

نەیێ!»، ئینجا گەورەمان ئەبو بەکری باوکی، بەرگەی ئەوە ناگرێ کە کچەکەی بە گەورەی جیهانیان بڵێت «جگە لە ڕاستگۆیی بەدەمتدا نەیێ» لەکاتێکدا ئەو گەورەی جیهانیانە و جگە لە ڕاستگۆیی نافەرموونێ، هەڵدەستێ و نیازیەتی کە لێی بدا، دایە عائیشەش لە خۆشەویستییەوەی بۆ تۆ و درکپێکردنی بەوەی کە تۆ مێرد و پەناگە و ئارامگەی ئەوی، پەنا بۆ تۆ دێنێ و ڕادەکات و لە دواتەوە دەوەستێ و خۆی بە تۆ دەپارێزێ، تۆش بەو پەڕی خۆشەویستییەوە بە گەورەمان ئەبو بەکر دەفەرموویت: «ئێمە تۆمان بۆ ئەوە بانگ نەکردووە و ئەوەمان لەتۆ نەدەویست»، (واتا ئەی ئەبو بەکر، جگە لە ئاشتکردنەوەمان تۆمان بۆ شتێکی تر بانگ نەکردووە، نەك بۆ ئەوەی لە عائیشە تووڕە ببی!).

ئەوەت فێرکردم کە ناکۆکی، ڕۆڵی سەرەکیم لەنێو خێزان لەیاد نەباتەوە، کە من پەناگە و ئارامگەم بۆ ئەوان، هەرچەند ناخۆشی ڕووبدا یان لەیەکتر دوورکەوینەوە.

فێرتکردم کە خێزانەکەم لە هەموو کەس لەپێشترن بۆ من، هەروەها پەیوەندیم بەوان گەورەتر بێ لە هەر هەڵەیەك کە ئەنجامی دەدەن، تا بگەڕێنەوە لای من پێش هەرکەسێك، تا هەرچەند ناکۆکیش ڕووبدا کەس شوێنی من نەگرێتەوە.

ڕۆژێك لە ڕۆژان گەورەی دووڕووەکان، عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول، هۆکاری ئەو بوختانەی کە بە دایە عائیشە کرا و هۆکاری چەندین کێشەی تر لەنێو موسڵمانان لە مەدینە، وا ئێستا لە سەرەمەرگە و پەنا دەبا بۆ تۆ و داوای عەبایەکەت دەکات، بۆ ئەوەی کاتێك دەمرێ، پێی کەفن بکرێ و بەو عەبایەوە بچێتە بەردەم پەروەردگار، جا سەیر لەوەدایە کە هەموویان ئەوە ڕەت

دەکەنەوە تەنها تۆ نەبێ ئەی موحەممەدی سەروەرمان، بەڵێ، بەخشەر دەبی بەسەریدا و جلە پیرۆزەکەت دادەکەنی و بەو جلە پیرۆزەوە کەفن دەکرێ و، دەبێتە هیوایەك کە جلەکەت هۆکارێك بێ بۆ سووککردنی سزایەکەی کاتێك دەچێتە بەردەم پەروەردگاری جیهانیان.

فێرتکردم کە دەرگاکەم هەردەم والآبێ، هەرکاتێکیش ڕۆژێك لە ڕۆژان پەروەردگارم ئەو کەسانە دووچاری من بکاتەوە کە هەڵەیان کردووە بەرامبەرم، ڕەتیان نەکەمەوە تا پێویستییەکەیان بۆ بەجێ نەگەیێنم، چونکە خوای پەروەردگارمان هەموو مرۆڤەکان قبووڵ دەکات، تەنانەت هەڵەکارانیش، چونکە ڕەحمەت و قبووڵکردنەکەی فراوانە.

سوپاس ئەی پێغەمبەری سەروەرمان، بۆ بەخشندەیی ڕەوشتەکەت، هەروەها کە پەناگە و حەشارگە بووی بۆ هەمووان.

متمانە پێدانی پێغەمبەر ﷺ بەخۆیان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
جەنابت زۆر بایەخت بەو کەسانە دەدا کە متمانەیان بەخۆیان هەیە و ڕێز لەخۆیان دەنێن، دەشتزانی کە ئەمە سوتەمەنی هەموو سەرکەوتنێک و دەستکەوتێکە، بۆیە هەرکەسێک کە مامەڵەی لەگەڵ بکردبای، هەستی دەکرد کە چەندە بە نرخ و گەورەیە و زۆری هەیە کە پێشکەشی بکات.
هەمیشە ئەو نازناوانەت بەسەریاندا دابەشدەکرد کە هەریەک لەوان بەهۆیانەوە خاڵی جیاوازی خۆی دەدۆزییەوە، ئەوەتا خالید، کە نازناوی شمشێری خوات پێبەخشیوو، بۆ ئەوەی درک بەوە بکات کە ئەرکی پاراستنی لەسەر شانە، ئەوەش ئەبو عوبەیدە، نازناوی دەستپاکی ئوممەتت پێبەخشیوو، بۆ ئەوەی هەمووان بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو تا پرس و ڕای پێبکەن و وتەکانی نرخی هەبێ، ئەوەشیان ئەبو بەکری صدیق (ڕاستگۆ)، کە هیچ کەسێک ناگات بە پلەی ئیمانداری ئەو، مافپەروەریش واتا عومەر، چونکە نازناوی فاروق (جیاکار) ی لێنرا بوو، بۆیە دەتفەرموو: «گەر ناکۆکیتان کەوتە نێوان، ئەوا بگەڕێنەوە بۆ لای عومەر، چونکە ئەو جیاکاری دەکات لەبەینی مافی ڕەوا و ناڕەوا»، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب یش، دەرگای شاری عیلم و مەعریفەتە و هەمووان دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەگەر ناکۆک بوون لە بابەتێک.
فێرتکردم کە چۆن ستایشی هەموو بەهرەیەک بکەم کە پەروەردگار داینناوە لە ناخی هەموو کەسێک، بۆ ئەوەی ڕێز لەو نیعمەتەی خوا بگرێت و بەکاری بهێنێ لە خزمەت و سوودگەیاندن بەخۆی و خەڵک و نیشتیمانەکەی.

کاتێکیش عەمری کوڕی عاص موسڵمان دەبێ، دوای بیست ساڵ لە جەنگ دژی تۆ، سەرسام دەبێ بەو ڕێزلێنانە گەورەیەی تۆ لە کەسایەتییەکەی و ئەو بەهرە سەرکردایەتیکردنەی لە جەنگ، بۆیە دەیکەی بە سەرکردەی یەکەمین جەنگی داهاتوو، بۆ ئەوەی بەرگری لە موسڵمانان بکات دژی ڕۆمەکان، سەرەڕای بەشداریکردنی ئەو هەموو هاوڵە بەرز و بەڕێزانە لەگەڵی لە جەنگەکەدا، بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی پێ بگەیێنی کە تۆ سەرکردەی و گەر تۆ موسڵمانێکی ڕێکوپێك بیت، ئێمە شانازی دەکەین کە تۆ ببیتە سەرکردە بەسەرمانەوە.

فێرتکردم کە ڕێز لە لێهاتوویییەکان بگرم و سوود لە تواناکان ببینم و، کەسی شایستە لە شوێنی خۆیان دابنێم و ڕێز لە هەموو خاوەن شارەزاییەك بگرم.

ڕۆژێکیان قەیسی ئەبی عبدالرحمن ی خزمەتکارت دەبینی کە بەسەر هاوڵانتدا دەگەڕێ و جانتاکانیان لەجیات هەڵدەگرێ، لەکاتێك ئەوان بەرمو گەشتێکی دوور بەڕێدەکەون، وەك ڕێزێك بۆ تۆ و هاوڵانت، تا ملی پڕ دەبێ لە جانتا و بارگرانییەکانی، تۆش پێی دەفەرموویی: «هەڵیانبگرە، تۆ جگە لە کەشتییەك هیچی تر نیت»، (واتا ئەوەی تۆ دەیکەی تەنها کەشتی لە توانای دایە کە بیکات)، ئیتر لەو ڕۆژەوە ناوبانگی لەنێو پیاوان بە کەشتی دەرکرد.

چەندە جوانە ئەم ستایشە ئەی پێغەمبەری خوا، ئەی سەروەرم، بە خزمەتکارەکەت دەڵێی: «ئەوە تۆی کە ئێمەت لەشان کردووە، بەبێ تۆ ناتوانین گەشتەکەمان بەجێ بگەیێنین، تۆ هەروەك کەشتی وای».

فێرتکردم کە ڕێز لە بەنی ئادەمەکان بنێم، بە تایبەت ئەوانەی پەروەردگار لە پێگەی خزمەتکردن داینان و

فەزڵێکی زۆریان بەسەر ژیانمەوە هەیە، بۆ ئەوەی هەرگیز وا هەست نەکات کە لە پلەیەکی نزم دایە، بەڵکو خزمەتکاری گەل، گەورەیانە.

ئینجا لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا، بەو سەرکەوتنە مەزنە و ئەو دە هەزار جەنگاوەرەوە دەگەڕێیەوە نێویان، دەبینی کە خزمەکانت دەستیانگرتووە بەسەر ماڵەکەت، تۆش دەڕۆی لە ماڵی دایکی هانیئ ی کچی مامت دادەنیشی، ئەویش بە شەرم و حەیاوە دێتە بەردەمت و خواردنێکی سادەت لەپێش دادەنێ (هەندێك خواردنی بەرماوەی منداڵەکان و بڕێك خەل)، چونکە ئەو هەر ئەوەی لەدەست هات و هەمووی بەخشی بوو، تۆش بە گەورەیی دەڕوانییە خواردنەکە و دەفەرموویت: «چاکترین خواردنێك کە لەسەر خوان بێ، خەلە».

فێرتکردم کە بەهای هەموو پارووێك بزانم و ڕێز لە نیعمەت بگرم و سوپاسی ئەوە بکەم کە پێشکەشی کردووم هەرچەند کەمیش بێ وەك ئەوەی پێی بڵێم «کەمیش لەتۆوە زۆرە، چونکە تۆ گەورەی لای منی».

تەنانەت ئێمەش لە کۆتا زەمانە، ئەو نەوانەشی کە جەنابتیان نەبینیووە، ڕەچاوی شوێنکەوتنی ئێمەت کردووە بۆ تۆ بێ ئەوی بە بینینت شاد بین، ئەمەش زۆر گەورە بووە لەلات، بە ڕاددەیەك کە جەنابت ئێمەت بە براکانی خۆت ناوببەی و تامەزرۆی بینینی هەریەك لە ئێمە بی، بۆیە بە هاوەڵانت فەرموو: «تامەزرۆی بینینی براکانمم»، هەروەها فەرموویتە کە کردەوەکانمان پاداشتیان دووهێندەیە، کاتێکیش پرسیان «بۆ؟»، فەرموویت: «چونکە ئێوە بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە هانی یەکتر دەدەن، بەڵام ئەوان کەسی ئاوایان لەنێودا نییە»، هەر لە سەردەمی خۆتەوە ئێمەت لەبیر بوو، چونکە ئێمە لە سەردەمی فیتنە و

ئاشوبین، بۆیە هانی ئێمەت دەدا و ڕەچاوت دەکردین ئەی پێغەمبەری سەروەرم.

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان لەسەر هەموو هاندانێکی دەروونی کە لەتۆوە پێمان گەشتووە، لەسەر هەموو هاندانێك کە لەتۆوە فێری بووین، سوپاس بۆ هەموو پاڵپشتییەك کە دەورووبەرت چەشتوویانە و پڕبوون لە متمانە بەخۆبوون و نرخاندنی خود، بەهۆی ئەوەی لە دەوروپشتت ژیاون.

پێغەمبەر ﷺ شکۆدەری ئافرەتان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
ئەو ڕۆژەی پەروەردگارمان تۆی نارد، زۆرینەی ئافرەتەکان، سەرەتاترین مافەکانی خۆیانیان لێ زەوتکرابوو لە ڕێزگرتن و بەخشندەبوون لەگەڵیاندا، تەنانەت میراتیش، بەڵکو ئافرەت بەشێك بوو لە سەروەت و سامانی مێرد و، دەیکردە میراتی خزمەکانی لەدوای مردنی.
هەرگیزیش مرۆڤایەتی کەسێکی نەبینیوە کە وەك تۆ مافەکانی مرۆڤایەتی بگەڕێنێتەوە بۆ ئافرەتان، ئەو دیمەنەی ژیانیشت کافییە و شایەتە لەسەر ئەوە، کاتێك لە حەجی ماڵئاوایی، کە بۆ یەکەمجار سەد هەزار هاوەڵ لە دەوورت کۆبوونەوە، جەنابت ئەو وەسیەتەتدا تا وتارەکەتی پێ کۆتایی پێ بێنی و، ببێتە سوودگەیێنەر بە ئایین و دوارۆژ و دونیایان، فەرموو: «چاکەکار بن لەگەڵ ئافرەتان، چونکە ئێوە بە ئەمانەتی خواوە ئەوانتان بردووە».
ئەی موحەممەدی سەروەرم فێرتکردم کە تێڕوانینم بەرامبەر بە هاوسەرەکەم، کچەکەم، خوشکەکەم، دایکم بگۆڕم، بەوەی کە بەرژەوەندی و شکۆیان وا دابنێم کە ئەمانەتێکە و پەروەردگام لێم دەپێچێتەوە لەسەریان کاتێك لەبەردەمی دەوەستم لە ڕۆژی دوایی.
کاتێك دایە ماریە ت مارەکرد، کە خەڵکی میسڕ بوو و لە دەفەرێکی کشتوکاڵییەوە هاتبوو، لە خانووێکی دوور لە مزگەوتەکەی خۆتت نیشتەجێ کرد لە بەرزاییەکانی دەوروبەری مەدینە کە شوێنێکی کشتووکاڵی بوو، خۆ ئەمە بۆ تۆ بارگرانی بوو، بەڵام گونجاوتر بوو بۆ ئەو، بۆ ئەوەی هەست بە غوربەت نەکات دوور لە میسڕ.

فێرتکردم کە چۆن بەرژەوەندی کەسی تر پێش بەرژەوەندییەکانی خۆم بخەم، هەروەها کە پیاوەتی و بەرگەگرتن ئەوەیە کە ئاسوودەیی هاوسەرەکەم لەپێش هەموو شتێکەوە بێ، چونکە ئا ئەمەیە سەرپەرشتیارییەتی کە پێویستە پیاوان لێی تێبگەن.

ئەو کاتەشی میوانداریت دەکرد لە ماڵی دایە عائیشە، دایە صەفییە قاپێکی پڕ لە خواردن دەنێرێ بۆ پێشکەشکردنی بە میوانەکانت، دایە عائیشەش بەم هەڵسوکەوتە تورە دەبێ (وەك بڵێت «خۆ منیش دەتوانم ڕێز لەم میوانانە بنێم، کە هەر خۆیان لە ماڵی منن»)، بۆیە قاپەکە دەگرێت و بە زەویدا دەیکێشێ و لەبەردەم تۆ و میوانانت دەیشکێنی، سەیر لەوە دایە کە جەنابت دادەنیشی و خواردنەکە کۆدەکەیەوە، بەڵکو بەرگریشی لێدەکەی لەبەردەم ئەو میوانانە کە سەیر مابوون! و فەرموت: «هیچ نییە، دایکتان غیرەی کرد».

منت تێگەیاند کە هەستی غیرەکردن چۆنە و، لەوانەیە زاڵ ببێ بەسەر داناییدا، هەروەها کە تۆ ئەوەت ڕەچاوکرد لە هاوسەرە خۆشەیستەکەتەوە وەك بەشێك لەو بەخشندەیی و چاکەیەی پێویستە لەمنەوە بەدی بکرێ لە گەشتی ژیانم لەگەڵ هاوژینم.

ئینجا نوێژ دادەبەستی و حەز دەکەی کە درێژی بکەی، بەڵام گوێت لە گریانی منداڵێکە لەلای ئافرەتەکانەوە، بۆیە کورتی دەکەیەوە و زوو زوو تەواوی دەکەی وەك بەزەییەك بەو ئافرەتەوە کە لەگەڵتە لە نوێژ و خەمی منداڵەکەیەتی کە دەگری، تامەزرۆییت بۆ پەروەردگارت و خۆشەویستیت بۆ بەندایەتی، زاڵ نەبوو بەسەر بەزەیی هاتنەوەت بەو ئافرەتە، بەڵکو ڕێزگرتنی هەستی دایکایەتی لەلایەن پیاوێکی بەهێز و سەجدەبەرت کرد

بە پەند بۆ هەموومان، هەر ئەوەشە کە فێری بووم، من و هەموو گەلەکەت لە دوای تۆ.

دایە عائیشەی خێزانیشت لەبارەی تۆوە دەفەرموویێ: «هەرگیز پێغەمبەر ﷺ دەستی بەرز نەکردۆتەوە بەسەر ئافرەتاندا».

ئینجا کاتێک یەکێک لە ئافرەتانی مەدینە شەکوای خۆی بۆ تۆ دەکات کە مێردەکەی ئازاری دەدا و لێی دەدا، جەنابت فەرمان دەدەی و دەفەرموویێ: «هەرگیز لە هاوسەرەکانتان مەدەن».

تێگەیشتم ئەوکات کە تووندی و ئازاردان هەرگیز کلیلی دڵی ئافرەت نین، هەروەها کە سەرپەرشتیاریی، ئەوەم بەسەر فەرز دەکات کە هێز و توانام لە خزمەت هاوسەرەکەم و پاڵپشتی ئەو بەکاربهێنم، نەک ستەم و سووکایەتی پێکردنی.

لە مزگەوتیش، لە شوێنی بەندایەتی و عیبادەتدا و لەبەردەم گەورە هاوەڵان، پرسیارت لێ دەکرێ: «خۆشەویستترین کەس بە لای تۆوە کێیە ئەی پێغەمبەری خوا؟»، تۆش قەت شەرم ناکەی و بە کامڵی پیاوتیتەوە دەفەرموویێ «عائیشە»، هەمووشیان لەتۆوە گوێبیستی دەبن.

فێرتکردم کە پێداچوونەوە بەخۆمدا بکەم و پێداچوونەوە بە بەرهەمی چیرۆکی خۆشەویستی خۆمدا بکەم لەگەڵ هاوسەرەکەم.

جا دەبێت لەخۆمان بپرسین، ئایا ئێمە هەر ئاوا بەبێ هیچ لەیەکتر نزیکبوونەوەیەک دەژین، دووربوون زاڵە بەسەرمان؟ یاخود بە دڵنیاییەوە من بە هۆی ئەو بەخشین و چاکەکارییەوە، ڕووەکی خۆشەویستی نێوانمانم ئاوداوە و، هەردووکمان لەژێر سێبەرەکەی دەژین.

سوپاس ئەی پێغەمبەری سەروەرم، ئەی شکۆدەری ئافرەتان.

تامەزرۆیی پێغەمبەر ﷺ بۆ پەرستش

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
ئەگەر قوولببینەوە لە حاڵی بەندایەتکردنت بۆ خوا، دەبینین کە حاڵی کەسێکی تامەزرۆیە، هەرگیز وات هەستنەکردووە کە بەندایەتیکردن تەکلیفێك بێ لەلایەن پەروەردگارەوە، بەڵکو بەندایەتی کردنی تۆ بەندایەتی کەسێکی ئارەزووخوازە لەبەرامبەر پەروەردگارمان، کە خاوەنی دڵ و دەروونتە، ئاسوودەیی خۆتت لە زۆری دروودان و قورئان خوێندنەوە دەبینی، بۆیە دوو ڕکات شەونوێژت دەکرد و سورەتەکانی (البقرە و آل عمران و النساء) ت تێیاندا دەخوێندەوە، کە سوجدەت دەبرد، زۆر درێژتدەکردەوە لە خزمەت گەورت، چەند کاتژمێرێك تێدەپەڕین بەسەر نوێژەکەت و پەیوەندیت لەگەڵ پەروەردگار، زۆر بە خێرایی تێدەپەڕین هەروەك چەند چرکەیەك لە خۆشی.
هاوەڵانیش لە هەموو کات و شوێنێك جگە لە حاڵەتی زیکر و یادکردنەوەی پەروەردگار تۆیان نەدەبینی، تەنانەت هەبووە لە دانیشتنێکدا سەد (استغفرالله) ی لە زاری تۆوە ژماردووە.
فێرتکردم کە بەدوای واتاکانی چێژوەرگرتن بگەڕێم بەرامبەر پەروەردگارمان، کە ئەمە دەبێتە دەرگای ڕوو لەخوا کردن، نەك تەنها بارگرانییەك بێ و زوو لەکۆڵی کەینەوە.
فێرتکردم کە لەنێو جەنجاڵی ژیان بەدوای ئاسوودەیی دڵمدا بگەڕێم، هەروەها تامەزرۆییم بۆ پەروردگارم هۆکارێك بێ بۆ سوجدەی دڵم پێش سوجدە بردنی جەستە.
ئینجا کاتێك دایە عائیشە هەست بە بوونی تۆ ناکات لەسەر پێخەفەکە لە یەکێك لە شەوەکان، لە تاریکایی

شەودا دەستی بە زەویدا ڕادەماڵی و بەدواتدا دەگەڕێ، سەیر دەمێنێ کە دەستی بە پێیە پیرۆزەکانت دەکەون کە لە حاڵەتی سوجدەدان و گوێی لێ دەبێ کاتێك دەفەرمووی: «پاك و بێگەردی بۆ تۆ، هیچ مەدح و سوپاسگوازرییەك نازانم کە شایەن بە تۆ بێ»، دواتر دەستەکانی دەگەنە جێی فرمێسکەکانت لای ڕووە پیرۆزەکەت کە زەویان تەڕکردووە دوای ئەوەی ڕیش و سینگتیان تەڕکردبوو، بۆیە لەخۆی تورە دەبێ و دەڵێ: «سبحان اللە ئەی پێغەمبەری خوا، تۆ خەریکی چی و، من بە چییەوە مەشغوولم!».

فێرتکردم کە تامەزرۆیی بۆ خوا، خۆشەویستان بەخەبەر دێنێ لەو خەوە خۆشە بەرەو چێژێکی خۆشتر لەوە، هەرەوها ویستی مرۆڤەکان لە پشوو و ئاسوودەییەوە دەگۆڕی بۆ مانەوە لەگەڵ پەروەردگارمان، ئەمانە کۆمەڵە واتاییکن ئەی پێغەمبەری سەروەرمان کە ئەگەر تۆم نەناسی بووا هەرگیز نەمدەزانین.

هاوەڵانی دەووروبەرت شایەتی ئەوەن کە ژیانت هەمووی بەندایەتی و عیبادەت بووە و ڕۆژەکانت لەگەڵ پەروەردگاری خۆشەویستت بەسەردەبرد.

برسی دەبی، جا کە تێر دەخۆی سوپاسگوزار دەبی، کە هیلاکیش دەبی، بەدەم یادی خواوە خەوت لێدەکەوێ، کورەکەشت غەریبیت دەکا، تۆش بەو پەڕی سۆزەوە لە باوەشی دەگری و یاری لەگەڵ دەکەی، کە دەشبینی هاوسەرەکەت هیلاکی ئیش و کارە، دەڕۆی و بارگرانییەکانی لەسەر سووك دەکەی بە ڕووێکی خۆشەوە (کە ئەمەت بە فەرز دانابوو لەسەرخۆت)، جا لەنێو ئەم هەمووسەرقاڵییەش، کاتێك بانگ دەدرێ بۆ نوێژ، دەبینن کە لە پێشی پێشەوە وەستاوی و گوێیان لە کۆڵە گریانی سینگت دەبێ لە کاتی خوێندنەوەی سورەتەکان بە دڵێکی عابدەوە.

فێرتکردم کە چۆن مرۆڤێك هەموو ژیانی لەپێناو خوا بێ، پێکەنینەکەی، خۆشییەکەی، خشوعی، هیلاکییەکەی، شەو و ڕۆژەکەیشی، هەمووی لەسەر ویستی پەروەردگاری بن، ئامادەیە هەرکاتێك دونیا بەجێ بهێڵێ و لە هەر حاڵێکیشدا بێ، چونکە ئەو لە هەموو حاڵەتەکان هەر خەریکی عیبادەتە.

جارێکیشیان گەنجێك دێتە خزمەتت و، دەیەوێ کە جیهاد بکات و لەپێناو خوا شەهید ببێ، کە پرسیاری لێ دەکەی و دەزانی کە خێزانەکەی هێشتان لە ژیان ماون، پێی دەفەرموی کە بگەڕێتەوە و جیهادکردنی با خزمەتکردن و بەخشندەیی بێ لەگەڵ خێزانکەی تا لە ژیان ماون، ئەمەش لەپێشترە لای خوای پەروەردگار.

فێرتکردم کە چۆن پێشینەییەکانی عیبادەت و بەندایەتی ڕێکبخەم، ئەوەشم زانی کە لە ڕاستیدا زۆرینەی کوڕ و کچەکانی ئەم ئوممەتە لە جیهادی ڕازیکردنی دایك و باوکیانن لەخۆیان، هەروەها بەندە چاکەکانی خوا ئەوانەن کە خێر و چاکەیان بۆ خزمەکانیان لە هەموو کەسانی تر لەپێشترە.

نزیکترین هاوەڵانت لەتۆ دەبینن کە بە درێژایی شەو خەریکی نوێژکردنی، بەڵام کاتێك نوێژی بە کۆمەڵ دەکەن، دەڵێن: «قەت لەدوای کەسەوە نوێژێکی ئاو بار سووك و تەواومان نەکردووە وەك ئەوەی لە دوای پێغەمبەری خواوە»، بەڵێ، کە بە تەنها نوێژت دەکرد، زۆر درێژت دەکردەوە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی کورتت دەکردەوە و ئاسانت دەکرد لەسەریان، ئەی بە بەزەییترینی بەندەکان بەرامبەر بە بەندەکان.

فێرتکردم کە ڕەچاوی بارودۆخی خەڵکی بکەم، هەروەها ڕەچاوی توانا و لێهاتوویییەکانیان و کات و

بەرژەوەندییەکانیان بکەم، ڕەچاوی هیممەتی جیاوازی خەڵکی بکەم لە عیبادەتەکاندا، بەوەی کە هەرکات منیان کردە ئیمام لە نوێژ، لەخۆیان بە بەزەییتر بم بە نەفسی خۆیان، تێگەیشتم کە ئەمە سوننەت و ئایینەکەی تۆیە، هەروەها کە بەندایەتی هەمووی تامەزرۆیی و خۆشەویستی و سۆز و بەزەییە.

پێغەمبەر ﷺ ئاسانکاری بۆ جیهان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
ژیانت هەمووی جێبەجێکردنی ئەو فەرموودەیەت بووە کە تێیدا فەرموتە: «سَدِّدُوا وَقَارِبُوا وَأَبْشِرُوا» واتە: «هەموو کەسێك با هەوڵبدات کە ئەوەی لەسەریەتی جێبەجێی بکات و ئاواتەخواز بێ کە پەروەردگار قبوڵی بکات (چونکە خوای گەورە قبوڵی فراوانە)».
لەگەڵ هەموو مرۆڤێکیش بەپێی نزیکی و حاڵی لەگەڵ خوا مامەڵەت دەکرد، بۆیە هەرکەس کەم و کورتی بکردایە لێت دەبەخشی و عیبادەتەکانت لەسەر خەڵکی ئاسان دەکرد، بۆ ئەوەی ڕێگای گەیشتنمان بە پەروەردگاری جیهانیان ئاسان بکەی.
کاتێك فەرموت: «سَدِّدُوا وَقَارِبُوا وَأَبْشِرُوا»، هەموو هاوەڵانت فێرکرد کە بەپێی توانایان هەوڵ و کۆشش بکەن، دواتریش ئاواتەخوازبن کە قبوڵکراوە لەلایەن خوای گەورەوە، چونکە فێرتکردبوون کە پەروەردگارمان سوپاسگوزارە و دەستی واڵایە لە بەخشندەیی و بە کەمی عیبادەتی بەندەکانی ڕازی دەبێ.
فێرتکردین هەمیشە ئاواتەخوازی خێر و چاکە بین لەلایەن پەروەردگارەوە، هەروەها ئەوە بزانین کە خوا بە لاوازی و کەم و کورتییەکانمان زانایە، جا بۆیە هەمیشە بەپێی توانا و حاڵی خۆم کۆشش بکەم لە هەموو کاتەکاندا، هەروەها کە پەروەردگارمان زانایە بەو هەوڵ و ماندووبوونەم.
فێرتکردم کە هۆکارێك بم بۆ ئاسانکاری نەك بارگرانی، چونکە حاڵی بەندەکان لەگەڵ خوا جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و، گۆڕانکاری

تێدەکەوێ بەپێی کات و توانایان، تا ببمە یارمەرتیدەر بۆیان لە ڕێگای گەیشتنیان بە خوای پەروەردگاری گەورەیان.

موژدەی ئێمە و هاوەڵانت دەدەی کە گوناهەکانمان نقومی ڕەحمەت و بەزەیی خوای پەروەردگارمان دەبن، کاتێک یەکێک لە هاوەڵانت دێ و پێت دەفەرموو کە «تەوبەی کردووە و وازیهێناوە لە گوناهێکی گەورە کە ئەنجامی دەدا، ئێستا چی بکەم بۆ ئەوەی کەفارەتی ئەو گوناهە بدەم؟»، تۆش تۆزێک چاوەڕێ دەکەی و وڵامی نادەیەوە تا نوێژ دەکرێ لە مزگەوت و ئەویش لەگەڵتان نوێژ دەکات، ئینجا دوای نوێژ لێی دەپرسی کە «ئایا نوێژت کرد لەگەڵمان؟»، ئەویش دەڵێت «بەڵێ»، جا پێی دەفەرموو: «موژدە بێ پەروەردگارت لەو گوناهەت خۆشبوو».

فێرتکردم کە هەرکەس واز لە گوناهێک بهێنێ وەک ئەو کەسەیە کە گوناهی نەکردبێ، هەروەها کە ئەگەر تەوبە بکەم، پەروەردگارم میهرەبانی فراوانە، هەرچەند گوناهەکەم گەورەبێ هێشتان تەوبەکەم قبوڵ دەکات.

فێرتکردم کە گەڕانەوە و تەوبەی بەندەکان زۆر بەرز نرخێنراوە لای پەروەردگارمان، بۆیە حەز دەکات ئاواتەخوازیم و ژیانم بەرەو باشتر بگۆڕم دوای تەوبەکردن.

گەورەمان ئەبو زەر، کە لە هاوەڵە هەژارەکانت بوو، دێت و دەڵێت: «ئەی پێغەمبەری خوا، دەوڵەمەندەکان هەموو خێر و چاکەکانی خوایان بەرکەوت»، (مەبەستی ئەوە بوو، کە دەوڵەمەندەکان نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن هەروەک ئێمە، لە پاڵیشییەوە پارە و سەروەتێکی زۆریان هەیە و دەیبەخشن و چاکەکان هەمووی بۆخۆیان دەبەن)، تۆش بە

چەند وشەیەکی سادەوە موژدەی پێدەدەی، کە ئەگەر لە دوای هەموو نوێژێکەوە ٣٣ جار بڵێیت (سبحان الله) وە، ٣٣ جار بڵێیت (الحمد لله)، ئینجا ٣٤ جار بڵێیت (الله اکبر)، بە ئەندازەی پاداشتی ئەو دەوڵەمەندانە خێر و چاکەی بۆ دەنووسرێ.

بەڵێ، ئەمانە چەند وشەیەکی سادەن، بەڵام پێویست دەکات موژدەی ئەوەیان پێ بدرێ کە پەروەردگار ڕەحمەتی خۆی دابەشکردووە بەسەر هەژار و دەوڵەمەندەکان.

لەو دیمەنەش ئەوە فێربووم کە بابەتەکە ڕاستگۆیی و نییەت پاکییە تەنانەت ئەگەر کردەوەیەکی بچووکیش بێ، هەروەها لێکدانەوە و ژمارەکانی بەندەکان جیایە لە پەروەردگاری بەندەکان، بۆیە بەپێی توانای خۆم هەوڵبدەم ج دەوڵەمەند بم یاخود هەژار، ئاواتەخوازی فەزڵ و ڕەحمەتی خوای میهرەبان بم.

موژدە دەدەیە ئەو کەسەش کە کوڕەکەی لەدەستداوە و پێی دەفەرموویت: «مەگەر حەز بەوە ناکەیت کە دەڕۆیە هەر دەرگایەکی بەهەشتەوە، کوڕەکەت لەپێشتەوە بڕوا و بە ڕووی تۆدا دەرگاکان بکاتەوە؟».

من و ئەویشت فێرکرد کە هەرچەند بەڵا و ناخۆشی گەورەبێ، هێشتان بەخشندەیی خوای پەروەردگار گەورەترە، هەروەها لەوانەبم کە ڕازی بوونم بە حوکمی پەروەردگار بمگەیێنێ بە بەرزترین پلەکانی ناز و نیعمەت.

دایکێك دەبینی لەنێو جەنگدا بەدوای کوڕە ونبووەکەیدا دەگەڕێ، دڵیشی پڕە لە ترسی ئەوەی تووشی ناخۆشییەك هاتبێ، دواتر لەنێو قەرەباڵغی ئەو خەڵکە دەبینی کە بە کووڵەوە دەگرین، ئینجا ڕادەکات و لە باوەشی دەکات و شیری پێدەدا، هەموشیان کاریگەربوونە بە دیتنی ئەو دیمەنە، کە پڕە لە خۆشەویستی و پەیوەستبوون، لەو

کاتەدا، کە دڵی هەموو هاوەڵانت کاریگەرە بەو دیمەنە، جەنابت پرسیارێك دەکەی و دەفەرموویت: «ئەرێ پێتان وایە کە ئەو دایکە، کۆرپە و پارچەیەك لە جەرگی فڕێبداتە نێو ئاگر؟»، هەموویان دەڵێن «نەخێر، ئەوە زۆر دوورە لەوە ئەی پێغەمبەری خوا»، ئینجا تۆش موژدەیان پێدەدەی و دەفەرموویت کە «خوای گەورە زۆر بە ڕەحم و بەزەیی تر بە ئێوە لە بەزەیی و ڕەحمی ئەو دایکە بە منداڵەکەی».

فێرتکردین کە ئاواتەخواز بین و بە دڵ و چاو ببینین کە ڕەحمی مرۆڤەکان بەیەکتر لەنێو خۆیاندا، تەنها دڵۆپێکە لە ڕەحمەت و بەزەیی بەحری ئیلاهی.

هەروەها دڵنیابمەوە کە سبەی لە ڕۆژی دوایی، پێشوازیکردنی پەروەردگار لە ئێمە بە سۆزتر و بەخشندەتر لەچاو ئەوەی بە خەیاڵی هەموو کەسدا دێ.

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان بۆ ئەو نەفسە بە ڕەحمە و ئەو تێگەیشتن و لەبەرچاوگرتنەت بۆ حاڵمان، سوپاس بۆ سووربوونی هەمیشەییت کە ئاواتەخواز بین بە خێر و چاکەی پەروەردگارمان هەرچۆنێك بین.

ئارامگری پێغەمبەر ﷺ لەسەر لەدەستدانی دۆست و هاوەڵانی

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
بە ئازارترین شتێك بۆ مرۆڤ، لەدەستدانی خۆشەویستترین کەسە لەلای، ئەو کەسەی کە پاڵپشت و خۆشەویستی و ئەمان بوو بۆی، بەجێی دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە لای پەروەردگارمان.
تۆش ئەی پاکترین بەدیهێنراوەکانی خوا، خۆشەویستانت یەك لەدوای یەك کۆچی دوایی دەکەن و جەنابت ڕازیبوونت پێوە دیارە و سەبر و ئارامی دەگری، چونکە لەوە دڵنیای کە لە ژیان و گوزەرانێکی خۆشتر و باشترن لەلای پەروەردگارێکی بەخشندە.
لە ماوەی یەك ساڵدا، هاوسەر و خۆشەویست و هاوڕێی ژیان و پاڵپشتی هەمیشەییت (دایە خەدیجە) لەدەست دەدەی، ئینجا ئەبو تاڵیبی مامت، کە تۆی لەگەڵ منداڵەکانی بەخێودەکرد و، لە ناخۆشی و ئازارەکانی قوڕەیشییەکان تۆی پاراست، لە یەك ساڵدا، دوو لە خۆشەویستترین کەسەکانت لەدەست دەدەی، بە جۆرێك لەسەر دڵت قورس بوو، وایکرد کە ئەو ساڵە بە «ساڵی ناخۆشی» ناوبنێن، بەهۆی ئەو هەستە مرۆڤایەتییەی کە جەنابت پێیدا تێپەڕ بووی.
فێرتکردم کە ناخۆشییەکانم نەشارمەوە، بەڵکو کۆمەڵە هەستێکی ناسکی مرۆڤەکانن ومافی هەمووانە کە پێیاندا تێپەڕ ببێ، مادام ئەو ناخۆشیانە پەروەردگارم لەیاد نابەنەوە.
فێرتکردم کە ناخۆشییەکان لاوازی نین، بەڵکو ئەوپەڕی بەهێزییە کە ناخۆشییەکان بژیم و ڕازی ببم بە ئەجەل و

نووسراوی پەروەدگارم.
ئینجا حەمزەی مامت، هاوەڵ و خۆشەویستت دەکوژرێ و شەهید دەبێ لە غەزای ئوحود وە، لە بەزەیی هاوەڵەکان بە تۆوە، نایایانەوێ ببینی بە کوژراوی، چونکە دەزانن کە چەندە ئەزیز بووە لەلات و چەندە لەیەکتر نزیک بوون، جا تۆ کە دەیبینی، دەفەرموویی: «هەرگیز ناخۆشی و ئازاری ترم تووش نابێ وەك ئەوەی بۆ تۆ چەشتم»، دواتریش لەبەردەم هەمووان دەگریێی بۆ مردنی شێری ئیسلام، بەڵام هەر دوای ئەوە یەکسەر، ژیانت درێژەپێدا و هەڵستای و لە هەواڵی هاوەڵانت پرسی و برینەکانیانت دەپێچا و چارەت دەکردن و منداڵە شەهیدەکانیانت بەخێودەکرد.
فێرتکردم کە ناخۆشییەکە هەرچییەك بێ، نابێ نەبێتە هۆی تێکشکانم، هەروەها کە ئەوە بەشێکە لە ژیان لە پاڵ خۆشییەکانی وە، پێویست دەکات کە بەردەوام بم لە ڕۆڵی خۆم و ناخۆشییەکانم ببڕم و ڕازی بم قەزای پەروەردگارم.
ئینجا ئەی سەروەرمان، دواتر ئیبراهیمی کوڕت وەفات دەکات، دەبینین کە چەندە خۆڕاگر و کاملی لە قەبوڵکردنی بەڵای مردن، هەر ڕازیبوونە هەرچەند بە ناخۆشییشەوە بێ، لەگەڵیشیدا دەفەرموویی: «بەڕاستی چاوەکان فرمێسکیان لێ دەڕژێ و، دڵ ئازاری چەشتووە، بەڵام جگە لەوە ناڵێین کە ڕازیبوونی پەروەردگاری تێدایە، بە لەدەستدانت ئەی ئیبراهیم زۆر دڵگران بووین، سەرئەنجام هەموومان لەلای خوای گەورەوە هاتووین و هەموشمان دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو»، سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە شەشەمین کەسە لە منداڵەکانت کە وەفات دەکات، بەڵام تۆ دەزانی کە ئەوان لەپێش دەرگای بەهەشت چاوەڕێی جەنابتن.
فێرتکردم کە مردن بەڵایە، بەڵام بینینی لوتف و سۆزی

پەروەردگار لە زۆربەی کاتەکان ئەستەمە، هەروەها کە بڕوابوون بە شادبوونەوە پێی سەرلەنوێ لە ڕۆژی دوایی، نهێنی دڵنارامییە لەکاتی لەدەستدانی ئەزیزێك.

ئینجا دڵی گەورەمان زەینەبی کچت دەدەیەوە، کاتێك کوڕەکەی وەفات دەکات، پێی دەفەرموویت: «ئەو موڵکی پەروەردگار بوو، هەرچییەکیش خوا بیبیات هی خۆیەتی و هەرچیش ببەخشێ، هەر هی ئەوە، هەموو شتێکیش لای خوا ئەجەلی هەیە، بۆیە خۆڕاگر بە تا پاداشتی خێرت دەستکەوێ».

بەو قسانەت فێرتکردم کە هەمیشە ئەو ڕاستییەم لەیاد بێ کە هەموواڵ لەلای خوای گەورەوە هاتوون و هەمووشمان دەگەڕێنەوە لای ئەو، هەروەها کە دونیا کورتخایەنە، ئەگەر کەسێکیش بەجێی هێشتین، ئەوا دەڕواتە دوارۆژ، بەرەو ئەمانی ڕەحمەتی پەروەردگاری و، لە پلەیەکی بەرزی دادەنێت لە تەك خۆی، لە گونجاوترین کاتدا کە پەروەردگارمان خۆی دەستنیشانیکردووە.

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان بۆ ئەو دڵە فراوان و گەورەیەت، کە ڕازییە و هەمیشە ڕەحمەتی پەروەردگارمان دەبینێ لە قەدەغکردنی شتەکان لە ئێمە و بەخشینی بەسەرماندا.

سەرنجە پڕ لە خۆشەویستییەکانی پێغەمبەر ﷺ

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
سەرەڕای بارگرانییەکانی پێغەمبەرایەتی و خەمەکانی بانگەوازی، هێشتان جەنابت سەرنجەکانی خۆشەویستیت هەر لەیاد بوو، لەنێو سەرقاڵییەکانی ژیان، چەند ساتێکی سادە و جوانی پڕ لە خۆشەویستیت دەبەخشین، کە پڕن بوون لە واتای بەرز و بە نرخ.
لەکاتی خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگی بەدر، کە تێیدا موسڵمانان کەمینەن، ڕوقەییەی کچت نەخۆش دەکەوێ بەهۆی مردنی کوڕە شیرینەکەیەوە، جا لەوپەڕی پێویستبوون بە هەر پیاوێك و هەر دەستێك بۆ ئەوەی بەشدار بێ لە غەزاکە، داوا لە عوسمانی کوڕی عەففانی مێردی دەکەی کە لەلای بمێنێتەوە، تا دڵی بداتەوە و ئاگاداری بێ لەکاتێکدا کە نەخۆشە، عوسمانیش دادەبڕێ لە گرنگترین ڕووداو لە مێژووی موسڵمانان، تەنها لەبەر خاتری ڕێزگرتنی هاوسەرە خۆشەویستەکەی.
فێرتکردم کە جیهادی ڕاستەقینە بریتییە لە ڕێزگرتنمان لەیەکتری و بەخشندییمان بە یەکتری، هەروەها بەجێگەیاندنی مافەکانی تەمەنی بەیەکەوەبوون و مەوەددەت، فێرتکردم کە کەسی لاواز هەرگیز بە تەنها نییە بۆ ئەوەی ئێمە خەمخۆری یەکتری بین.
هاوەڵان کەسیان وەك تۆ نەبینیووە کە بەو ڕادەیە زەردەخەنە لەسەر لێوی بێ ئەی پێغەمبەری خوا، بەڵێ، جەنابت سەرەڕای ئەو پێگە و پلە مەزنەت و هەیبەتە گەورەیەت، لە هەموو کەس زیاتر دەم بەخەندە و ڕووخۆشبووی، پێکەنینەکەشت هێز و ئاوەدانی بوو بۆ گیان و دڵنارامی بوو بۆ ئەوانەی ترسیان لە دڵە.

ئەوە جەنابت بووی فێرتکردم کە زەردەخەنە چاکەیە و، هیچی کەمتر نییە لە خێر و چاکەی مالّ بەخشین، هەروەها کە هەریەك لەو خەڵکە بەڵایەکی تووشهاتووە، بۆیە لەوانەیە یەك زەردەخەنەی سەرلەبەیانیان بە ڕووی کەسێکدا، دڵ و دەروونی زۆر جیاواز بکات بە درێژایی ڕۆژەکە.

کاتێکیش دەڕۆییە لای گەورەمان فاتیمە، وەك هەموو جار لە حاڵی دەپرسی، دواتر دەبینی کە سەروەرمان عەلیی مێردی لەلای نییە، ئەویش دەڵێت کە بە دڵشکاوی ڕۆشتە دەرەوە دوای ئەوەی ناکۆکییەك کەوتە نێوانیان، تۆش زەردەخەنە دەکەی و سووری لەسەر ئەوەی بڕۆی و بەدوایدا بگەڕێی، تا دیدەڕزییەوە، ئینجا دەبینی کە لە مزگەوت خەوی لێکەوتووە و، جلەکانی پیسبوونە بەهۆی خۆڵەوە، تۆش هەڵیدەستێنی و بە دەستیشت خۆڵەکە لەسەر جلەکانی ڕادەماڵی و، سوعبەتی لەگەڵ دەکەی و پێی دەفەرموویی «هەڵستە، ئەی خۆڵگرتوو»، ئەو دەزانێ کە خۆڵ لای عەرەبەکان مانای بەرەکەت و گەشەسەندنە و، دەیەوێ ئەوەت پێ بڵێت کە «ئەی عەلیی خۆڵگرتوو، فاتیمەی هاوسەرت جگە لەتۆ بەرەکەتێکی دیکەی نییە»، بۆیە لەو ڕۆژەوە ناوبانگی «خاوەنی بەرەکەت، خاوەنی خۆڵ» بۆ گەورەمان عەلی زیاد بوو.

یەك سەرنجدان بە خۆشەویستییەوە وای کرد کە دڵشکانی خۆی لەگەڵ کچەکەت لەبیر بکات، کە دەبینێ خەزووری (پاکترینی دروستکراوەکانی خوا)، بەدوایدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە.

فێرتکردم کە پەیوەندی هاوژینی لە هەموو ناکۆکییەك بەهێزترە، هەروەها کە خۆشەویستی گرانبەهایە و هەرگیز نرخی کەم نابێ وە، هەرچەند ئێمە ناکۆك بین، نەهێڵین

کە شەیتان لەیەکترمان دوور بخاتەوە و ساردی بخاتە پەیوەندییەکەمان.

هاوەڵان و خێزانەکەت هەمیشە ڕاهاتوون لەسەر ئەو سەرنجە پڕ لە خۆشەویستییانە و پەیوەندییە پڕ لە هەست و سۆزەت، با ئەو دیمەنەی دایە عائیشەمان لەبەرچاو بێ کاتێک بەیەکەوە پێشبڕێکی ڕاکردنتان دەکرد ئەوکاتەی لە گەڕانەوەی گەشتێکدا بوون، ئینجا ئەو خێراتر ڕایکرد و پێشت کەوتەوە، بەڵام ئەم بابەتە هەر لە خەیاڵتدا دەمێنێ، چونکە لێرە سەرنجێك هەیە کە قەرەبوو ناکرێتەوە، ئیتر دوای ماوەیەك داوای لێدەکەی کە دیسان پێشبڕکێ بکەنەوە و، ئەمجارەیان تۆ پێشی دەکەوی، جا جاری پێشووی بیردەخەیەوە و پێی دەفەرموویت «بەوە تۆڵەی ئەوەی ترم لەتۆ کردووە».

ئەی موحەممەدی سەروەرمان، فێرتکردین کە چۆن یادگاری خۆش دروست بکەین کە پڕن لە خۆشەویستی و، پێویستن بۆ ئەوەی بێنەوە یادمان لەکاتە سەختەکاندا، چونکە هەر ئەم سەرنجە جوانانەن کە دەمێنن و دەبنە بەڵانسێکی زۆر لەنێو کێشە و خەمەکانی ژیان.

فێرتکرم کە هەرگیز خۆشەویستی لەیاد نەکەم لەنێو سەرقاڵییەکانی ژیان و، هەر ئەو سادەییەی کە پڕە لە خۆشەویستی دەمێنێ و بارگرانییەکانی ژیانی من و هەموو ئەوانەی دەوروبەریشم لەسەر سووك دەکات، تەنانەت گەر جێگە و پێگەکەشم بەرزبوویەوە.

سوپاس ئەی سەروەرمان موحەممەد بۆ ئەو سەرنجە پڕ لە خۆشەویستییانە، سەرەڕای سەرقاڵیت بە خەمەکانی ژیان.

بەزەیی پێغەمبەر ﷺ هۆکاربوو بۆ هیدایەتدان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
زۆرترین کاتێك کە هاوەڵان تێیدا خۆشیان بەدی دەکرد لە چاوەکانی تۆوە، ئەو کاتانە بوون کە پەروەردگار چرای هیدایەتی دەخستە دڵی مرۆڤێك لەگەڵت.
قوڕەیشیەکان ئاگادارییان دابووە توفەیلی کوڕی عەمری دەوسی، گەورەی هۆزی دەوس، کە نابێ لەگەڵ یەکتری قسە بکەن و گوێت بۆ بگرێ لەلای کەعبە و، بە جادووگەر ناویان دەبردی، بەڵام کاتێك توفەیل تۆ دەبینێ، بەرگەی ئەو نووڕە ناگرێ و گوێڕایەڵیت دەکات و خوای گەورەش دڵی هیدایەت دەدات، تۆش زۆر پێی دڵخۆش دەبی، جا کاتێك دەگەڕێتەوە نێو خێزان و هۆزەکەی بۆ ئەوەی قایلیان بکات تا موسڵمان ببن، ئەوان زۆر بە تووندی ڕەتی دەکەنەوە، ئیتر وازیان لێ دەهێنێ و دەگەڕێتەوە لای تۆ و داوا دەکات کە دوعایان لێبکەی، بەڵام تۆ دەستە پیرۆزەکانت بەرزدەکەیەوە و دەفەرموویت: «پەروەردگارا هۆزی دەوس هیدایەت بدەی و بیانهێنییە نێوانمان»، ئینجا داوای لێدەکەی کە بگەڕێتەوە نێو دەوسی هۆزەکەی و، بە چاکە بەردەوام بێ لەگەڵیان و بێ هیوا نەبێ.
جا ڕێك وا دەرچوو، دڵخۆشییەکی زۆرت پێوە دیار بوو کە بینیت دوای چەندین ساڵ لەگەڵ هۆزەکەی بەیەکەوە دێنەوە و، هەموویان موسڵمان بوونە، بە بەرەکەتی ئەو دوعایە پڕ لە سۆز و شەریفەتەوە.
فێرتکردم کە ڕەحمەت و بەزەیی بە خەڵکی و ئارامگرتن لەسەریان، ڕێگا ڕاستەکەی بانگەوازیکردنە بۆ لای خوای گەورە، هەروەها کە هاوڕێیەتی و چاکەکردن لەگەڵ کەسی کەللەڕەق و دوور لە خوا، کلیلی هیدایەتی دڵی

ئەو کەسەیە.

فێرتکردم کە ئەگەر پەروەردگار بمکاتە هۆکارێک بۆ هیدایەتدانی کەسێک، لە هەر هەموو دونیا چێژی زیاترە، هەروەها کە بینینی دڵێک پڕ دەبێ لە چرای هیدایەت، خۆشییەکە بە هیچ شتێکی تر بەراورد ناکرێ.

لە ڕۆژی فەتحی مەککەش، بە بەهێزی و سەرکەوتنەوە دەچییەوە نێویان، هەرکەس سەیری دڵت بکات، دەبینێ کە پڕە لە ویستی هیدایەتدان، نەک تۆڵەسەندنەوە، ئیدی لە هەر هەموویان خۆشدەبی، چونکە ئەمە خووی تۆیە کە خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون، دواتر پرسیار دەربارەی کوڕەکانی ئەبو لەهەبی مامت دەکەی، کە بە درێژایی ژیانی دژایەتی تۆی کردووە، ئیدی کە دەیانبینی، دەستیان دەگری و دەیانبەی بەرەو کەعبە و نزا دەکەی: «پەروەردگارا عوتبە و میعتەب (کوڕەکانی ئەبو لەهەب) هیدایەت بدە، پەروەردگارا کوڕە مامەکانم هیدایەت بدە»، ئینجا ڕوویان گەش دەبێ بەهۆی هیدایەتەوە و موسڵمان دەبن لەسەر دەستی تۆ.

خۆزگەم بە خێزانەکەی تۆ ئە پێغەمبەری سەروەرمان، تۆ چەندە دڵخۆشیت بە هیدایەتیان سەرەڕای دژایەتیکردنیانی سەرەتایان، ئینجا دواتر دەفەرموو: «ئەمانە کوڕە مامی من و برای منن، داوام لە پەروەردگارم کرد کە بە منیان ببەخشێت، ئەویش داواکەی گەیاندمە جێ».

فێرتکردم کە هیدایەتدانی کەسێک کە دژایەتی کردووم، چ تامێکی هەیە، خۆ تۆڵەسەندەوە ئاسانترین ڕێگایە، بەڵام بە سوودترین ڕێگا نییە، هەروەها هیوای حاڵ چاکی بخوازم، تەنانەت بۆ سەرسەختترینی دوژمنەکانیشم.

هەر هەمان ڕۆژیش ئەو پیاوە پیرە دێتە لات، ئەبو قوحافە، هاوڕێی هاوەڵە ئەزیزەکەت ئەبو بەکری صدیق، دوای

چەندین ساڵ لە دووری و کەللەڕەقی، هاتووە لەسەر دەستی تۆ هیدایەت وەرگرێ لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا، جا ئەوەی خەیاڵی داگیرکردبوو ئەوە بوو کە تۆ وا پێت باشتر بوو جەنابت بڕۆیە ماڵیان، وەك ئەوەی بڵێی «ئەسڵ وایە کە ئێمە بڕۆین بۆ لای ئەو پیرەپیاوە»، لە کاتێکدا خەڵکی لە ولاتانەوە دێن بۆ لای تۆ ئەی بە بەزەییترینی بەندەکان بە بەندەکان.

فێرتکردم کە کەسی گەورە هەمیشە دەستپێشخەرە بۆ خزمەتکردن، ئەگەر کەسێکیش بیەوێ ببێتە هۆکارێك بۆ هیدایەتدانی مرۆڤێك، پێویستە سادەیی بنوێنێ و لە ڕەوشتەکانیدا بەدی بکرێ.

لەکاتی خوێندنی قورئاندا، جەنابت دەگریێی کاتێك ئەو ئایەتانە دەخوێنییەوە کە باسی ڕەحمەت و بەزەیی برا پێغەمبەرەکانت دەکات بە گەلەکانیانەوە، ئینجا خوای گەورە جبریل لە ئاسمانەوە ڕەوانە دەکات و پرسیارت لێدەکات: «ئەوە چی تۆی گریاند ئەی پێغەمبەری سەروەرمان؟»، تۆش لە وەڵامدا وشە نازدارەکەت دەفەرموویی: «گەلەکەم، گەلەکەم»، بۆیە پەروەردگارت بەڵێنی ئەوەت پێدەدا کە دڵت بداتەوە و فەرمان دەکات: «ئەی جبریل، بڕۆ خوارەوە بۆ لای موحەممەد و پێی بڵێ کە ئێمە ڕازیت دەکەین بەوەی کە داوات کردووە بۆ گەلەکەت، ناشهێڵین هیچ ناخۆشی و ئازارت تووش ببێ».

سوێند بەخوا ئێمە زۆر بە بەختین ئەی پێغەمبەری سەروەرمان، ئای لە خۆشبەختیمان بە وشەی «گەلەکەم، گەلەکەم».

فێرتکردم کە لە نزاکانمدا، داوای هیدایەت بۆ دۆستانم لەبیر نەکەم، هەروەها کە کەسی خاوەن دڵی ڕاستگۆ و خەمخۆر خۆشبەختییەکەی لەوەدایە کە دڵنیابێ لەوەی

کە دۆست و خۆشەویستانی لە ئەمانی هیدایەتی خوای گەورەدان لە دونیا و دواڕۆژدا، فێرتکردم کە چاکەی بەرامبەرەکەمم مەبەست بێ، تەنانەت لە هەستەکانیش کاتێک فەرموو: «هەرچی بۆخۆت پێتخۆش بێ، بۆ براکەشت بە هەمان شێوە پێت خۆش بێ»، جەنابت بەو واتایانەوە دەژیای و، کردت بە میرات بۆ هاوەڵانت، کاتێکیش کە نزات دەکرد دەتفەرموو: «گەلەکەم، گەلەکەم»، لە خەمخۆری و خۆشەویستییەوەت بوو بۆ ئێمە.

فێرتکردم، کە هیدایەتدانی مرۆڤێک و دەرچوونی لە تاریکییەکان بەرەو ڕووناکی، یەکێک بێ لە گەورەترین خۆشبەختییەکانی من وە، دڵخۆش بم کاتێک دەبینم کە پەروەردگارم کەسێک ڕزگار دەکات لە دووری نووری هیدایەت بەروە چراکانی نووری نزیکی لەخۆی، چونکە بەم شێوەیە هەموومان لەژێر سایەی ڕەحمەت و بەزەیی پەروەردگارمان دەژین.

تۆرەیی پێغەمبەر ﷺ

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
جەنابت بووی کە فێری ئەو هەڵسوکەوتە نموونەییانەت کردم لە مامەڵەکردنم لەکاتی تۆرەیی، لەوانەیە نەتوانم کەمالی هەڵسوکەوتە پیرۆزەکانت جێبەجێ بکەم لە هەموو ساتەکان، بەڵام جوانترین شت ئەوەیە کە قەشەنگترین هەڵسوکەوتەکانت پیشان داین لەکاتی تۆرەیی و لەسەرخۆبوون، فێریشت کردین کە کەی و چۆن تۆرە ببین، فێرتکردم کە مافی خۆمە تۆرە ببم کاتێك فەرموت: «من مرۆڤم، چۆن مرۆڤ ڕازی دەبێ، منیش بە هەمان شێوە ڕازی دەبم، هەروەك چۆن مرۆڤیش تۆرە دەبێ، منیش تۆرە دەبم».
بەڵام هەرگیز بۆ خۆت تۆرە نەدەبووی، بەڵکو تۆرە دەبووی بۆ سەرخستنی ڕاستگۆیی، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ڕاستگۆیی بکەی، نەك بۆ ئەوەی تەنها خۆت سەربکەوی جا هەرچۆنێك بێ.
کەسێك لێت بە ژوور دەکەوێ، کە هێشتان فێرنەبووە چۆن ڕێز لە پێگە و مەقامی پێغەمبەرایەتی بگرێ، لەو کاتەی تۆ خەریکی دابەشکردنی غەنیمە و دەستکەوتەکانی، بەو پەڕی چاوقایمییەوە پێت دەڵێ: «ئەی موحەممەد دادپەروەر بە! ئەو دابەشکردنەت ڕازیبوونی خوای گەورەی لەسەر نییە»، تۆش پێی دەفەرمووی: «ئاگاداری قسەکانت بە! بەڕاستی گەر من دادپەروەری نەکەم ئەوا تۆ دۆڕاو و سەرشۆڕی»، چۆن وا گومان دەبەی کە پێغەمبەرێك ستەم و زۆرداری و زیادەڕەوی لە مالٌ دابەشکردندا بکات!؟
ئەوەی لەوکاتە پێت ناخۆش بوو، پوچەڵی عەقیدەکەی و چاوقایمیەکەی بوو بەسەر مەقامی پێغەمبەرایەتییەوە،

بێ بەشت نەکرد لە بەشی خۆی لە دەستکەوتەکان و، نەتهێشت ئەوانەی دەوروبەرت تۆڵەی تۆی لێ بکەنەوە یان وەڵامی بدەنەوە، بەڵام فێرتکرد کە چاوقایمی کرد بەسەر مەقامێکەوە کە چاوپۆشی لێ ناکرێ!

فێرتکردم کە کەسی بە ڕەحم و بە سۆز چۆن تۆڕە دەبێ، کاتێک کچە هاوەڵی بەڕێزت، ڕوبەییەعی کچی موعەوویز، ددانی یەکێک لە دراوسێکانی شکاند و خێزانی بریندارەکە، قوربانی و لێخۆشبوونەکەی ڕەتدەکەنەوە، جەنابت بە دادپەروەرییەوە سزای ڕەوا دەدەی، ئینجا گەورە هاوەڵان خۆیان دێخنە نێو بابەتەکە بۆ پاراستنی ڕوبەییەعی هاوەڵت، تۆ تۆڕە دەبی و دەفەرموویت: « مافی خوا و خەڵک لەیاد مەکەن»، جا کەس و کاری بریندارەکە ئەو تۆڕەییەت بۆ لایەنگری ڕاستگۆیی دەبینن، بۆیە دەبێتە دڵنەوایی بۆیان و دڵئارام دەبن کە بێ دەسەڵاتەکان کەسێکی گەورەیان لەپشتە و، مافەکانیان دەپارێزێ، ئیتر ئەوان لێخۆشبوونی خۆیان دەردەبڕن و لە سزاکە پاشگەز دەبنەوە و، هەموویان بە دڵێکی ڕازی لە مزگەوت دەچنە دەرەوە.

فێرتکردم چۆن تۆڕەببم بۆ مافی بێ دەسەڵاتەکان، تۆڕەییەک کە ڕیسوایی تێدا نەبێ، بەڵکو تۆڕییەک کە جێگیری لەسەر مافپەروەری تێدا بەدی بکرێ بۆ بەرژەوەندی کەسی بێ دەسەڵات نەک بۆ خەڵک.

کاتێکیش یەکێک لە هاوەڵانت نوێژی بەیانی بە سوڕەتی (البقرە) دەستپێدەکات و، لە ناوەڕاستی نوێژەکە کە زۆر درێژەی خایاند، یەکێک لە جووتیارەکان نوێژ بەجێ دەهێڵێ و بە تەنها نوێژەکە تەواو دەکات بۆ ئەوەی پێڕا بگات و بڕواتە نێو زەوییە دوورەکەی پێش ئەوەی ڕۆژی پێ بکەوێ، بەشێک لە خەڵکی کە بینیان نوێژی جێهێشت

و بە تەنها تەواوی کرد تا بگاتە ئیش و کارەکەی، بە دووڕوو ناویان برد، چونکە لەبەر ئیش و کار نوێژی جێهێشت، ئەویش بە خەمگینییەوە دێ و لای تۆ شەکوای خۆی دەکات، تۆش تووڕە دەبی و دەفەرموویت: «ئەی خەڵکینە، لەنێو ئێوە کەسانێك هەن کە وا لە خەڵکی دەکەن دوور بکەونەوە لە عیبادەتەکان، جا هەرکەستان پێشنوێژی کرد بۆ خەڵکی، با کورت و بارسووکی بکات، چونکە پیر و بە تەمەن و منداڵ و خاوەن پێداویستی تێدایە».

فێرتکردم کە بارسووکی چۆن بکرێ، جا تووڕەییەکەشت لە شێوەی زانست و زانیاری دەردەبڕی و، بەهۆیەوە ئەندازەی بەندایەتیکردنت فێرە خەڵکی دەکرد، کە هەرگیز وایان لێ نەکات تووشی بێزاری ببن.

سەروەرم ئەی پێغەمبەری خوا سوپاس بۆ ئەو جوانییەت لە خۆشییەکان و ئەو جوانییەشت لە تووڕەییەکان.

بەڕاستی کردەوە چاکەکان کردەوە خراپەکان لادەبەن و گوناهەکان دەشۆنەوە

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هەرگیز بەڵانسی کردەوە خێر و چاکەکان ون نابن، نە لەلای تۆ و نە لەلای پەروەردگاریشمان، کاتێکیش بەندەی چاك، تووشی هەڵە دەبێ، لەوانەیە ئەو کردەوە چاکانەی ببنە شەفاعەت بۆی بە ڕەحمەتی خوا.
سەروەرمان، هەر تۆش بووی کە ئەو وتانەی پەروەردگارت فێرکردین کە فەرموویەتی: «إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ» واتە: (بەڕاستی کردەوە چاکەکان کردەوە خراپەکان لادەبەن و گوناهەکان دەشۆنەوە).
لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا نەتدەویست یەك دڵۆپە خوێنیش بڕژێ، سەرەڕای خیانەتکردن و لادانی قوڕەیشییەکان لە پەیمانەکەش، هەر بۆیە تۆ ئەو سوپا مەزنەت دەخەیە ئامادەباشی و، پلان و ئاراستەکردنیان بە نهێنییەوە دەکەی بۆ ئەوەی کەس پێی نەزانێ، بەڵام یەکێك لە هاوەڵە گەورە و بەڕێزەکانت کە گەورەمان حاتیبی کوڕی ئەبو بەلتەعەیە، هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات، کاتێك هەواڵ دەنێری بۆ مەککە کە پێغەمبەر بە سوپایێکی مەزنەوە لە ڕێگایە، ئەم کارەشی بەهۆی ترسی بوو لەسەر خێزانەکەی کە لەوێ مابوون و لەوێ دەژیان، نەکا خەڵکی مەککە یەخسیریان بکەن یان بیانکوژن کاتێك دەزانن کە سوپای موسڵمانان بەڕێوەیە، جا ئەم هەڵەیە دەزانرێ و بڵاودەبێتەوە، کە بە چاوی خەڵکی ئاشکراکردنی نهێنییێکی زۆر گەورەی سوپایە و بە دووڕوو ناوی دەبەن و، داوای کوشتنی دەکەن، بەڵام تۆ ئەو دیمەنەی حاتیبی کوڕی ئەبو بەلتەعەت لەیادە، کە چەندە جوامێرانە بوو

لەکاتی شەڕی بەدردا کە زۆریش کەم بوون، بۆیە بەرگری لێ دەکەی سەرەڕای نکۆڵی نەکردنت لە هەڵەکەی و، دەفەرموویی: «نەخێر، دووڕوو نییە، دیارە کە پەروەردگارمان سەیری دڵ و دەروونی جەنگاوەرەکانی بەدری کردووە و زانایە بەوەی کە هەر کردەوەیەک دەکەن لە باشە یاخود خراپە، نییەتیان تورەکردنی خوا و پێغەمبەر نییە لەخۆیان، بۆیە پێیان دەفەرموویێ لێتان خۆش بووم».

فێرتکردم کە ئاساییە ئەگەر کەسی بەهێز، لاواز ببێ و، چاکەکار هەڵە بکات، بەڵام ئەوەی بەڵانسی هەیە لای تۆ و پەروەردگارمان، ئەوا ئەو بەڵانسە شەفاعەتی بۆ دەکات لەکاتی گوناهکردن.

جەنابت بووی کە بە هاوسەرەکانت دەفەرموو: «هەرگیز با پیاوی ئیماندار، ڕقی لە ژنە ئیمانداڕەکەی نەبێ ئەگەر ڕەوشتێکی بەدڵ نەبوو، با لێی بکۆڵێتەوە، هەڵبەتە ڕەوشتێکی دیکەی هەیە کە بەدڵییەتی»، بۆ ئەوەی هەموو دوو کەسێك کە یەکترییان خۆشدەوێ تێبگەیێنی کەوا کاملبوون تەنها بۆ خوای گەورە خۆیەتی، هەروەها کە چاکەکردنی خۆشەویستەکەم بەرامبەر من ڕۆژێك لە ڕۆژان، ئەسڵ وابێ کە شەفاعەتی بۆ بکات کاتێك بەو مرۆڤێنییەی خۆی هەڵە دەکات و کەمتەرخەم دەبێ بەرامبەرم، چونکە زیان بەو جۆرە ناڕواتە سەر، بۆیە دەبێ هەمیشە ئەو وەسییەتەی پەروەردگارمان لەیاد بێ کە دەفەرموێ: «وَلَا تَنْسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ» واتە: (چاکە و پیاوەتی نێوانتان فەرامۆش و لەیادی مەکەن).

ئەی موحەممەدی سەروەرمان ئەوە تۆ بووی پێت فەرموین کە ڕۆژی قیامەت کەسی گوناهکار بە ڕزگاربوونی لە سزا سەیر دەمێنێ، چونکە وەسیەتەکەی تۆی فەرامۆش نەکردووە کاتێك فەرموت: «بێ تاقەت مەبە لەوەی

چاکەیەک بکەی ئەگەر دە گوناهیشت کردبێ»، چونکە لەپێش پەروەردگارێکی بەخشندە دەوەستێ، هەرکات ئەو بەندەیە هەڵەیەکی کرد، پەروەردگارمان یەک هەڵە دەخاتە تەرازووی خراپەکانی، کاتێکیش چاکەیەک دەکات، دە چاکە تا حەوسەد هێندە چاکەی بۆ دەخاتە تەرازووی چاکەکانی، چونکە خوای پەروەردگار بەخشندەیە لەگەڵ هەڵەکاران و چاکەکارانیش، ئا بەوە شێوەیە تۆ خۆشەویستی پەروەردگارمانت لەدڵ چەسپاندین.

ئەوە جەنابت بووی ئەی موحەممەدی سەرمان، کە هانتداین سەرەڕای لاوازیشمان، کۆمەڵە کردەوەیەک بکەین کە بە چاوی خەڵکەوە زۆر بچووکن، بەڵام لەلای خوای گەورە زۆر مەزنن، چونکە پەروەردگارمان خاوەن لێخۆشبوون و ڕەحمەت و بەزەییەکی فراوانە، هەر ئەوە کە فەرموویەتی: «وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ مِنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِنْدَ اللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا» واتە: (هەر دەستپێشخەرییەکی چاکە بکەن، بۆ خۆتان سبەی دەیبینەوە و، لای خوا دەستتان دەکەوێتەوە بە باشتر و پاداشتی گەورەتر).

فێرتکردنی کە هەرکەس بەڵانسی هەبێ لە کار و کردەوەی چاکە لای پەروەردگارمان، هەرگیز ون نابێ و نافەوتێ.

دانایی و سادەیی پێغەمبەر ﷺ لە دەربڕینەکان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
سەیری هەڵوێستە جیاوازەکانت دەکەم لەگەڵ خەڵکی و شۆك دەمگرێ بەو تێگەیشتنەت بۆ خووی مرۆڤەکان، هەروەها بەو مامەڵە سادەیەت لەگەڵیان.
هەرکەس گوێبیستی وەسیەتەکانت بێ، بەهۆی سادەیی و قوڵییەکەی لە هەمان کاتدا لێیان تێدەگا و دەکەونە دڵییەوە، بەڕاستی خوای گەورە توانایێکی زۆری پێداوی لە دەربڕینی وتەکان بە شێوەیەکی زۆر جوان و سادە و مانای قووڵ و بێ هەڵە.
پێغەمبەرێك بۆ گشت مرۆڤەکان، تەنانەت بیانییەکانیش کە ناموسڵمانن، پەند و ئامۆژگاری وەردەگرن لە قسە و وتەکانت بەهۆی سادەیی و دانایی زۆر و ئەو واتا جوانانەی لەپشت وتەکانتەوە هەن.
کۆمەڵێك گەنج کە مااڵ و نیشتیمانیان جێ هێشتووە، دێنە الت بۆ ئەوەی ئایینەکەت فێربێن، تۆش چەندین شەو و ڕۆژ خۆت لەگەڵیان هیالك دەکەی و فێریان دەکەی و لێیان نزیك دەبییەوە و وەك هاوڕێیەك دەبی لەگەڵیان، ئینجا دوای بیست ڕۆژ، بەهۆی تێگەیشتنت لە نەفس و خووی مرۆڤەکان، لێیان دەپرسی دەربارەی هاوسەرەکانیان بە تایبەت لەو تەمەنە، چونکە تۆ دەزانی کە گەنج بە تایبەت لەو تەمەنە چەندە هەست بە غەریبی و تەنهایی دەکات دوور لە هاوسەرە خۆشەویستەکەی، بۆیە بەو پەڕی سادەییەوە پێیان دەفەرموی: «بگەڕێنەوە بۆ الی خێزانەکانتان و سەرپەرشتیان بکەن، هەروەها فێریان بکەن، هەروەك چۆنیش منتان بینی کە نوێژ دەکەم، بەو شێوەیە ئێوەش نوێژ بکەن».

فێرتکردم کە هەرچەندە زانست و زانیاریم زیاتر بێ، هێشتان سادەیی و لێکتێگەیشتن لەگەڵ خەڵکی جوانتر و نایابترە.

هەڵوێستی ئەو بەسەرهاتەت لەگەڵ ئەو دەشتەکییەی کە میزی کرد لە مزگەوت پڕە لە سادەیی، هەروەها تێگەیشتنێکی زۆر قووڵی لێ بەدی دەکرێ بۆ کلتوورە جیاوازەکان، کاتێك هاوەڵان ویستیان لە مزگەوت دەربکەن، بە دانایی و تێگەیشتوویت ڕێگریت لێکردن، چونکە تۆ دەزانی کە لە ژینگە و کلتوورێکی جیاوازەوە هاتووە، ئەمەش هەڵوێستێکی شەرمەزارانە دەبێ وا دەکات کە پیاوە دەشتەکییەکە واقی وڕ بمێنێ گەر لە مزگەوت دەرکرابایە، لەکاتێکدا یەکەم ڕۆژی موسڵمانبوونی بوو، بۆیە فەرمانت کرد کە ئاو بکەن بە شوێنی پیسایەکە.

بەو هەڵوێستە قەشەنگەت فێرتکردین کە زۆرترین چارەسەرەکان کە پڕن لە دانایی، ئەو چارەسەرانەن کە پڕن لە سادەیی و ڕەحم و بەزەیی، زۆرترین شتێکیش وابکات خەڵکی ڕابکێشێ بۆ لای خۆم، تێگەیشتنە لە ناخیان بێ ئەوەی خۆیان ئاشکرای بکەن.

فێرتکردم کە ئەگەر بمەوێ بانگخواز بم، بەو هەڵسوکەوتە پڕ لە ڕەحمانە ببمە بانگخواز، هەروەها تێگەیشتنم لە خەڵکی و لێخۆشبوونیان و سادەیی نواندن لەگەڵیان، زۆر گرنگترە لەو ئامۆژگارییەی کە شکاندنەوەی تێدایە یان ئەو هەڵسوکەوتەی ڕەقی و بێ حیکمەتی و نادانیی تێدایە.

کاتێك ئامۆژگاری و قسەت دەکرد، سێ جار دووبارەت دەکردەوە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی تێبگەن و لێی حاڵی ببن، سەرەڕای توانات لە بەکارهێنانی سەیرترین

و گرانترین دەستەواژەی عەرەبی، کە نیشانەی فراوانی زانست و مەعریفەتی تۆ دەبوو، بەڵام تۆ بیرت لای خەڵکی بووە و بیرت لەوە کردۆتەوە کە هەموویان جیاوازن لە تێگەیشتنیان لەو وتە و واتا گرانانە.

فێرتکردم کە بیر لە سوودگەیاندن بە کەسی بەرامبەر بکەمەوە، نەک بیرکردنەوە لەخۆم و خۆ نیشاندان.

کاتێک هاوەڵان لە حەبەشە دەگەڕێنەوە، کچە منداڵێکیان لەگەڵە کە لەوێ لەدایکبووە و تەمەنی سەرەتایی لەوێ بەسەر بردووە، جا کاتێک ویستت سوعبەتی لەگەڵ بکەی لەکاتێکدا ئەو دەلەرزێ لە بەرامبەرت، بە زمانی خەڵکی حەبەشە قسەت لەگەڵی کرد و پێت فەرموو: «سَنَا يَا أُمَّ خَالِد سَنَا» واتە: (جلوبەرگەکانت زۆر جوانن)، بەڵام بە زمانی خەڵکی حەبەشە.

فێرتکردم کە چۆن دەبێ تێبگەین لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن، فێرتکردم کە چۆن ئەگەر کەسێک بە ترس و لەرزەوە بێتە لات، بەو پەڕی هێمنی و دڵنارامی لەلات بچێتە دەرەوە، فێرتکردم کە سادەیی و تێگەیشتنی مرۆڤەکان، گرینگترین کلیلی دڵی مرۆڤەکانن.

دڵسۆزی و نییەت پاکی لەکاتی بەخشین

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
لە جوانترینی ئەو واتایانەی فێرتکردووین، ئەوەیە کە چاکەکردن بە قەبارەکەی نییە، بەڵکو بە پاکی ئەو نییەتەیە کە لە دوایەوەیەتی، هەروەها بەخشین بە کەمی و زۆری نییە، بەڵکو بەو ڕەحمەت و دڵسۆزییەیە کە لەگەڵییەتی، بۆیە هەرچەندە کەمیش بێ، پەروەردگار قبوڵی دەکات و دووهێندە و زیاتریشی دەکات، چونکە دەستی والایە، ئەو بەندەیەشی خۆشدەوێ کە هەرچی هەیەتی دەیبەخشێ بە کەسانی دیکەش.
عوسمانی خۆشەویستت وەسفی تۆی کردووە و دەفەرموێ: «پێغەمبەر ﷺ بە کەم و زۆر چاکەی لەگەڵ دەکردین و خێراتی لەگەڵمان بەش دەکرد»، هەرچییەك و هەرچەندێك بووایە دەتبەخشی و یارمەتی کەسی دیکەت دەدا بەپێی پێویست، بۆ ئەوەی دڵنەواییان بکەی.
هاوەڵە هەژارەکانت چەندە دڵخۆش دەبوون کاتێك دوو ڕکات نوێژت لە ماڵیان دەکرد، بۆ ئەوەی بڵێن: «پێغەمبەری سەروەرمان لەلای ئێمە بوو، پێغەمبەری سەروەرمان خودی خۆی لێرە نوێژی کردووە»، ئینجا ئەو جێ و شوێنە پیرۆزانەی تۆیان بە بەرەکەت سەیر دەکرد، کە بەو جەستە پیرۆز و موبارەکەتەوە نوێژت لێیان کردووە.
کاتێك بینیت ئەبو ئومامەی باهریی هاوەڵت دانیشتووە لە مزگەوت و، بێزار دیار بوو، لەکاتێکدا هێشتان کاتی نوێژ نەهاتبوو، چوییە لای و دەتویست لەو ناخۆشی و بێزارییەی دەربهێنی، پرسیاری لێدەکەی دەربارەی حاڵی و هۆکاری دانیشتنی لە مزگەوت بەو کاتە، ئەویش فەرمووی: «ئەی پێغەمبەری خوا خەم و قەرزم تووشبووە».

ئینجا دڵدانەو و دڵنەوایی دەکەی بە نزاکردن بۆی، چونکە لەو کاتە هەر ئەوەندەت لەدەست دەهات ، بۆیە فێرتکرد کە بڵێت: «پەروەردگارا پەنات پێدەگرم لە خەم و پەژارە، هەروەها پەنات پێدەگرم لە بێ تاقەتی و تەمبەڵی و ترسنۆکی و بەخیلی و زۆری قەرزداری و زاڵبوونی دەسەڵاتی کەسانی نەزان و نەفام لە فیتنەدا».

فێرتکردم کە یارمەتیدەر بم تەنانەت ئەگەر بە وشەیەك یان پرسیارکردنیش بێ، هەروەها کە یارمەتیدەر بم هەرچەند کەمیش بێ و خەم لەوە نەخۆم کە پێم بگوترێ «هەر ئەوەندەت پێکرا!؟»، چونکە هەموو چاکەیەك، تەنانەت زەردەخەنەیەك، یاخود دڵنەواییەکیش بێ، خەم و پەژارەکانی کەسەکە سووکتر دەکات.

چەند وشەی شیرین کە کات و ماندووبوونێکی بەو جۆرەمان لێ نابا، بەڵام بوونەتە هۆی داخرانی دەرگاکانی ئاگر بە ڕووماندا، جەنابت ئاوا فێرتکردووین کاتێك فەرموت: «خۆتان لە ئاگر بپارێز گەر بە پارچە خورمایێکیش بێ، ئەگەر نەبوو، ئەوا بە وشەیەکی شیرین».

دڵی ئێمە و هاوەڵانت پەیوەستکرد بە خێر و چاکەکردن، هەرچەند بچووکیش بێ، بەهۆی ستایشکردنت بۆ هەر کارێکی چاك کاتێك فەرموت: «هیچ کار و کردەوەیەك پووچ مەکەن و بە چاوێکی کەمەوە تەماشای مەکەن، تەنانەت گەر ڕووخۆشیش بێ بە ڕووی براکەتدا».

کاتێك کەسێکی کەمدەرامەت هات و داوی خێری لێکردی، خورمایێکت پێیدا، ئەویش زۆر بە چاوێکی کەمەوە سەیری کرد و گوتی: «پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران تەنها یەك خورما دەکاتە خێر!؟»، ئینجا جەنابت فەرموت: « مەگەر نەتزانیوە کە یەك خورما چەندین سەلگی گەردیلەی تێدایە؟».

دواتر یەکێکی تر هات و داوای خێری لێکردی، تۆش بە هەمان شێوە خورمایێکت پێبدا، ئەویش زۆر بە چاوێکی گەورەوە سەیری کرد و بەرزی نرخاند و گوتی: «خورمایێك لە پێغەمبەرێکەوە!، سوێند بەخوا تا ماوم هیوا دەخوازم کە بەرەکەتەکەی لێم نەبڕێ»، ئیتر بەرەکەتەکەی لێ نەبڕا تا خوای گەورە دەوڵەمەندی کرد.

خۆشبەختی بۆ ئەوانەی لەگەڵت ژیان و بە کەم ڕازیبوون و بە چاوێکی گەورەوە سەیری نیعمەت و کردەوەکانیان دەکرد، خۆشبەختی بۆ ئەوانەی کە لە تۆوە فێربوون دڵیان بجوڵێ بۆ هەژارەکان و خێر و چاکە بکەن، هەرچەند کەمیش بێ.

فێرتکردم کە ببەخشم هەرچەند کەمیش بێ لەوەی کە هەمە، هەروەها خێر و چاکە هەرچۆنێك و هەرچەندێك بێ، پەروەردگارم زۆر زیاتری دەکات و گەشەی پێدەدا و بەرەکەتی خۆی تێدەخا بۆ خاوەنەکەی، تا وای لێ دێ یەك خورما لە ڕۆژێی دوایی لە تەرازووەکەی بە قەد چیای ئوحودی لێبێ، بۆیە خوای گەورە پاداشتی خێر و چاکەت بداتەوە ئەی سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

بەخشین و دانیی پەروەردگار لە بەڵا و ناخۆشییەکان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هەمیشە ئەوەت فێری هاوەڵانت کردووە کە لەگەڵ بەڵا و نەخۆشییەکان بەخشندەیی خواش دێنە خوار، هەروەها کە ئەگەر پەروەردگارمان بەندە چاکەکەی تووشی بەڵایەک کرد، هەرگیز ئەوە ناگەیێنێ کە پەروەردگارمان ویستی تۆڵەسەندنەوەی هەبێ، بەڵکو پرە لە بەخشین و دانایی، هەر ئەوەش بووە کە جەنابت فێری هاوەڵانت کردووە لە سەختترین کاتەکانی تووشبوونیان بە بەڵا و ناخۆشییەکان، بۆیە لە هەموو بەڵایەک ئاماژەت بە حیکمەتێکی پەروەردگارمان دەکرد بۆیان، تا بەم شێوەیە ئەوان و ئێمەش فێربکەی کە چۆن خۆمان بدەینە دەست قەزا و قەدەری پەروەردگارمان.
هەروەها ناڕەزایی دەرنەبڕین، چونکە لەپشت هەر بەڵایێکەوە حیکمەتێک هەیە، ئەگەرچی خاوەنەکەشی درکی پێنەکات.
کاتێک بە لای خانەوادەی گەورەمان عەمماڕی کوڕی یاسردا تێپەڕ دەبی و دەبینی کە چەندە ئازار دەدرێن لە سەرەتاکانی ئیسلامەتیدا، زۆر خەمگین بووی کە نەتدەتوانی ڕزگاریان بکەی و سەریان بخەی، چونکە هێشتان ڕێپێدان بە جیهادکردن دانەبەزی بوو لەلایەن خوای پەروەردگارەوە، ئەوکات جیهادکردن تەنها بە قورئان بوو، هەروەک پەروەردگارمان فەرموویووی: «وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا» واتە: (بەم قورئانە هەوڵ و کۆشش و خەباتێکی گەورەیان لەگەڵدا بکە).
لێرەدا ئاماژەت بە حیکمەتی خوای گەورە کرد بۆیان و فەرموت: «خۆڕاگر بن ئەی بنەماڵەی یاسر، دڵنیابن

کە ئێوە بەهەشت چاوەڕێتانە»، ئیدی بەو وتە شیرینانەتەوە حاڵی ئەوانت گۆڕی لە ئازار و تەنگەتەنی دونیا، بەرەو خۆشگوزەرانی و فراوانی دواڕۆژ، ئەوانیش بەو وتانەت جێگیری و خۆراگریان زیاتر دەبێ لەبەردەم ئەو بەڵا گەورەیە و، بیر لەوە دەکەنەوە کاتێک لەگەڵ خوای گەورە دەبن لە بەهەشتێکدا کە پانتاییەکەی بە ئەندازەی زەوی و ئاسمانەکانە، دڵی ئەوانت پڕکرد لە یەقین و ڕازیبوون لەناوەڕاستی ئەو تاڵییەی دەیچێژن.

فێرتکردم کە چۆن چاوەڕێی پاداشت بکەم و بیبینم لە ناوەڕاستی بەڵاکاندا، هەروەها چۆن ئارام و خۆڕاگر بم لە بەردەم هەموو بەڵایەك کە بەسەرمدا دێ و بیر لە قەبارەی ئەو دونیا بچووك و فانییە بکەمەوە بەراورد بە ئەو بەهەشتە مەزن و تا هەتاییە، هەروەها کە هەرچەندیش خۆڕاگر بم ئەوا زیاتر حیکمەتی پەروەردگارم بۆ ڕوونەبێتەوە و دڵم پڕ دەبێ لە ڕازیبوون.

کاتێکیش دەڕۆیە لای دایکی سائیبی هاوەڵت، دەبینی کە دەلەرزێ لەبەر نەخۆشی گرانەتا، لێی دەپرسی «حاڵت چۆنە؟»، ئەویش لەتاو نەخۆشی و ناڕەحەتی گرانەتا دەڵێت: «خوا بەرەکەتی تێ نەخات»، تۆش تێڕاونینی بۆ نەخۆشییەکە دەگۆڕی و فێری دەکەی و حیکمەتی خوای بۆ ڕوونەکەیەوە لەو نەخۆشییە و، دەفەرموی: «قسەی ناشرین بە گرانەتا مەڵێ، چونکە هەڵەکانی بەنی ئادەم دەسرێتەوە، هەروەك چۆن مووشەدەرە پیسایی ئاسن لادەبات».

فێرتکردم کە جەستەم مولکی خوایە و پەروەردگارم بەسۆزترە لەمن بە نەفسی خۆم، هەروەها کە ئەگەر تووشی هەر ئازارێك ببم ئەوا دەبێتە کەفارەتی تاوانەکانم و پلەم لای خۆی بەرزتر دەکاتەوە.

ئەی موحەممەدی سەروەرمان سوپاس بۆ بوونی هەمیشەییت

لە تەکمان و، مەدەدی زانست و مەعریفەتت بۆ ئێمە، کە تێڕوانینمان بۆ خۆشی و ناخۆشییەکان بەرەو باشتر دەگۆڕی، بۆیە ئەی پێغەمبەری سەروەرمان بە لەگەڵ تۆ بوون، هەمیشە خۆشی و شادیمان زیاتر دەبێ و ئازارەکانمان سووکتر دەبن.

ئەمان و ئارامی پێغەمبەر ﷺ بۆ دەوروبەری

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
ئەی موحەممەدی سەروەرمان لە ژیانمدا مرۆڤێکم نەبینیوە وەک جەنابت ئارام و ئەمان بێ بۆ دەوروبەری، ئەی ڕێنیشاندەری مرۆڤەکان، ئەمان بووی بۆ هەموو دەوروبەرت، هێمنیت پێدەبەخشین و دەستت دەگرتن لەکاتی هەڵەکردندا و، سەرچاوەی زانست و زانیاری بووی لەکاتی سەر لێشێوانیان.
هاوەڵان پێشبڕکێیان دەکرد بۆ ئەوەی لە تەنیشتت دابنیشن و گفتوگۆت لەگەڵ بکەن، چونکە یەقینیان هەبوو کە مەجلیسەکەی تۆ مەجلیسی ڕێزگرتن و کۆکراوی هەموو غەریب و سەر لێشواوێکە.
هەم سڵاوکردنت لێیان، کە هەر خۆی ئەمان بوو، هەمیش لەکاتی تەوقەکردندا کە دەست نەدەکێشاوە تا خۆیان دەیکێشنەوە، ئینجا تا کۆتایی گوێبیستی پرسەکەیان دەبووی و سەبرت لەسەر کەسی بیانی و غەریب دەگرت لەسەر شێوازە وشکەکەیان تا فێرە ئەدەب و ڕەوشت دەبوون لەگەڵ پێغەمبەرایەتی.
فێرتکردم کە کەس تووشی شۆک نەکەم، لەکاتێکدا ئەو هیوای بە تۆیە کە لەخۆی دەگریت و داواکەی جێبەجێ دەکەی و وەڵامی پرسیارەکانی لای تۆ دەستدەکەوێ، ئینجا پەیامەکەشت هەمیشە ڕوون بووە، چونکە هەمیشە فەرموتە: «من لەگەڵتانم لەسەر ئەو ئایینە، من لە ئێوەم، ئێوەش لە منن».
فێرتکردم کە ئەمانە لە گرنگترینی هەستەکانە کە مرۆڤ بەدواياندا دەگەڕێ، هەروەک چۆن ئەستێرەکان لە ئاسمانەوە ئەمانن بۆ خەڵکی و ڕێنیشاندەریانن، منیش

بە هەمان شێوە ببمە ئەمان بۆ هەموو دۆست و خزمان و خێزانەکەم، ڕووناکی بم لەنێو تاریکیەکان کە هێمنی دەدات بە کەسی ترس لە دڵ و دەیبات بەرەو ئەمان و ئارامی.

خەڵکی مەدینە گوێیان لە دەنگێکی زۆر ترسناك دەبێ و ڕادەکەن بەرەو لای دەنگەکە بە ترسەوە، دەیانەوێ بزانن هۆکاری ئەو دەنگە ترسانەکە چییە، دەبینن لەپێش ئەوان لەلای دەنگەکەوە دەگەڕێیەوە، پێش ئەوان کەوتی بۆ ئەوەی هێمنیان بکەیەوە و هێمنیان پێ ببەخشی و، فەرموویت: «خەم مەخۆن و مەترسێن».

لە پێشەوەی هەمووان چووی بەرەو مەترسییەکە و گەڕایەوە بۆ هەواڵدان وەك بڵێی «مەترسێن تا من لەنێوانتاندام»، فێرتکردم کە چۆن سینگم بکەمە قوربانی بۆ خەڵك و نیشتیمانەکەم.

جارێکیان گەورەمان عومەر ئیزن دەخوازێ کە بێتە ژوورەوە و، تۆش چەند ئافرەتێکت لەلا دانیشتوون و خەریکی قسەکردن و شەکواکردنن و، دەنگیان بەرزە، گەورەشمان عومەر ئەوەی پێ سەیر دەبێ کە بەو شێوەیە ئارامن و ناترسێن کە لە خزمەت تۆ دانیشتوون، جا هەر کە عومەر دەبینن، دەترسن و هەڵدەستنە سەر پێ و خۆیان حەشار دەدەن، عومەری گەورەشمان زۆر پێی تورە دەبێ کە چۆن لەو دەترسن و لە پێغەمبەری سەرومرمان ناترسێن، ئینجا ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن کە دانیشتن لەگەڵ پێغەمبەر هەمووی ئەمان و ئارامییە، سەرەڕای دەنگی بەرز و پرسیارە زۆرەکانیشیان.

فێرتکردم کە چۆن لە دەروونەکان تێبگەم و، چۆن سەبر بگرم لەسەر ئەو کەسەی کە خۆشەویستی منی لە دڵە و هیوای بەمن هەیە، چونکە بەڕاستی خەڵکی هەر

لەپێناو یەکتری دەژین.

سوێند بەخوا کەسمان نەبینیوە وەک تۆ ئەمن و ئەمان بێ بۆ سەرپێچیکار و هەڵەکاران، ئەوەی هەڵەی دەکرد دەهات لەگەڵت باسی دەکرد و هێمنی پێوە دیار بوو، چونکە دڵنیا بوو کە قبووڵی دەکەیەوە و خۆشەویستیت بۆی کەم ناکات.

هەموو موسڵمانان چیرۆکی ئەو گەنجەیان لەیادە ئەی پێغەمبەری خوا، کاتێک هات و گوتی: «ئیزنم بدە زینا بکەم»، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هاتبوو کە ڕزگاری بکەی لەدەست ئەو شەهوەتەی، بۆیە جەنابت دڵە ڕاستگۆیەکەیت بینی لەپشت شەهوەتەکەیەوە، کە وایکردووە بێت و داوات لێبکا کە قورتاری بکەی پێش ئەوەی بکەوێتە داوی ئەو هەڵە گەورەیەوە، جا چونکە تۆش ئەمان و ئارامییت، سەرقاڵی فێرکردنی بووی نەک تووندڕەوکردنی.

ئینجا نەگبەتی و ڕاستی ئەو تاوانەت بۆی ئاشکرا کرد، بەڵکو نزاشت بۆی کرد، بۆیە کە لەلای تۆ ڕۆشتە دەرەوە، دڵی ڕقێکی زۆری تێدا بوو بەرامبەر گوناهکردن، ئیدی ئەو ڕۆژە بووە سەرەتای چاکبوونی حاڵیی و سەرەتای هیدایەتی دڵی.

فێرتکردم کە هەموومان سواری هەمان کەشتین و، هەموومان پێویستیمان بە یەکتری هەیە و هەموشمان دەکرێ تووشی هەڵە ببین، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئێمە نەبینە شەریکی شەیتان لە هاندانی کەسێک کە هەڵە دەکات.

ئەی مەحەممەدی سەروەرمان سوپاس کە بووی بە نموونەیەک بۆ ئەو پەندەی کە دەڵێت: «ئیماندار واتە ئەمان، ئیماندار واتە سادەیی، ئیماندار واتە قبوڵکردنی کەسی بەرامبەر».

پێغەمبەر ﷺ چاکترین نموونەی ڕێزلێنان لە خۆشەویستی

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
لەنێو هەموو ئەو چیرۆکانەی خۆشەویستی کە باس دەکرێن بە درێژایی مێژوو، ئەو چیرۆکانەی خۆشەویستی کە لە ژیاننامە و سیرەی تۆدا خوێندوومەتەوە زۆر قوڵتر و جوانتر و ڕاستگۆتر بوون وە، هەرگیز کەسێکم نەبینیوە کە وەک تۆ خاوەن پێگە و مەنزڵگەیەکی بەم شێوەیە بێ و، پارێزگاری لە خۆشەویستی بکات، ئەی سەروەری خۆشەویستان.
ئەو خۆشەویستییەی نێوان گەورەمان زەینەبی کچت و ئەبو العاصی مێردەکەی دەپارێزی، کاتێک لە غەزای بەدرا، کە ئەبو العاصی مێردی گەورەمان زەینەب هێشتان موسڵمان نەببوو، بە ئەسیر گیرا لەگەڵ یەخسیرەکانی دیکە و، دوای سەرکەوتنت لە جەنگی بەدردا هێنایان بۆ لای تۆ، گەورەمان زەینەبیش ملوانکەی دایکی دێنێ و دەیکاتە قوربانی مێردە ئەزیزەکەی بۆ ئەوە ڕزگاری بکات، جا تۆش ئەی پێغەمبەری سەروەرم کە دەزانی کچەکەت چەندە مێردەکەی خۆشدەوێ و، نیازیەتی کە گرانبەهاترین شتی خۆی بکاتە قوربانی کە لە دایە خەدیجەوە بۆی مابویەوە، ئیزن لە هاوەڵان دەخوازی و پێیان دەفەرموی: «ئەگەر بکرێ مێردە ئەسیرەکەی بۆ ئازاد بکەن ئەوا بیکەن»، هاوەڵانیش بە خۆشەوویستییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەسیرەکە دەکەن و ئازادی دەکەن، ئینجا گەورەمان ئەبو العاص بەخۆی و ملوانکەکەی دایە خەدیجەوە، کە زۆر بە نرخە لای کچەکەت، دەگەڕێنەوە بۆ مەککە.
فێرتکردم کە بەهێزیی، پیشاندانی خۆشەویستییە و،

لاوازی ڕاستەقینەش ئەوەیە، شتێك بشارمەوە کە شانازی پێوەدەکەم.

ئینجا ڕۆژان دێن و دەڕۆن و سروووش دادەبەزێ و فەرمان دەدرێ کە ئافرەتی موسڵمان جیابێتەوە لە مێردی کافر، بۆیە گەورەمان زەینەبی کچی شیرینیشت ئەبو العاصی پیرەپیاوەکەی جێ دەهێڵێ و دێتە مەدینە بۆ لای تۆ، تۆش لەخۆی دەگری و فەرمانی پێدەکەی کە خۆڕاگر بێ لەسەر جیابوونەوەی لە خۆشەویستەکەی و فەرمانەکانی خوا جێبەجێ بکات.

فێرتکردم کە هەرچەند خۆشەویستی لەدڵم بە نرخ بێ، ئەوا خۆشەویستی خوا بە نرختر، چونکە دڵم موڵکی پەروەردگارمە.

جا چەندین ڕۆژ تێدەپەڕێ و دیسان ئەبو العاصی کوڕی ڕەبیع ئەسیر دەکرێ، جا لەو کاتەی تۆ دانیشتووی لە مزگەوتەکەتدا، زەینەبی جوان و بەخشندەکەت سەرە پیرۆزەکەی دەهێنێتە ژوور و دەڵێت: «ئەبو العاص لەژێر ڕکێفی خۆمانە»، ئیدی هاوەڵانت کە ئیتر فێرە خۆشەویستی و لێبووردەیی بوونە لە تۆوە و لەسەر ئەو ئایتەش کە پەروەردگار تێیدا دەفەرموێ: «وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا» واتە: (هەروەها نان و خۆراك دەبەخشن، ئەگەرچی خۆشەویستیش بێت لایان، بە هەژار و هەتیو و دیلەکان)، بەخۆیان داوات لێدەکەن کە ئەبو العاص ئازاد بکرێ، ئیتر تۆش ڕازی دەبی و ئەویش هەوای ئازادی هەڵدەمژێ، کە نرخەکەی ئەو خۆشەویستییەی دڵت بوو، جا دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی، بەڵام نە بەرگەی دووری تۆ و نە بەرگەی دووری کچە ڕەسەن و خۆشەویستەکەشت دەگرێ، ئیدی موسڵمان دەبێ و دێتە خزمەتت و، دوای

ئەوەی لە هاوتایی شەریکدانان بۆ خوا ڕزگاری دەبێ، دەبێتە ئەسیری خۆشەویستی.

ئەی مەحەممەدی سەروەرمان فێرتکردم کە هێز و توانا تێکەڵی خۆشەویستی کرا، ئەوا هەموو دڵێک دەکاتە ئەسیری خۆی هەرچەند دووریش بێ.

یەقینی پێغەمبەر ﷺ بە پەروەردگاری خۆی

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
پەیوەندییەکی زۆر ناوازە هەبوو لەبەینی تۆ و پەروەردگارت، نموونەی نایابترین پەوەندییە ئاسوودەکان بوو، پڕاوپڕ بوو لە بڕوا پێبوون و خۆشەویستی و پشتبەستن.
پەروەردگارت بەڵێنی پێدای کە سەرت دەخا، بۆیە جەنابت گورج و گۆڵ بووی بە مەدەدی خوای گەورەوە، ئینجا جەنابیشت مەدەد بووی بۆ هاوەڵانت لەکاتی لاوازییان، چونکە پەروەردگارت لە بەڵێنەکان لانادا و دەیانباتە سەر، تۆش هەرچەند بارودۆخەکە سەخت ببووایە لەسەرت ئەو بەڵێنەت لەبیر نەکردەکرد.
پەروەردگارت پێتی فەرموو: «إِنَّا لَنَنْصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا» واتە: (بەڕاستی ئێمە پێغەمبەران و ئەوانەشی کە باوەڕیان هێناوە سەردەخەین)، بۆیە چووی دەستت پێکرد ئەی پێغەمبەری خوا و بە ڕەحم و بەزەییەوە چوویە نێو خەڵکی، بێ ئەوەی خەم لە هیچ شتێك بخۆی نە لە دونیا و نە لە ڕووداوەکانی، بەڵام تاکە خەمت ئەوەبوو کە ببینی نوری هیدایەت لە دڵ و دەروونی بەندەکانەوە ڕەنگدەداتەوە.
جارێکیان هاوەڵت، خەبابی کوڕی ئەرەت دێتە لات، بە زەویدا دەخشێ و توانای ڕۆیشتنی نەماوە لەبەر زۆری ئێش و ئازار لە سەرەتاکانی ئیسلامەتیدا و، پێت دەڵێ: «ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە کە پەروەردگارمان سەرمان بخات، مەگەر دوعامان بۆ ناکەی؟»، دواتر سەیر دەمێنێ کە دەبینێ سوێند دەخۆی و دەفەرموویی: «سوێند بەخوا پەروەردگارمان ئەم کارە کۆتایی پێدێنێ و ستەمکاران لەناو دەبات، تا هەموویان بە ئەمانی خوای گەورەوە بژین».

فێرتکردم کە یەقینی دڵم بە بەڵێنی پەروەردگارم، زۆر زیاتر بێ لەو یەقینەی کە بە چاوی خۆم دەیبینم، هەرچەندیش ڕووداوەکان بە پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە بڕۆن کە من لە پەروەردگارمەوە چاوەڕێم دەکرد، لە کۆتاییدا ئەوە تاقیکردنەوەیە، ئیتر بابەتەکە هەموو لەسەر کات وەستاوە و پەیمانی پەروەردگارمان هەر دێتە جێ.

ڕۆژی کۆچکردن، گەورەترین ڕۆژ بوو کە تێیدا پشت بەخوا ببەستی، کاتێک سوپایێک لە قوڕەیشییەکان بە تەواوی بەدوای تۆ و ئەبو بەکری هاوەڵتدا دەگەڕان، ئینجا ویستی خوا بوو کە بگەنە لاتان لە ئەشکەوتی «سەور»، جا کاتێک ئەبو بەکر (وەک بڵێی داوای یارمەتی بکات) پرسیار دەکات و دەفەرموێ: «ئەگەر یەکێکیان تەنها سەیری ژێر پێیان بکەن ئەوا دەمانبینن ئەی پێغەمبەری خوا»، تۆش وەڵامێکی پڕ لە یەقین بە بوونی پەروەردگارە نزیکەکەی و سەرکەوتنی بەسەر دوژمناندا، دەدەیەوە و دەفەرموێ: «ئەی ئەبو بەکر، گومانت چۆنە بە دوو کەس کە خوای گەورە سێیەمیانە، خەفەت مەخۆ، دڵنیابە کە خوا لەگەڵمانە».

فێرتکردم کە یەقینم بە سەرفرازی زیاتر بێ هەرچەند کێشەکان زیاتر بن بەسەرمەوە، هەرچەندیش ناخۆشییەکان تووشی تەنگە نەفسییم بکەن، هێندەش دڵخۆشی سەرفرازی، دڵم فراوانتر دەکات، هەر ئەوەش بوو کە دڵی ئەبو بەکر پێیدا تێپەڕی، کاتێک دواتر گەیشتنە مەدینە بە پشتیوانی و ئەمانی خواوە.

لە جوانی پەیوەستبوونی جەنابت بە خوای گەورەوە و هێزی پەیوەندی دڵت بە پەروەردگارتەوە، ئەوە بوو کە هەر کاتێک ئاواتێک دەکەوتە دڵت، یەقینت دەبوو کە پەروەردگار دەیهێنێتە جێ بۆت و هەر واش دەردەچوو.

ئەو ڕۆژەی ئاواتت دەخواست کە وشترەکە دیسان بگەڕێتەوە کەعبە، تەنها چاوەکانت بەرەو ئاسمان هەڵدەهێنا و، دڵیشت دەیفەرموو: «زانینت بە حاڵم وام لێدەکا کە خۆم نەپرسم و داوات لێ نەکەم»، بۆیە پەروەردگارت وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا» واتە: (بەراستی چاوگێڕان و هەڵسوڕانی ڕووخسارت بە ئاسمان دەبینین (کە بە هیوای ڕووگەیەکی تایبەتیت، ئێمەش ئاگاداری نیازی دڵت بووین)، سوێند بەخوا ئێمەش ڕووت وەردەچەرخێنین بۆ ڕووگەیەك کە پێی ڕازی و خۆشنوود بیت)، ئیتر ڕووگەی کەعبە دەگۆڕدرێ تەنها لەبەر خاتری دڵدانەوەی تۆ.

لەکاتی خوێندنی قورئانیشدا دەگریێ، بەهۆی بەزەیی هاتنەوەت بە حاڵی گەلەکەت لە ڕۆژی دواییدا، جا پەروەردگارت جبریلی گەورەمانت بۆ دەنێرێ و پێت دەفەرموێ: «ئەی موحەممەد مەترسێ، ئێمە ڕازیت دەکەین بەوەی کە داوات کردووە بۆ گەلەکەت، ناشهێڵین هیچ ناخۆشی و ئازارت تووش ببێ».

ئەوسا تێگەیشتم، کە بە چ شێوەیەك دڵی پێغەمبەر بە پەروەردگارییەوە بەستراوە و، هیوام خواست کە بەشێك لەو گومان بردنە باشە و یەقینەتم هەبێ بە نزیکی لە پەروەردگارت.

ئەی موحەممەدی سەروەرمان سوپاس بۆ ئەو دەریا دەوڵەمەند و فراوانەت، لە هەست و سۆزی نازداری نێوان تۆ و پەروەردگارت، کە بووە هۆی تێگەیاندنی ئێمە، کە دەبێ پەیوەندی خۆشەویستی نێوان بەندەی هەژار و خوای قەدرگران چۆن بێ، وە کە وای لێکردین خەون بە وەرگرتنی ئەو یەقینەوە ببینین، بۆ ئەوەی هەمیشە دڵنیابین و یەقینمان

هەبێ بە پەیمانی پەروەردگارمان، هەرچەند ڕووداوەکانی ژیان بەسەرماندا سەخت و زەحمەت بن.

هەر کەسێک لە ئێوە باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، با وشە و قسەی چاک و خێر بدوێ

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
خۆشمدەوێی ئەی موحەممەدی سەروەرمان کاتێک کردەوەکانت دەبینم، خۆشمدەوێی کاتێک گوێبیستی قسەکانت دەبم، زارت شیرینتر بوو لە هەنگوین، بۆیە سوور بووی لەسەر ئەوەی کە قسەی شرین و وشەی جوان و دەربڕینی پڕمانامان بۆ بەجێ بهێڵی.
جەنابت بووی فێرتکردین کە بیربکەینەوە پێش قسەکردن، هەروەها کە یەک وشەی جوان زمان دەربببڕی، لەوانەیە ببێتە خۆشبەختی بۆمان تا ڕۆژی دوایی، هەروەها ئەگەر مرۆڤ یەک وشەی زامدار، یان ئازاربەخش، یانیش گاڵتەپێکردن دەربببڕێ و مێشک ئاگای لێنەبێ، لەوانەیە بەهۆیەوە خوا لێم تورە ببێ.
جەنابت بووی یاسات دانا، کە تەنها لە دوو بژاردە پێکهاتووە، جا یان زمان وشەیەکی چاک و خێر بڵێ، یانیش بێ دەنگ بێ، ئەگەریش مرۆڤ سوور بوو کە هەر دەبێ ئەو وشە خراپ و شەڕە بەسەر زمانیدا بێت، پێویستە پێداچوونەوە بە ئیمانی بکات لەگەڵ خوای گەورە، کاتێک فەرمووت: «هەر کەسێک لە ئێوە باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، با وشە و قسەی چاک و خێر بدوێ، ئەگەرنا با خۆی بێ دەنگ بکات».
فێرتکردم کە ڕوونترین پێوەرەکانی ئیمان بریتییە لە پاراستنی زمان لەو شتانەی وەرە دەڕوخێنن، یان دڵێک دەشکێنن، یانیش هەموو یادگاریی ساتە خۆشەکان لەناو دەبەن.
جەنابت بە ناوی نازاندنەوە بانگی خۆشەویستەکەت دەکرد

و، پێت دەفەرموو «ئەی عائیش»، عبدالرحمانی کوڕی سەخری هاوەڵیشت کە پشیلەکەی زۆر خۆشدەویست، بە «ئەبو هورەیرە (خاوەنی پشیلەکە)» بانگ دەکرد،، کاتێکیش دەتەویست کە خێری بدەیێ چونکە هەژار بوو، پێت دەفەرموو: «لێمی وەربگرە ئەی «ئەبا هیر» (بە ناوی نازاندنەوە)».

ئەوکات تێگەیشتم کە هیچ شتێك نابێتە دڵنەوایی وەك زمانێکی بەسۆز و نازدار.

یەهودییەك بەو پەڕی بێ ئەدەبییەوە سڵاوت لێدەکا و دەڵێ: «السَّامُ علیك» واتە: (مردن بۆ تۆ)، جەنابیشت ئەو قسانەیان پێ نائێیەوە و جگە لە زمانخاوێنی هیچی ترت لێ بەدی ناکرێ، بۆیە وەڵام دەدەیەوە و دەفەرمووی «وعلیکم» وە، نەهیش دەکەی لەو کردەوەیەی خۆشەویستە ئەزیزەکەت (عائیشە)، کاتێك لەسەری کردیەوە و گوتی «وعلیکم السَّامُ واللعنة» واتە: (مردن و لەعنەتی خواتان تووش بێ)، بۆیە فەرموت: «ئەی عائیشە، هەر شتێك نەرموونیانی تێدابێت، جوان شیرینی دەکات».

فێرتکردم کە زمانم بپارێزم لە بێ ڕەوشتی هەندێك کۆمەڵگە، چونکە پەروەردگارم لەگەڵمە و بینەر و بینایە و، حەز ناکات کە قسە و وشەی ناشرین بە ئاشکرا و دەنگ بەرزییەوە بڵێین.

گەورەمان موعاز سەیری بەوە دێ کە بەو شێوە زۆرە ئاگاداری دەکەیەوە لە بەکارهێنانی زمانی زبر یان ناشرین یان گاڵتەجار، کاتێك جەنابت پێت فەرموو: «ئەی موعاز، تۆ سەرت دەسوڕمێ لە ڕۆژی قیامەت کاتێك دەبینی زۆربەی ئەوانەی ئەشکەنجە دەدرێن، ئەوانەن کە بێ ئاگا بوون لە زمانە ناشرین و ئازاربەخشەکەیان، مەگەر ڕاکێشرانی بەشێکی زۆری خەڵکی لەسەر دەم و چاو بەرەو ئاگر هەر

هۆکاری سەرەنجامی زمانەکەیان نییە».

جا سەرەڕای زمانە شیرین و پاراوەکەت، لە سوجدەدا لە پەروەردگارت دەپاڕێیەوە و دەفەرموویت: «من توانای وەسف و ستایشێکی شایەن بە تۆم نییە، پاك و بێگەردی بۆ تۆ، هیچ مەدح و سوپاسگوزارییەك نازانم کە شایەن بە تۆ بێ، وەك چۆن خۆت وەسف و ستایشێکی خۆت دەکەی»، چەندە دەربڕینێکی جوانە، کە بە نەتوانینی سوپاسگوزاری بۆ خوای میهرەبان سرووش کراوە.

ئەی موحەممەدی سەروەرمان سوپاس بۆ زمانێك کە جگە لە خێر و چاکە هیچی تری بەسەردا نەهاتووە، هیچ نهێنیەکیشی ئاشکرا نەکردووە و بە سرووش و فەرمانی خوا نەبێ هیچی لەخۆوە نەگوتووە.

پێغەمبەر ﷺ چاکترین پەروەردەکار

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
لە دڵەوە خۆشمدەوێی ئەی موحەممەدی سەروەرمان، چونکە کۆمەڵێک مێشکت پەروەردەکرد و کۆمەڵێک سەرکردەت دروستکرد، نەک تەنها دواکەوتوو و کەسی لاواز، هاوەڵانت گۆڕین و دەرتهێنان لە کۆسپ و بیرنەکردنەوە و دواکەوتنی کوێرانەی کۆمەڵگەی جاهلی، بەرەو فکر ڕۆشنی و کاراکردنی مێشک و گەڕان بەدوای وەڵام و بەڵگەکاندا.
هەمیشە ڕای ئەوانت وەردەگرت پێش ئەوەی بڕیارە گەورەکان بدەی وەک بڵێی، کە پێویستت پێیانە، سەرەڕای ئەوەی کە جەنابت پاڵپشتی دەکرێی بە سرووشی ئاسمانەوە، بەڵام سوور بووی کە کەڵە پیاوانێک بونیات بنێی و جیهان بەڕێوەببەن، ئەمەش یەکێکە لە سیفەتەکانی سەرکردەی دەستپاک لەگەڵ کەسانی دەوروبەری.
لە غەزوەی بەدردا، حوبابەی کوڕی مونزیر دێتە لات و پرسیارت لێدەکات دەربارەی ئەو شوێنەی کە لێی وەستاون و دابەزین: «ئایا ئەم بڕیارەت سرووشی پەروەردگارمانە، یاخود ئەمە ڕا و سەرنجی خۆتە و ئاوا پێت باشبووە؟»، تۆش لە وەڵامدا دەفەرموویی: «نەخێر، ئەوە تەنها ڕای خۆمە»، جا گەورەمان حوباب بە زیرەکی خۆی و ئەزموونی جەنگی، شوێنێکی گونجاوترت پیشان دەدات، دواتر پیلانێکیش پێشنیار دەکات، کە بووە هۆکارێکی سەرکەوتنی غەزای بەدر، تۆی سەرکردەی پەروەردکراویش هانی دەدەی و دەستخۆشی لێدەکەی لەسەر ئەو پێشنیار و بیرۆکەیەی و پێی دەفەرموویی: «بەڕاستی باشترین پێشنیارت پێشکەش کردم».

فێرتکردم کە یەکێک لە سیفاتەکانی سەرکردەی دەستپاک ئەوەیە کەسانی دەوروبەری بەرز بکاتەوە و سوور بێ لەسەر گەشەپێدانی مێشکیان و، بەشداریان پێ بکات لە بونیاتنانی داهاتوو، بەڵکو سەرکەوتنیش بۆ ئەوان بگەڕێنێتەوە ئەگەر بیرۆکەکانیان لەم شێوەیە بێ.

قوڕەیشییەکان ڕێگری دەکەن لە چوونەژوورەوەی ئەو هاوەڵە ئاشتیخوازانەی مەبەستیان عەمرە بوو و، خەریک بوو جەنگ ڕووبدا لەنێوانیان، بەڵام تۆ بە پەیماننامەکەی حودەیبیە کۆتایی بەو کێشەیە دێنی، ئیدی بڕیاری گەڕانەوە دەدی بێ ئەوەی تۆ و هاوەڵانت عەمرە بکەن و پێیان دەفەرموی: «تەواو ئیتر، ئێوە پاداشتی نییەتەکەتان وەرگرت، سەرتان بتراشن وەک ئەوەی عەمرەتان کردبێ»، بەڵام ئەو هاوەڵانەت کە دڵیان پڕە لە تامەزرۆیی بۆ تۆ، ڕەتی دەکەنەوە کە بگەڕێنەوە تا عومرە نەکەن و دەوەستن لە جێبەجێکردن فەرمانەکانت، ئینجا سەیر لەوە دایە کە جەنابت دەڕۆیە ژێر خێوەتەکەی خۆتەوە و پرس بە هاوسەرەکەت دایکی سەلەمە دەکەی کە چی بکەی، ئەویش دەفەرموێت: «بڕۆ دەرموە و لەبەردەمیان سەرت بتراشە و هەموویان وەک تۆ جێبەجێی دەکەن»، تۆش گوێڕایەڵی دەکەی و کێشەکە چارەسەر دەبێ.

سوور دەزانم ئێستا کە بەوە دایکم (دایکی سەلەمە) پڕە لە بڕوا بەخۆبوون بەهۆی ژیرییەکەی و تیژی بیرکردنەوەی دوای ئەوەی لە پرسێکی ئاوا گرینگ پرست پێی کرد.

فێرتکردم کە مافی نزیکترینی کەسەکان بەسەر منەوە کە هەستێکی لەو شێوەیەیان پێبدەم بە قەدرگرتنم لە بیرۆکەکانیان و، ڕێزگرتنم لە ڕا و بۆچوونیان ئەگەر سوودبەخش بوون، هەروەها کە ژیان ناچێتە سەر ئەگەر

مێشکی خۆم و ئەویش نەخەمە کار و پرس بە یەکتری نەکەین.

جا ئەوەی جێی سەرنجە، سوپاسگوزاری و دەستخۆشی و ستایشکردنی تۆیە بۆ تێگەیشتنی ئەو گەنجە لاوە کە عبداللەی کوڕی عەببباسە، لە وتە و مەبەستەکانی خوای گەورە، بەڵکو نزاکردنیشت بۆی کە پەروەردگار زیاتری پێ ببەخشی لەو زانستە کاتێك دەستت دانا سەر دڵی و فەرمووت: «پەروەردگارا تێگەیشتوو و فەقیهی بکەی لە قورئان و تەفسیری فێربکەی»، تا وای لێهات گەورە هاوەڵان پشت بە وتەکانی ببەستن و ستایشی تێگەیشتنی بکەن، بەڵکو پرسیاریشی لێبکەن کاتێك تێگەیشتنیان لە قسە و مەبەستەکانی خوا لەلا گران دەبێ.

فێرتکردم کە بایەخ بە بەهرە زیرەکەکان بدەم و، ڕێز لە ژیری و تێگەیشتنی وردیان بگرم، تەنانەت ئەگەر گەنجێکی بچووکیش بێ و لەخۆشم بچووکتر بێ، بەڵام مێشکەکەی جیاوازە.

ئەی موحەممەدی سەروەرمان سوپاس کە کوێراییت هەڵگرت لەسەر مێشکەکان بەو ئایینە، هەروەها بەو پەروەردەیەشت هەوموو ئەوانەی دەوروبەریشت هەستیان دەکرد کە مەزن و زیرەکن لە تێگەیشتن و ڕا و سەرنجیان، چونکە دەتزانی کە جێت هێشتن و گەڕایەوە لای پەروەردگارمان، دەبووایە ئەوان لەدوای تۆ بڵاوببنەوە لەسەر زەوی و ڕۆشنی بکەنەوە بە زانست و زانینە پیرۆزەکەت.

پێغەمبەر ﷺ ئاشتیخواز و چێنەری تۆوی خۆشەویستی

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
چەند جوانە ئەو فەرموودەیەت: «ناچنە بەهەشتەوە تا ئیمان نەهێنن، ئیمانیش ناهێنن تا یەکتریتان خۆشنەوێ، با شتێکتان فێر بکەم کە ئەگەر بیکەن دەبێتە هۆی خۆشەویستی و لەیەکتری نزیکبوونەوەتان، کە ئەویش بڵاوکردنەوەی سڵاوکردنە لەیەکتری لەنێوانتان».
فێرتکردم کە پێوەری بڕوا و ئیمانداریم بریتی بێ لە بڕی ئەو خۆشەویستی و ڕووخۆشییەی کە دەوروبەرم لەمنی دەبینن، هەروەها بڕی بەخشین و لێخۆشبوونم، نزیکییە ڕاستەقینەکەیە لە خەڵکی و لە پەروەردگاری خەڵکیش.
گەورەمان ڕوبەییەع یەك قاپی پڕ لە سەوزەت بۆ دەنێرێ، هەروەك عادەتی دراوسێکان لەگەڵ یەکتری، تۆش قاپەکەی بۆ پڕ دەکەی لە زێڕ و بۆی دەنێرییەوە، وەك سەرنجێکی خۆشەویستی و بەخشین، کە هەموو دڵێك بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ و، دەتەوێ بەو کردەویەت بفەرموویت: «ئەی هاوەڵانی من، ئێوە لای من زۆر بە نرخن و، ئەو شتە مادیانەی کە بە نرخن لەلام، لەچاو ئێوە بۆ من زۆر هەرزان و سووك دەبن».
مانای ئەو فەرموودەیەت فێرکردم کە تێیدا فەرمووتە: «دیاری ببەخشنە یەکتری، خۆشەویستیتان زیاد دەبێ»، هەروەها خوای گەورە دڵەکانی بەو شێوەیە دروستکردووە کە حەزی بە چاکە بێ و سەرنجی ڕاکێشرێ بە بەخشین و بەخشندەیی.
جەنابت بووی فێرتکردین کە ئەگەر کەسێك لە ئێمە

نیعمەتێکمان بینی بە دەست کەسێکی دیکەوە، دوعای بۆ بکەین، کاتێك فەرموو: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە، نیعمەتێکی بینی بەدەست کەسێکی دیکەوە و بەدڵی بوو، با نزای بەرەکەتی بۆ بکات»، بۆ ئەوەی هەموولایەك هەست بە نزیکیبوونەوە لەیەکتری و ئەمان بکەین، بۆ ئەوەی دابەشکردنی ڕزق و ڕۆزی بە شێوەیەکی جیاواز بەسەرماندا لەلایەن پەروەردگارەوە، نەبێتە هۆی لێکدابڕان و ئیرەیی بردنمان بە یەکتری.

فێرتکردم کە ئاگام لە چاوەکانم بێ، کاتێك هەستەکانم بۆ کەسی بەرامبەر دەردەبڕن، هەروەها کە هەوڵبدەم دڵخۆشیم بەو نیعمەتەی لەدەست براکەمە وەك ئەوە وابێ کە بەدەست منەوەیە.

جەنابت بووی ئەو خووەت فێرکردین، کە پێش هاتنت بوونی نەبوو، کاتێك فەرموو: «ئەگەر مرۆڤێکتان براکەی خۆشویست، با پێی بڵێت کە خۆشم دەوێی».

فێرتکردم کە خەسارەتمەندییە گەر هەستەکانم بەرامبەر بە کەسێکی ئەزیز کەم بکەم، چونکە لەوانەیە تەنها بە بیستنی ئەو وشانەی منەوە، دڵی بکرێتەوە و دەرگاکانی شەیتانی نێوانمان دابخرێن، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەو شەیتانە ئەوەیە کە ئیمانداران لە یەکتر بکات و پەیوەندییان تێکبدات.

جەنابت بووی کە فەرموو: «هیچ یەکێکتان باوەڕتان نەهێناوە، تا ئەوەی بۆخۆت پێتخۆشە، بۆ براکەی خۆشت بە هەمان شێوە پێتخۆش بێ».

زانایان گەیشتوونەتە ئەو تێگەیشتنە کە ئەو برایەی باسکراوە، برای مرۆڤایەتییە، کە تەنانەت ئەگەر بیروباوەڕیشتان جیاواز بێ، هەر بەو شێوەیەش تۆماریان

کردووە لای خۆیان، بۆیە لە جەنابتەوە فێریان کردین کە تەنانەت ئەگەر لە عەقیدەش جیاواز بین، نابێ ببێتە ڕێگری لەنێوانمان و لەنێوان خۆشەویستی و مەوددەت و چاکەکردنمان لەگەڵ یەکتری، هەروەها کە مرۆڤایەتی ئەسڵی بڕوادارییە، بڕوادارێیش بەبێ ڕەحمەت و بەزەیی بە بەرامبەر هەموو کەسێك بڕوادارێکی زیانبەخشە نەك سوودبەخش.

هەر بۆیە ئەی مەحەممەدی سەروەرمان، چەندین جار لە گەشتی ژیانت بەشێك لە هاوەڵانت داوایان کردووە دوعا لەو کەسانە بکەی کە تۆیان بە درۆزن ناودەبرد، بەڵام پێیان سەیر دەبوو کاتێك دەستە بەسۆز و پیرۆزەکانت بەرزدەکردەوە بەرەو ئاسمان و، لە دوایانەوە دڵێکی بەخشندە هەیە کە دەفەرموویت: «پەروەردگارا هیدایەتی گەلەکەم بدە، چونکە ئەوان نەزان و نەفامن».

فێرتکردم کە بڵاوکردنەوەی نزیکبوونە لە یەکتری و هیدایەت و چاندنی تۆوی خۆشەویستی و چاودێری یەکتری، پەیامم بێ تا لە ژیان ماوم.

بەو شێوەیە لە دونیا لەگەڵ تۆ دەژیم و لە ڕۆژیی دواییش لەتۆ نزیك دەبم، ئەی سەروەری ئەهلی خۆشەویستی.

ئوحود، ئەو چیایەیە کە خۆشمان دەوێ و خۆشی دەوێین

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
گۆڕانکارییەکی گەورەت لە نەفسی هاوەڵانت ئەنجامدا لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ گەردوون، لەوەی کە تەنها ڕووەك و بێ گیان و گیانەوەری نەفام و تێنەگەیشتوون بۆ ئەو تێڕوانینەی کە هەموویان بەندەی ملکەچی پەروەردگارن و هەست و سۆزیان هەیە و کارلێکدەبن لەگەڵ مرۆڤەکان و پەروەردگاری مرۆڤەکانیش، هەروەها هاوبەشن لەگەڵمان لە یادکردنەوەی خوای گەورە و ملکەچبوون بۆی.
هەست و تێڕوانینی ئەوانت گۆڕی بەرامبەر بە شتی بێ گیان، بۆیە ئامەژەت بە چیای ئوحود دەدا و دەتفەرموو: «ئوحود، ئەو چیایەیە کە خۆشمان دەوێ و خۆشی دەوێین».
دیمەنێکی دیکەش کە پڕ بوو لە حیکمەت و دانایی، ئەو کاتە بوو کە ئاماژەت بە مانگی یەك شەوەدا و ڕووی قسەکانت کردە خۆی وەك بڵێی گیانلەبەرێك بێ لەناوتاندا و فەرموت: «اللە اکبر، خودایە بینینمان بۆ مانگی یەك شەوە پەیوەست بکە بە ئەمن و ئاسایش و ئیمان و باوەڕ و سەلامەتی و ئیسلامەتی و ڕێ نیشاندەر بۆ ئەو شتەی کە خوامان خۆشی دەوێت و پێی ڕازییە، ئەی مانگی یەك شەوە، پەروەردگاری من و پەروەردگاری تۆش تەنها «اللە» یە».
بەو کردارانەت، دڵمانت پڕ کرد لە یەقین بەو ئایەتەی تێیدا خوای گەورە دەفەرموێ: «وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ» واتە: (هیچ شتێك

نییە لەم بوونەوەرەدا کە تەسبیحات و ستایش و سوپاسی ئەو زاتە نەکات، بەڵام ئێوە لە تەسبیحات و ستایشی ئەو شتانە تێناگەن).

من و هاوەڵانیشت فێرکرد کە گەر من ملکەچ بم، گەردیلە بێ گیانەکان کە خۆشەویستیان هەیە بۆ پەروەردگار، کارلێکدەکەن و کاریگەر دەبن بە پەرستشەکانی من و خۆشیان دەوێم، هەروەها هەموو گەردوون یەک پارچەیە لە ملکەچی بوون و یادکردنەوەی خوای میهرەبان و بەسۆز.

کاتێک بەڕێدا دەڕۆیشتی و بینیت دوو لە هاوەڵانت لەسەر پشتی وشترەکانیانن و ماوەیەکی زۆرە گفتوگۆ دەکەن، کاریگەر بووی بەو دیمەنە کاتێک دەبینی وشترەکان چەندە ئازار دەچێژن کە ئەوان ئەو ماوە زۆرە لەسەریان دانیشتوون بەبێ هیچ هۆکارێک، بۆیە بە پێغەمبەرایەتی و ڕەحم بەزەیی خۆتەوە فەرمانێکت دەرکرد و فەرمووت: «وڵاخەکانتان مەکەنە کورسیی دانیشتن»، ئەم فەرمانەشت شتێکی نامۆ نەبوو، چونکە جەنابت بووی کە پێت گوتین: «ئافرەتێکی دڵڕەق خرایە دۆزەخەوە بەهۆی ئەو مامەڵە بەدکارەی لەگەڵ پشیلەیەک، نە بەخۆی خواردنی پێدەدا و، نە دەیهێشت کە خۆیشی خواردنی ئەو ناوە بخوات، هەروەها ئافرەتێکی گوناهکار خرایە بەهەشتەوە، چونکە سەگێکی ئاودا».

فێرتکردم کە دڵم بجوڵێ و کاریگەربێ بە هەست و سۆزی وڵاخەکان، هەروەها ڕەچاوکردنی هەموو گیانێکم، ڕەحمەتێکە و بەهۆیەوە لە دونیا ڕەحم و بەزەییم پێدەکرێ لەتۆوە ئەی پەروەردگارم، دەرگاکانی بەهەشتم بۆ دەکرێنەوە لە دواڕۆژدا.

بۆیە موعجیزە ڕوودەدا و پەروەردگارت وادەکات کە گەردوون هەمان هەست و سۆزی بۆ تۆ هەبێ، کاتێک قەدی دارەکە

بەشێوەیەک بۆت دەگریا وەک منداڵێک کە خانەوادەکەی ونکردبێ، کاتێک جەنابت لێی دوورکەوتییەوە و لەسەر مینبەر وەستای بۆ وتاردانی هەینی، لەکاتێکدا ئەو ڕاهاتبوو کە هەموجار پاڵت بدەیە ئەو و لای ئەو بوەستی.

فێرتکردم کە هەست بە خۆشەویستی بکەم لە هەموو گەردیلەیەکەوە کە لە دەوروبەرم بوونیان هەیە، هەروەها کە من بە ڕەحم و بەزەیی بم بە گەردووندا، ئینجا زیاتر دڵم ئارام بێ کە دروستکەرمان هەر یەکە و، هەر هەموو گەردوون دیمەنێکی دڵگیر و پڕ لە هەست و سۆز دروستدەکات و تەسبیحات دەکات و سوپاس و ستایشی خۆی بۆ پەروەردگار دەردەبڕێ و باوەڕ دێنێ بە گەورەیی و باڵادەستییەکەی و خۆشەویستی لێدەڕژێ بۆ هەموو ڕەحم و بەزەییەک.

ئەی موحەممەدی سەروەرمان سوپاس کە هەمیشە دڵ و دەروون و مێشک و تێگەیشتنمان زیاتر ڕۆشن دەکەی، هەروەها بۆ سووربوونی هەمیشەییت لەسەر پڕکردنی دڵەکانمان لە سۆز و میهرەبانی و نەرمونیانی، تەنها بەرامبەر بە مرۆڤەکان نا، بەڵکو بەرامبەر بە هەر هەموو گەردوون.

وەفاداری پێغەمبەر ﷺ

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
ئەی گەورەی وەفاداران، سەرەڕای ئەوەی کە هەر تۆی خاوەن فەزڵ و زانست و زانیاری، هەروەها کە هیدایەتدان لەسەر دەستی تۆ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا جەنابت سوپاسگوزار و وەفادار بووی و، دانت بە هەموو چاکەیەک دەنا کە لەگەڵت دەکرا و، هەموو ئەوانەت پاداشتەکرد کە چاکەیەکیان لەگەڵ دەکردی.
ئەبو بوختەری کوڕی هیشام هاوەڵپەرست بوو، بەڵام ڕاست و ڕەوا بوو، ستەمی قوڕەیشییەکانی بۆ تۆ و خێزانەکەتی بە دڵنەبوو، بۆیە کاتێک پەیوەندییان لەگەڵ پچڕاندی و لەگەڵ بەنی تاڵیب لە ناوچەکانی خۆتان بۆ ماوەی سێ ساڵ گەمارۆیاندایان، ئەبو بوختەری نارەزایی دەربڕی بەرامبەر قوڕەیشییەکان و کەعبەی کردەوە تا ئەو نووسراوە پووچەڵ بکاتەوە کە تێیدا نووسراوە «پەیماننامەی پەیوەندی پچڕاندن».
ئەی موحەممەدی سەروەرمان تۆش ئەو جاکەیەی لە دڵتدا بۆی هەڵدەگری و دوای چەندین ساڵ، لە غەزوەی بەدردا دەفەرموویت: «هەرکەس ئەبو بوختەری کوڕی هیشام ی پێشچاو کەوت، با نەیکوژێ»، ئیدی بەو شێوەیە ئەبو بوختەری ڕزگاری دەبێ بەهۆی ئەو وەفادارییەت لەسەر هەڵوێستێک کە چەندین ساڵ لەمەوپێش لەگەڵی کردبووی.
فێرتیکردم کە فەزڵی خاوەن فەزڵەکان لەیاد نەکەم، هەرچەند ڕۆژ و کاتیشی بەسەردا بڕوات، یاخود هەرچەندیش لەیەکتر جییاواز بین.
دوای غەزوەی حونەین، کاتێک غەنیمە و دەسکەوتەکانی

دوای جەنگەکە بەسەر تازە موسڵمانان لە خەڵکی مەککە دابەش دەکەی، کە تەنها هەفتەیەك دەبێ موسڵمان بووبوون، بەشێك لە خەڵکی مەدینە پێیان ناخۆش دەبێ، تۆش لەبری ئەوەی گلەییان لێ بکەی کە لەسەر بەشێکی مالّی دونیا زووبر بوونە، دڵنەواییان دەکەی و پێیان دەفەرموویی: «ئێوە ئەهلی فەزڵن، خەڵکی بەدرۆیان خستم بەڵام ئێوە منتان بە ڕاستگۆ زانی و، خەڵك و خزمانم دەریانکردم و ئێوە پێشوازیتان لێکردم، مەگەر ئەوەتان پێ خۆش نییە کە ئەوانە مالّی دونیا ببەن لە مەڕ و وشتر، ئێوەش پیغەمبەری خوا؟»، بەم شێوەیە دڵیان دەدەیەوە و بە چاوی فرمێسکەوە دەگەڕێنەوە و دڵخۆشن کە تۆیان لەگەڵە و ئەوانی تریش مالّی دونیا لەگەڵ خۆیان دەبەن.

فێرتکردم کە وەفاداری وابکات لە زووبربوونی ئەو کەسانە تێبگەم کە زۆر منیان خۆشدەوێ، بەڵکو لەسەرم واجبە کە کاردانەوەیەکی لەوە گەورەتر لەمن ببینن کە چاوەڕوانیان دەکرد.

ئینجا لەسەر مینبەرە پیرۆزکەت دەوەستی و بە ڕوونی ڕایدەگەیێنی کە پاداشتی هەموو ئەو کەسانەت داوەتەوە کە لە گەشتی ژیان لە تەکت وەستاون و پاڵپشتت بوون، جگە لە هاوەڵی تەمەن و هاوسەفەری گەشتەکەت، گەورەمان ئەبو بەکر، پێی دەفەرموویی: «تەنها پەروەردگارمان دەتوانێ پاداشتی ئەو چاکە و یارمەتیدانەت بداتەوە».

فێرتکردم کە دڵنیایی بدەمە خاوەن فەزڵەکان بەسەرمەوە بەوەی کە ئەو فەزڵەیانم هەمیشە لەیادە، بەڵکو شەرمیش نەکەم لەوەی لەپێش هەموو خەڵکی ڕایگەیەنم کە هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەرم بوونە، چونکە تەنها ئەهلی

فەزڵ نرخی فەزڵ و خاوەن فەزڵەکان دەزانن.
ئینجا دوای زیاتر لە دە ساڵ لە کۆچی دوایی دایە خەدیجەی هاوڕێی ژیانت، بەشێك لە هاوسەرانت غیرە دەکەن کاتێك باسی دەکەی و پێت دەڵێن: «ئەوە تۆ هێشتان لەیادتە؟!، خۆ چەندین ساڵە مردوە و پەروەردگارمان لەو باشتری بە قسمەت کردی»، تۆش دەفەرموویی: «هەرگیز پەروەردگارم لەو باشتری بە قسمەت نەکردووم، ئەو بە ڕاستگۆیی زانیم کاتێك خەڵکی بەدرۆیان خستم و، باوەڕی پێکردم کاتێك خەڵکی بێ باوەڕبوون بەرامبەرم».
فێرتکردم کە کات چاکە و باشە لە دڵی وەفاداران دەرناهێنێ، بەڵکو کات وادەکات کە شەوقت زیاتر بێ تا ئەو چاکەیە بدەیەوە، هەروەها کە خەڵکی خاوەن ڕەسەن ناگۆڕێن، بەڵکو لەسەر ئەو پەیمان و خۆشەویستیی و وەفادارییە دەمێننەوە بەرامبەر بە خاوەن فەزڵەکان.
سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان بۆ ئەو دڵە وەفادارەت و، ئەو گیانە پاك و پیرۆزەت، کە دڵنەوایی دەداتە هەموو خاوەن فەزڵ و چاکەکان.

بەزەیی پێغەمبەر ﷺ بە گوناهکاران

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
مامەڵەکردنت لەگەڵ گوناهکاران پڕ بوو لە ڕەحمەت و بەزەیی کە مرۆڤ سەیر دەما لە بەرامبەریان، ڕەحمەتێك کە دەبووە هۆی ڕاکردنی گوناهکار لە ئێش و ئازاری وێژدان بەرەو بەهەشتی سۆز و ڕەحمەت و نزاکردنت بۆی، زمانحاڵی هەموویان ئەوە بوو کە دەیانگوت: «ئەگەر ئێمە هەڵەمان کرد، ئەوا دەست بەتۆوە دەگرین ئەی موحەممەدی سەروەرمان تا بتوانین هەڵبستینەوە».
ڕەحمەت و بەزەییت بە بەرامبەر ئێمە کە مرۆڤین و هەڵەکارین، دەبووە هۆی ئەوەی کە گوناهکاران لە نقومبوونیان بەناو گوناهەکانیان بگوازرێنەوە تا وایان لێدێ لە خۆیان ڕازی بن و ڕاکەڕاك بکەن بەرەو دەرگاکانی پەروەردگاری پادشامان.
هەرگیز لەپێش چاوی خەڵك، نە هەڵەی کەسێکت ڕاستکردەوە و، نە گوناهبارێکت ئاشکراکرد و، نە کەمتەرخەمێکت ڕیسواکرد، بەڵکو مامەڵەکردنت لەگەڵیان تێکەڵەیەك بوو لە ڕەحمەت و بەزەیی، هەروەها قبوڵکردنی حاڵی و هەوڵدانت بۆ یارمەتیدانی، حەزێکی ڕاستگۆیانە بوو بۆ ڕزگارکردنی هەموو نەفس لاوازێك لە گوناهـ و تاوان.
کاتێك هاوەڵێك هاتە بەردەمت تا لە ڕاهاتنی لەسەر مەی خواردنەوە تەوبە بکات، و گوێت لە بەشێکیان دەبێ کە پێی دەڵێن: «نەفرەتت لێ بێ، هەمیشە ئاوا بە سەرخۆشی تۆ دەهێنن»، پێیان دەفەرموو: «یارمەتیدەری شەیتان مەبن بۆ سەر براکەتان»، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کاتێك شاهێدی بۆ دەدەی و دەفەرموو: «سوێند بەخوا جگە لە دڵسۆزی و

خۆشەویستیی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی، هیچی تری لە دڵ نییە»، هاوەڵانت فێردەکەی کە بە ڕەحمەت و بەزەیی بن بەرامبەر بە گوناهکار لەکاتی لاوازیان، ئینجا ئەوانیش نزای بۆ دەکەن لەبری ئەوەی نزای لێ بکەن.

نەمدەزانی مرۆڤێکی خاوەن گوناهی گەورە، دەکرێ کە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەری لە دڵ دابێ، بەڵام جەنابت بە سینگ فراوانی و شاهێدیدانت بۆی فێرتکردم.

فێرتکردم کە ئێمە دەبێ یەکڕیز بین، چونکە ئێمە سواربووی هەمان کەشتیین و هەموومان دەکرێ هەڵە و تاوان بکەین، هەروەها کە کاتی گوناهکردن کە شەیتان پێی خۆشە، واجبی ئێمەیە کە یارمەتیدەری بین تا واز لەو گوناهە بێنێ.

فێرتکردم کە لەپشتی گوناهکار بوەستم، جا گوناهەکەی هەرشتێك بێ، تا پاڵپشتی بم تا بتوانێ ئەو هێزە بدۆزێتەوە کە بەهۆیەوە ئەو گوناهە وازبێنێ، بۆ ئەوەی منیش ئەو لەپشتی خۆم ببینمەوە کاتێك من گوناهـ دەکەم.

ئینجا ماعزی گەورەمان دێتە لات، کە گەورە گوناهی زینای کردووە، داوات لێدەکات لە گوناهـ پاکی بکەیەوە و تۆش ڕووت وەردەگێڕی، ئینجا ئەو دیسان پێت دەڵێت: «من زینام کردووە، تکایە پاکم بکەوە و شەریعەتی خوام لەسەر جێبەجێ بکە»، تۆش دیسان ڕووی پیرۆزت وەردەگێڕییە ئەولاوە، ئاوا تا جاری سێیەم و چوارەم بە هەمان شێوە جەنابت ڕووت وەردەگێڕی، هەمووی تەنها بۆ ئەوەیە کە بەڵکو پێداچوونەوە بەخۆیدا بکات و تەوبە بکات و داوای لێخۆشبوون بکات و ئەو گوناهە لەنێوان و خۆی خوادا بمێنێتەوە.

فێرتکردم کە شەرع بەدوای سزادا ناگەڕێ، بەڵکو

خۆی لێ بەدوور دەگرێ، هەروەها کە ئەگەر کەسێک گوناهێکی کرد، با داوای چاوپۆشی لە پەروەردگار بکات و داپۆشێ و داوای لێخۆشبوون لە خوا بکات و تەوبە بکات و بگەڕێتەوە لای و، با بزانێ کە پەروەردگاریش بە ڕەحم و بەزەیی و لێخۆشبووە.

فێرتکردم کە ڕەحم بە نەفسی خۆم بکەم لە بەردەم لاوازیی و گوناهکردنم، هەرچەند ئەو گوناهەش گەورەبێ، هێشتان بچوکە بەرامبەر بە گەورەیی و فراوانی خوای لێخۆشبوو.

ڕۆژی عەرەفەش، کاتێک لەگەڵ فەزڵی کوڕی عەببباس دانیشتووی، کە کوڕی مامتە و گەنجێکی بچووکە، ئافرەتێک دێتە لات و پرسیارێکی شەرعییت لێدەکات، فەزڵ یش سەیری ئافرەتەکە دەکات، جەنابیشت بەو دەستە بە سۆز و ڕەحمەتانەتەوە ڕووی بۆ ئەولا وەردەگێڕی، بەبێ هیچ شکاندەوە و تونديیەک، یاخود سەیرکردنێک بە چاوی گلەییشەوە لەبەردەم ئەو ئافرەتە.

فێرتکردم کە هەڵەی گەنجەکان قبوڵ بکەم، هەروەها فێرتکردم کە چۆن خۆم بگونجێنم و لەیەک تێگەیشتنێکی بەرز هەبێ لەنێوان من و هەموو قۆناغەکانی تەمەن و پێداویستییەکانی، هەروەها کە ئەو کەسەی لە تۆ دەکۆڵێتەوە و لەگەڵت دەبێ و ئەو نەرمونیانی و خۆشەویستی و خەمخۆرییەی تۆ دەبینێ، چەندە فێردەبێ و سوودمەند دەبێ.

تەنانەت عبداللەی کوڕی ئەبو سەرح ی هاوەڵیشت، کە پاشگەزبوویەوە دوای ئەوەی لەسەر دەستت موسڵمان بوو و لە دوای تۆوە نوێژی دەکرد، بەڵام تووشی فیتنە بوو لە دینەکەی و گەڕایەوە سەر هاوەڵپەرستی، لەگەڵ ئەوەش هێشتان پێگەی خۆی هەیە لە دڵی تۆدا و، هێشتان لە

ڕەحمەت و بەزەیيت دوورنەخراوەتەوە، کاتێک لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا هات و داوای لێخۆشبوونی لێکردی، تۆش قبوڵت کردەوە و سڵاوت لێی کرد و گەڕایەوە نێو هاوەڵانت و هاتەوە ژێر سەرپەرشتی تۆ.

ئەوکات واتای ئەوە ئایەتەت تێگەیاندم کە پەروەردگار دەربارەی تۆ تێیدا فەرموویەتی: «وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ» واتە: (ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان)، هەروەها کە دەرگای پەروەردگارمان والایە تەنانەت بۆ تەوبەکار لە کوفر و هاوەڵپەرستانیش، ئینجا کە حوکم لەسەر کەس نەدەم، سەرەڕای حاڵی ئێستاشی، چونکە من کۆتاییەکەی نازانم.

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان بۆ قبوڵکردنی هەمووانت، هەروەها بۆ سینگ فراوانیت بەرامبەر بە دوور و نزیک، هەروەها بۆ تێگەیشتنت لە لاوازیمان و ڕزگاکردنمان لەدەست نەفسی خۆمان.

پێغەمبەر ﷺ باوک و پشتیوان بۆ هەمووان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
خۆشم دەوێی ئەی موحەممەدی سەروەرمان، چونکە هەروەک چۆن گەورەمان عەلی تۆی وەسفکردووە، کە باوک بووی بۆ هەموان، چونکە هەرچی لە تواناتدا بوو لە موڵک و ماڵ و کات و توانایی، لەپێناو خەڵکدا سەرفت دەکرد و، ویست و بەرژەوەندی خەڵکی لە هەموو شتێک لەپێشتر بوو بۆ تۆ.
ئافرەتێکی ئەنصاری، عەبایێکی ئاوڕیشم کە بە دەستی خۆی چنیوویەتی، دەکاتە دیاری بۆ تۆ، تا خۆت دابپۆشی لە ساردی و سوڕی مەدینە، تۆش دەیپۆشی و پێی دەڕۆیە دەرەوە، جا کاتێک دەبینی کە یەکێک لە هاوەڵانت چاوی لەسەرییەتی و لێتی داوا دەکات و دەڵێت: «بیدە بەمن تا بیپۆشم ئەی پێغەمبەری خوا»، تۆش بێ دوودڵی دایدەکەنی و پێی دەدەی تا بیپۆشێ، چونکە جەنابت دەزانی کە نییەتیەتی لە دونیادا بیپۆشێ و خۆی پێ گەرم بکاتەوە، چونکە گەشتووە بە جەستەی موبارەکت، هەروەها تا کەفەنی و پێی بڕواتە بەردەم پەروردگارمان لە ڕۆژی دوایی.
چێژ و خۆشیی بەخشینت فێرکردم، هەروەها کە سەیرکردنی کەسێک بۆ من کە فەزڵم بەسەرییەوە هەیە، هەموو دونیا دەهێنێ، لەوەش جوانتر، ئەوەت فێرکردم کە دەبێ ئەو بەخشینە لە دڵەوە و بە نەرمونیانی بێ، بەڵکو دەبێ من ئاواتەخواز بم کە ئەوەی بەرامبەرم لەمنی قبوڵبکات.
چەند جار هاوسەرەکەت لەگەڵت دادەنیشێ و باسی چیرۆک و کێشە و دەردەسەرییەکانی دەکات بۆ تۆ و دەردەدڵێکی زۆر زۆرت بۆ دەکات، کە هەمووی لە سیرە و

چیرۆکی ژیانتەوە گوێمان لێی بووە و زانیومانە، تەنانەت هەندێ وردەکاریت بۆ باس دەکات کە گرینگ نین بەنسبەت پیاو، ئەسڵەن لەوانەیە لەبری گوێگرتن بۆ ئەم وردەکارییانە تۆ کاتی خۆت بە شتی زۆر بە نرختروە بەسەر ببەی، بەڵام تۆ زۆر گرینگیت پێی دەدا و بەبێ دەنگی گوێت بۆی دەگرت، گوێگرتنی کەسێکی خەمخۆر و خۆشەویست و تێگەیشتوو بۆ پێداویستییەکانی هاوسەرە خۆشەویستەکەی.

فێرتکردم کە رۆڵ بینیم وەك باوکێك یان هاوسەرێك یانیش هاوڕێیەك، لەوانەیە هەندێ جار بێزارکەر بێ و، هەندێ جاریش وا لە مرۆڤ بکات بڕیارێك بدات کە جۆرێك لە وازهێنانی تێدا بێت و، سەرخستنی ویست و بەرژەوەندی کەسی بەرامبەری تێدا بێت، بەڵام لەبەر لەگەڵ یەکبوون و ئەو مافانەی بەسەر یەکتریمانەوە، هەمووی ئاسان و ئاسایی دەبێ و خەڵکی دەبێ بەم شێوەیە بن لەگەڵ یەکتری، هەروەها جوانترین شت لە بەخشین ئەوەیە کە بەوپەڕی خۆشەیستی و سۆز و هەستکردن بە بەرپرسارییەتیەوە بێ.

تەنانەت ڕۆژی دواییش، جەنابت بەو شێوەیە وەسفت کردووە کە پێغەمبەران مینبەری لە زێڕیان هەیە کە لەسەری دادەنیشن، تەنها تۆ نەبێ ئەی سەروەری خەڵق، لەسەر مینبەر دانانیشی، بەڵکو لەنێو دەستی پەروەردگارت وەستاوی و دەپارێیەوە لە ترسی ئەوەی لەپێش گەلەکەتەوە بنێردرێیە بەهەشت، بۆیە داوا لە پەروەردگارمان دەکەی کە پەلە بکرێ لە دەستپێکردنی حساب، ناتەوێ بڕۆیە بەهەشت تا دڵنیا نەبییەوە لە کۆتا تاکی گەلەکەت کە ڕۆشتە ژێر ڕەحمەتی خوای پەروەردگار و لەگەڵت هاتۆتە بەهەشت، بۆیە بە هاوەڵانت دەفەرموویت: «بەردەوام دەبم لە

شەفاعەتکردن تا دڵنایيم پێ دەدرێ لەوەی خەڵکانێك ئاگری دۆزەخيان بۆ نووسراوە و شەفاعەتەکەم فريايان کەوتووە و دێنە بەهەشت».

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان، چونکە هەستم بە دەنگت کرد کە منەتمان بەسەردا ناکەی و بە خۆشەويستييەوە يارمەتيدەرمان دەبی لە هەموو هەنگاوەکانمان.

فێرتکردم کە چۆن پێغەمبەرێکی و چۆن سوودگەياندن بە گەلێکت بە تەواوی لەسەر شان هەڵگرتووە، فێرتکردم کە چۆن مرۆڤ خۆشييەکەی کامڵ نەبێ تەنها بە دڵخۆشی کەسانێك نەبێ کە مەستن بۆ خزمەتکردن و بەرزڕاگرتنی.

ئەی پێغەمبەری ڕاستگۆی دەستپاك لە قسەکانت هەستم بە دڵنەوايی و دڵئارامی و دووپاتکردنەوەی پاڵپشتی و پەيمانە ڕاستگۆيەکەت کرد، کە پشتيوانمانی تا هەموومان دەگەيەنييە پێش دەرگای کۆشکەکانمان لە بەهەشت.

سوپاس ئەی پێغەمبەری سەروەرمان بۆ ئەو سەرپەرشتی و پاڵپشتييە هەميشەييەت بۆ هەموو ئەوانەی ئاواتەخوازن پێت، بۆ سەرقاڵی هەميشەييت بەو پێداويستی و وردەکارييانەی نيشاندەرن کە دڵت پڕاوپڕە لە ڕەحمەت و بەزەيی، سوپاس ئەی بە ميهرەبانترين شەفاعەتکار.

پێغەمبەر ﷺ پاڵپشت و سوودگەیێنەری هەمیشەیی بۆ دەوروبەری

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
خۆشم دەوێی ئەی موحەممەدی سەروەرمان، چونکە نە لە ژیانی خۆم، نە لە ژیانی کەسی تر کەسم نەدۆزییەوە بە ئەندازەی تۆ خاوەن فەزڵ بێ بەسەرمانەوە، ژیانت هەمووی سوودگەیاندن بوو بە دەوروبەرت، فەرموودەکانت هەمووی سوود و کردەوەکانیشت هەمووی سوود، هەر کەسێکیش کە ژیانی لەپێناو خەڵکی تەرخان کردبێ، جەنابت رێنیشاندەر و پێشەنگ و پێشەوا و سەرکردەی بووی.
دایە خەدیجەی گەورەمان سەیر لەوە مابوو کە لەپێش پێغەمبەرایەتیت چەندە بە هانای دەوروبەرتەوە دەچووی و چەندە دەستی یارمەتیت بۆ درێژ دەکردن، رێزت لە میوانەکانت دەگرت و یەکەم کەس بووی کە بە نەفس و ماڵ و ئامۆژگارییەکانتەوە لەپشتی کەسەکانەوە دەوەستای کاتێک بەڵایەکیان تووش دەبوو، هەر بۆیە کاتێک گەورەمان جبریل سرووشی بۆ هێنای لە شێوەی دروستکراوێکی زەبەلاحی نامۆ، دایە خەدیجە تێکنەشکا و دووڵ نەبوو بۆ تۆ و، پێتی فەرموو: «قەت ناکرێ پەروەردگارت سەرشۆڕ و وێڵت بکا، چونکە تۆ پاڵپشت و سوود بووی بۆ هەموو سەرلێشێواو و وێڵەکانی دەوروبەرت».
فێرتکردم کە ژیان وەرگرتن و دانەوەیە، هەروەها کە هەرکەس پاڵپشتی کەسی تر بکات، پەروەردگارمان پاڵپشتی دەکات، هەرکەسێکیش لەکاتی بەڵا و ناخۆشییەکان یارمەتیدەر بێ، پەروەردگارمان پاڵپشتی دەکات، هەروەها کەسانی چاك و خێرومەند، پەروەردگارمان

هەمیشە لەگەڵیانە.

جارێکیان هەژارێك دێتە لات و داوای پارەت لێدەکات، خۆ ئەوە ئاسانە کە پارەکەی پێی بدەی، بەڵام تۆ بیرت لە سوودێکی خێرت کردەوە بۆی، کاتێك فەرمانت پێی کرد کە ئەو شتە سادەیەی لایەتی بفرۆشێ و نزای بەرەکەتی بۆ دەکەی، ئینجا کە دوای دوو هەفتە دێتەوە لات، دەبینی کە بووە بە خاوەن مااڵ و موڵك، بەڵام پشتی بەخۆی بەستووە و خۆی ڕیسوا نەکردووە لەبەردەم زەلیلی سواڵکردن و پاڕانەوەی خەڵکی.

فێرتکردم کە چۆن چاکە بکەم لە یارمەتیدان، کاتێك دەمەوێ یارمەتی کەسێك بدەم، خێر و چاکەیەکی هەمیشەیی بۆ هەڵبژێرم، نەك ئەوەی کە ئاسانە بۆ من و لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە، هەروەها کە بەکارهێنانی مێشکم لەوەی کە چۆن سوودمەند بم بۆ دەوروبەرم، یەکێکە لە سیفاتەکانی چاکەکاران، چونکە بەم شێوەیە سوودەکەت فراوان دەبێ و دەگاتە هەموو جیهان دوای کۆچت بەرەو هاوڕێی ئاسمانەکان.

جەنابت بووی کە فەرموت: «ژیانم خێر و چاکەیە بۆ ئێوە، مردنیشم خێر و چاکەیە بۆ ئێوە، کار و کردەوکانیشتان پیشانم دەدرێن»، هاوەڵان سەیر دەمێنێن هەروەك چۆن ئێمە سەیر ماوین کە چۆن سوودمان پێ دەگەیێنی دوای مردنت؟ تۆش پێیان دەفەرمووی: «هەرکەسێك صەڵەواتم لەسەر لێبدا، سااڵوەکەی وەاڵمدەمەوە لە هەر شوێنێك بێ، چونکە فریشتەکان پێم ڕادەگەینن».

ئای لەو خۆشبەختییەمان کە تۆ دەناسین ئەی موحەممەدی سەروەرمان، ئای لە خۆشبەختی هەر تاکێك لە ئێمە کە دەستە پیرۆزەکانت بەرزکردەکەیەوە بەرەو پەروەردگارێك کە داوات ڕەت ناکاتەوە و پێی دەفەرمووی «سااڵوی خوا

لەتۆش بێ»، کاتێکیش کردەوەکانمان پیشانت دەدرێن، دەبینی کە هەیە لە ئێمە کارێکی خێری کردووە، تۆش سوپاسگوزار دەبی بۆ خوا لەسەری وە، دەشبینی کە هەیە لە ئێمە کارێکی خراپ و نابەجێی کردووە، تۆش داوای لێخۆشبوون دەکەی بۆمان لە پەروەردگارت، ئای لە خۆشبەختی هەموو بەندەیەك کە کتێبی کردەوەکانی داوای پێغەمبەری تیایە بۆی کە داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکات لە پەروەردگارمان لە ڕۆژی دواییدا، ڕۆژی حەسانەوەی چاکەکاران، ڕۆژی پاداشتکردنەوەی بەندە چاکەکان، ڕۆژی بەخشش و بەخشندەیی پەروەردگار، ڕۆژانێك کە تەنها پاداشتە بەبێ کردەوە، ڕۆژانێك کە هەموو نەفسێك سەرئەنجامی کۆششەکەی خۆی دەستدەکەوێ، تەنها جەنابتی کە هێشتان سوودەکەت بەردەوامە بە ئاودانی هەموو تێنوویەك لە حەوزە پیرۆزەکەی تۆوە، هەروەها شەفاعەتکردنت بۆ هەموو هەڵەکاران و، پێشوازیکردنت لە هەموو ئەوانەی موشتاقی دیدارتن.

ئەی موحەممەدی سەروەرمان فێرتکردم کە دینداری ڕاستەقینە بریتییە لە بەخشندەیی، هەروەها کە نزیکبوونەی ڕاستەقینەم لە تۆ و پەروەردگارم بە ئەندازەی ئەوە دەبێ کە چەندە من پاڵپشت و سەرخەر و سوودگەینەر بوومە بۆ هەموو ئەوانەی لەگەڵمن و خۆشیان دەوێم.

بۆیە سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان بۆ بوونت لە ژیانمان.

ئێمە ئەو قورئانەمان دانەبەزاندووە بۆ سەر تۆ تا تووشی خەفەت و غەم و پەژارە بیت

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
جەنابتم خۆشدەوێ چونکە بە ڕەحم و بەزەییت، چونکە سووری لەسەر ئاسانکاری بۆ هەموو ئەوانەی دەوروبەرت، بۆ ئەوەی تێڕوانینیان بۆ ئایین بگۆڕێ لە زەحمەت و بارگرانی بۆ چێژ و خۆشی گەیشتن بە داهێنەری جیهانیان، بۆیە هەمیشە کاروکردەوەکانت، فەرمان و فەرموودەکانت هەمووی جێبەجێکردنی داواکانی پەروەردگار بوون بۆ تۆ، «طه ﴿١﴾ مَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى» واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئێمە ئەو قورئانەمان دانەبەزاندووە بۆ سەر تۆ تا تووشی خەفەت و غەم و پەژارە بیت).
لە بەردەم خەڵکیشدا، هەرکاتێک کە سەرپشکیان دەکردی لەنێوان دوو هەڵبژاردە، هەمیشە ئاسانەکەت هەڵدەبژارد، مادام هەڵە نییە یاخود پچڕاندنی سیلەی ڕەحمی تێدا نییە و ئامانجەکەت دەپێکا، تا وای لێهات و بوو بە خوویێکی بەناوبانگی تۆ، ئیدی دەگوترا «پێغەمبەر ئاسانەکەی هەڵبژارد مادام ئەو هەڵبژاردنە هەڵە و تاوان یاخود پچڕاندنی سیلەی ڕەحمی تێدا نییە».
فێرتکردم کە هەندێ کات ئەو شتەی کەمترین زەحمەتی تێدایە و ئاسوودەت دەکات، دەتگەیێنێتە پەروەردگارت، چونکە هەمیشە ڕێگا سەختەکان نین تاکە ڕێگا نین بۆ گەیشتن پێی، کە زۆر زەحمەت دەکێشی بەهۆیانەوە، تەنها لەبەری ئەوەی مێشکت هەمیشە ئەوەت بۆ وێنا دەکات.
فێرتکردم کە دەستگرتنم بە ڕێبازی سوننەت کە ڕێبازی حاڵی جەنابتە، ئاسانکاریم بۆ دەکات

و کاروبارەکانم لێ زەحمەت ناکات.
کاتێک موشتاقی پەروەردگارت دەبووی، هەڵدەستای و نوێژت دەکرد و، سەد لاپەڕی قورئانی پیرۆزت دەخوێندەوە و چێژت تێیدا دەبینی، بۆ یەک چاو تروکانێکیش دڵت لە پەروەردگارمان لای نەدەدا، کاتێکیش پێشنوێژیت دەکرد و خەڵکی لە دواتەوە دەبووون، خۆ تۆ هەر موشتاقی پەروەردگارمان بوویت، بەڵام ئاسانکاریت دەکرد، بۆیە دەیانگوت: «قەت لەدوای هیچ پێشنوێژێک نوێژمان نەکردووە کە وەک پێغەمبەری خوا نوێژەکەی ئاسان و چێژبەخش و کامڵ بێ».
فێرتکردم کە یەکێک لە ئاسانکارییەکان ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر لە تواناشم دابێ عیبادەتەکان درێژ بکەمەوە، هەرگیز ئەو درێژکردنەوەیە بەسەر غەیری خۆمدا فەرز نەکەم، هەروەها لەنێو ئەو خەڵکەدا ڕەچاوی ئەوە بکەم کە لەبەر لاوازترینیان زیادە تەکلیف نەکەم، چونکە ئەوەیە دینداری و نزیکبوونەوە لە پەروەردگار و کەمالی عیبادەت.
کاتێک ڕۆشتییە نێو مزگەوتە پیرۆزەکەتەوە، بینیت کە پەتێک بەستراوە لەبەینی دوو ستووندا، ئەوسا زانیت کە ئەوە پەتی دایە زەینەبی هاوسەرتە، کە لەبەر زۆری شەونوێژ زۆر هیلاکبووە و خۆی بەو پەتەوە دەگرێ، تۆش پێچەوانەی پێشبینییەکان دەفەرموویت «بیکەنەوە»، ئینجا فەرماندەدەی و دەفەرموویت: «هەر کەسێک بە ئەندازەی توانای خۆی نوێژ و عیبادەت بکات، هەرکەسێکیش ماندوو بوو با دابنیشێ یان با هەر واز بێنێ و بخەوێ ، تا بتوانێ بەوپەڕی ئاگایی و ئامادەباشی لەبەردەم پەروەردگار بوەستێ».
ئەو کات فێرتکردم کە پەروەدگارمان حەز دەکات کاتێک دەچینە لای و عیبادەت دەکەین، ئاسوودە بین، بۆ

ئەوەی بە دڵەوە حزوورمان هەبێ، هەروەها کە پەروەردگارم پێتی فەرموو کە پێمان بفەرموو: «داوام لە هەریەکێک لە ئێوە ئەوەیە بە ئەندازەی توانای خۆی عیبادەتەکان بەجێ بگەیێنێ، چونکە پەروەردگار ئەرک ناخاتە سەر هیچ کەسێک مەگەر بە قەدەر توانای خۆی نەبێ».

کاتێکیش لەگەڵ هاوەڵانت بۆ گەشتێکی دوور ڕێدەکەون لە مانگی ڕەمەزاندا، هەیە بە ڕۆژووە و هەیشە ڕۆژووەکەی شکاندووە، جەنابت دێیە سەر شوێنێکی بەرز و لەبەردم هەموو خەڵکەکە پەرداغێکی ماستاو دەخۆیەوە، تا هەموویان ببینن کە نزیکترینیان لە پەروەردگار کە تۆی ئەی پێغەمبەری سەروەرمان، هەروەها لە هەموویان تەقواتر و خاوەنی پاکترین دڵ و گیان و لە هەموویان زیاتر خواپەرستتر، لە ڕەمەزان لەکاتی گەشتکردندا ڕۆژووەکەی دەشکێنێ.

من لەو دیمەنەدا ئەوەم بەدی کرد وەک ئەوەی پێمان بفەرموو: «پەروەردگارت بەرامبەر بە بەندەکان بە بەزەییە، ئێوەی بەدینەهێناوە تا ئازارتان بدات، ئایینی بۆ ئەوە دانەناوە تا زەحمەت بکێشن، بەڵکو نزیکترینیان و پێگە بەرزترینیان هەڵبژاردەنەکەی تۆیە ئەی پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ، کە بریتییە لە ئاسانکاری و ڕوخسەت وەرگرتن، کە شەریعەت پڕیەتی لەو ڕوخسەتانە».

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان کە واتای ئەو ئایەتەت لە دڵ و مێشکماندا جێگیر کرد کە پەروەردگار تێیدا دەفەرموێ: «يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ» واتە: (خوای گەورە ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت، نایەوێت (پەرستن و فەرزەکانتان) لەسەر قورس و گران بکات).

سوپاس بۆ قایلکردنمان بەوەی کە هەرکەس

ڕێچکەی پەروەردگار بگرێتەبەر ئاسوودە و دڵنارام دەبێت لە دونیا و گەورەترین پاداشت دەدرێتەوە لە ڕۆژی دواییدا.

پێغەمبەر ﷺ چاولێپۆشیکەر لە هەڵە و کەم و کورتییەکانی دەوروبەری

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هەروەک چۆن پەروەردگارمان جوان و قەشەنگە و جوان و قەشەنگیشی خۆشدەوێ، جەنابت جوان و قەشەنگبووی و ناشرینیت دادەپۆشی و سیفات و شتە جوانەکانی خەڵکیت پیشان دەدا، چاولێپۆشیکەر بووی و، حەزت لە چاولێپۆشی بوو و فەرمانت دەکرد کە چاولێپۆش بن، هەروەها ئاشکراکردن و ئابڕووبردنت پێ خەلەڵێکی ئەخلاقی و ئازاربەخش بوو بۆ هەموو کۆمەڵگا.
لەو کاتانەی دەتبینی کە مرۆڤێک هەڵە دەکات، لەجیات ئەوەی بیهێنییە بەردەم خەڵکی و ئامۆژگاری بکەی تا سوودمەند ببن لەو هەڵەکەی و سووربوونت لەسەر دروست بەجێ هێنانی ئاین بۆ خەڵکی ڕوونببێتەوە، بە پێچەوانەوەت دەکرد و زۆر سوور بووی لەسەر ئامۆژگاریکردنی بەبێ ئاشکراردن و ئابڕووبردنی، ئینجا دواتر بۆ سوودگەیاندنی خەڵکەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و زمانێکی گشتی دەتفەرموو: «ئەوە بۆچی خەڵکانێک هەن ئاوا و ئاوا دەکەن؟»، بەو شێوەیە پەیامەکەت دەگەیاند و هەڵەکارەکەشت دادەپۆشی.
فێرتکردم کە لە ئازاری ئابڕووبردنی هەڵەی کەسی بەرامبەر بترسێم، فێربم کە نەفسیەت و ناموسی مرۆڤەکان بە نرخترین شتن لای پەروەردگارمان.
جەنابت بووی کە باسی چاوپۆشینی پەروەردگارت بۆ کردین لە ڕۆژی حیساب، کاتێک پەروەردگارمان بانگ دەکاتە یەکێک لە بەندەکانی، ئینجا بەندەکە هەڵدەستێ و دەست بە ڕۆشتن دەکا تا نقوم دەبێتە ڕۆشنایی خوای

گەورە و دادەپۆشرێ و کەس نایبینێ، دواتر پەروەردگارمان حیسابی لەگەڵ دەکات و هەموو ئەو گوناهـ و تاوانانەی یاد دێنێتەوە کە کردوویەتی، ئیتر بەندەکە لەوە دڵنیا دەبێ کە ئەو تاوانانەی لەناوی دەبەن، بەڵام پەروەردگارت پێی دەفەرموێ: «لە دونیادا بۆم داپۆشی و چاوپۆشیم لێ کردی و ئێستاش لێت خۆشدەبم، بفەرموو کتێبی کردەوەکانت بە دەستی ڕاستتەوە وەربگرە».

فێرتکردم کە بەخشەر سەرەڕای توانای تۆڵەکردنەوەشی، لێخۆشبووە، هەروەها کە سەرەڕای زانینیشی گوناهەکان دادەپۆشێ، ئینجا کە بەندەکان پێویستترین شتیان داپۆشین و چاوپۆشی خوای پەروەردگارە، هەرکەسێکیش دەیەوێ کە پەروەردگارمان دایپۆشێ، با بەندەکان دابپۆشێ و چاولێپۆشیکەر بێ.

جەنابت بووی کە پێت فەرموویـن ناشرینترین شت دواکەوتنی تایبەتییەکانی خەڵکی و نهێنییەکانیانە بۆ ئاشکراکردنیان، کاتێك فەرموت: «ئەی گەلی ئەوانەی تەنها باوەڕیان بە زمان هێناوە و ئیمان نەچۆتە دڵ و دەروونیانەوە، غەیبەتی موسڵمانان مەکەن و لە پاشەملە باسیان مەکەن، دوای ناموسیان مەکەون، ئەوەش بزانن کە هەرکەسێك دوای ناموسی خەڵکی بکەوێ و ئابڕووبان ببات، خوای گەورەش ئابڕوو و ناموسیان دەبات تەنانەت گەر لە ناوەڕاستی ماڵەکەیشی بێ».

فێرتکردم کە سەرقاڵ بم بە ئاشکرا کردنی عەیب و هەڵەکانی خۆم لەبەردەم نەفسی خۆمدا و، گەشتی ژیانم بە چارەسەرکردنیان ببمە سەر لەبری ئەوەی تەمەنم بە ئاشکرا کردنی عەیبەکانی خەڵکی و ئابڕووبردنیان ببەمە سەر، سەرئەنجام ئابڕووم بچێ لە دونیا چونکە پاداشت وەرگرتن لە خودی کردەوەکەیە، ئینجا لە

ڕۆژی دواییش کاتێک دێمە بەردەم پەروەردگارم تەرازووی چاکەکانم سووک بێ.

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان کە نەفسێکی ڕەحیم و بە بەزەیی و دڵێکی خۆشەویست بۆ چاولێپۆشینت بۆ بەجێ هێشتین، فێرتکردین کە چۆن خۆمان لە فزوڵ و شەهوەتی بەدواداچوونی نهێنی خەڵکی و کەیفخۆشی بە ئابڕووچوونی خەڵکی بپارێزین، سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان بۆ هیدایەتدانمان تا خاوەن نەفسێکی ڕێک و بێ کەم و کورتی بی.

بایەخدانی پێغەمبەر ﷺ بە بوونی لە هەر چرکەساتێک و عیبادەتی کات

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
لە زۆرێک هەڵوێست و دیمەنەکانی ژیانی جەنابت قوڵبوومەوە، بینیم کە بە هەموو بوونتەوە وجودت هەبووە لە هەموو ئەو کارانەی کە دەتکرد، بە دڵ و جەستە و هەموو هەستەکانتەوە بوونت هەبوو، مانی هەموو خاوەن مافێکت پێی دەدا، یەکەم ماف و ئەرکەکانیش بریتی بوو لە کات، کە لە هەموو چرکەساتەکان کە بەسەرتدا تێپەڕدبوون بە هەموو بوونتەوە وجودت هەبوو لەو چرکەساتە و لەو شوێنە.
دوای هەموو ئەو سەرقاڵیانە، لە کۆتایی ڕۆژەکە دەگەڕێیەوە ماڵەوەت و هەموو شتێک مانی خۆی پێدەدەی، بۆیە بە خۆشترینی ناوەکان بانگی هاوسەرەکەت دەکەی و پێی دەفەرموویی «ئەی عائیش»، ئیبجا سەرەڕای ماندووبوونیشت تا کۆتایی گوێبیستی هەموو کێشەکانی دەبی، کاتی عیبادەت و پەرستشەکانیش، بە شێوەیەک لەنێو دەستی پەروەردگارت دەوەستی کە هیچ کەسێکی تر نابینی جگە لەو.
فێرتکردم کە هەموو چرکەساتێک دەژیم، مانی خۆی پێبدەم، هەروەها کە بەدوای ویستی پەروەردگارمدا بگەڕێم لە هەموو کاتێک کە بەسەرمدا تێپەڕدەبێ، چونکە ئەمە بەرزترین پلەکانی عیبادەتە، کە بریتییە لە عیبادەت و پەرستشی کات.
مرۆڤێکی غەریب دێتە لات لەکاتی وتاردانت و، لەناوەڕاستی مزگەوت پێت دەفەرموون: «پیاوێکی غەریب هاتووە و پرسیار دەربارەی دینەکەی دەکات و نازانێ دینەکەی چییە»، تۆش

لەو چرکەساتە، بڕیارەکەت بە دانایی دەدەی، کە ئەرکی ئەو کات و شوێنەت بریتییە لە فێرکردنی دینەکەی، بۆیە لەسەر مینبەر دێیە خوارەوە و پێشوازی لێدەکەی و گوێی بۆ دەگری و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەدەیەوە تا تێر دەبێ و فێردەبێ و هیدایەت دەدرێ و دێتە ڕیزی ئەو هاوەڵە دانیشتووانەت و دەبێتە یەکێک لەوان، دوای ئەوەی غەریبە بوو بە نسبەت ئەوان، تۆش دوای ئەوە دەگەڕێیەوە لای خۆشەویستەکانت و وتارەکەت درێژە پێدەدەی دوای ئەوەی دڵنیابوویەوە لەوەی کە ئەوەی لەسەرتە جێبەجێت کرد لەو چرکەساتە و لەو شوێنە.

فێرتکردم کە هەمیشە بە دڵ و مێشکمەوە بوونم هەبێ، هەروەها کە زانینی پێشینەکانم هۆکاری ژیانێکی سوودمەند و کامەرانە کە لەسەر ویستی پەروەردگارم بەڕێی بکەم.

کاتێکیش جابری گەورەمان دێتە لات لەکاتێک تۆ لەگەڵ نەوەکانت دانیشتووی، دەبینێ کە تۆ هەموو ئیش و کارەکان و بارگرانییەکانت وەلاناوە و حەسەن و حوسەین ت لەسەر پشتە پیرۆزەکەت هەڵگرتوون، دڵخۆشی بە بوونت لەگەڵ نەوەکانت و بەوپەڕی سادەییەوە یاریان لەگەڵ دەکەی، لەکاتێکدا تۆ ئەو زاتە پیرۆزەی، ئینجا جابری گەورەمان دەفەرموێ: «بەڕاستی چاکترین وشتر، وشترەکەی ئێوەیە و چاکترین سوارچاکەکانیش ئێوەن».

ئەی پێغەمبەری سەروەرمان هەمیشە بە بوونتەوە لە کات و شوێنەکان وجودت هەبووە، بە هەڵسوکەوتی گونجاو و، لەگەڵ کەسە کونجاوەکانیش، بۆیە دەتزانی کە ئەوکات شوێن و کاتی یاریکردنی باپیرە بە سۆز و خۆشەویستەکە بوو لەگەڵ نەوەکانی.

فێرتکردم کە چێژ ببینم لە هەموو چرکەساتێکی ژیانم، چونکە ئەوەی تێیدام ئێستا، هەرگیز دووبارە نابێتەوە، هەروەها کە هەموو کات و شوێنێك ماف و ئەرکی خۆی هەیە، بۆیە هەموو چرکەساتێك بە سات و عیبادەتەکەی خۆیەوە بژیم.

ئینجا هاوەڵان سەیر دەمینن لە سینگ فراوانی و کردەوکانت، کاتێك باسی ڕۆژی دوایی دەکەن، دەبینن کە لەگەڵیان باسی دەکەی، کاتێکیش تەنانەت باسی خواردنیش دەکەن، دەبینن بوونت هەیە و لەگەڵیان باسی دەکەی و، فێریان دەکەی و تێیان دەگەیێنی کە چۆن هەموو ژیانیان لەسەر ویستی خوا بێ.

بۆیە من تێگەیشتم و فێربووم، کە دین خۆشی ژیان لەمن ناستێنێ، بەڵکو دێتە نێو هەموو ژیانم و لە عادەتێکەوە دەیگۆڕێ بۆ عیبادەتێك و لەکاتی خۆی.

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان بۆ گۆڕینی واتاکانی ژیانما ن و، ئاسانکردنی مانای عیبادەتەکانمان، کە بریتی بن لە بەجێ هێنانی هەموو ئەرکەکان لەکاتی خۆیاندا، هەروەها کە پەروەردگارمان هەمیشە لەگەڵمانە و ئاگای لە هەموو پێداویستییەکانمان هەیە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە بوونمان هەبێ، نەك تەنها بە جەستەکانمان بەڵکو بە دڵ و مێشکەکانمانەوە.

جێگیربوون و پابەندبوونی پێغەمبەر ﷺ بە بەها و بنەماکانی

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
لە بەدەستگرتنت بە بەها و بنەماکانت لە چیایەکان جێگیرتر بووی، ناوازەترین نموونە بووی بۆ ئەوانەی کە بەپێی بەهاکانیان دەجوڵێنەوە و مامەڵە دەکەن، نەک بەپێی بەرژەوەندی و سوودەکانیان، هەمیشە فێرتەکردین کە ویستی پەروەردگارمان سەربخەین بەسەر ویستی نەفسمانەوە لە هەموو کاتێکدا و، پارێزگاریت لە مرۆڤایەتی دەکرد ئەی پێغەمبەری سەروەرمان.
کاتێک حوزەیفەی کوڕی یەمان ویستی کۆچ بکات لەگەڵ باوکی لە مەککەوە بۆ مەدینە، قورەیش ڕێگریان لێ کردن، ئیدی چارەسەر ئەوەبوو کە گەورەمان حوزەیفە و باوکی بەڵێنیان پێ بدەن کە لێیان بگەڕێن تا کۆچ بکەن بەرەو پێغەمبەر لە بەرامبەر ئەوەی کە هەرگیز جەنگ نەکەن لە دژیان، جا ڕێك وایان کرد و ڕێگەیان دان کە کۆچ بکەن بەرەو جەنابت، ئینجا ڕۆژگار تێدەپەڕێ و غەزوەی بەدر دێت، هاوەڵانت ژمارەیان کەمە و جەنابت پێویستت بە هەموو کەسێکە تا جەنگەکە ببەنەوە، بۆیە حوزەیفە دێتە لات تا ئەویش بەشداربێ و تۆش ئاگات لە چیرۆکەکەی هەیە، ئەمانیش هاوەڵپەرستن و جەنگ لەدژت دەکەن، لەگەڵ ئەوەش پێی دەفەرموویت: «برۆنە ئەولاوە و جەنگ مەکەن، ئێمە پەیمانەکەمان دەبەینە سەر و پشت بەخوا دەبەستین لە دژیان».
فێرتکردم کە چۆن دەبێ سووربین لەسەر بەجێهێنانی پەیمانەکان و چۆن جێگیر بین لەسەر بنەماکانمان، هەروەها کە چۆن ئەگەر وابکەین پەروەردگارمان سەرمان

دەخات و پشتیوانمان دەبێ، چونکە تا من لەسەر ویستی خوا بم، هەرگیز سەرشۆڕم ناکات.

لەسەردەمی جاهیلی و نەفامیدا، موغیرەی کوڕی شوعبە پێش ئەوەی موسڵمان ببێ، لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڵێپەرست سەفەر دەکات، لە سەفەرەکە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان و هەموویان دەکوژێ و هەموو سەروەت و سامانیان دەبات، دواتر ڕۆژگار دێ و موغیرە هیدایەتی ئیسلامی دەکەوێتە دڵ، ئینجا ئەو سەروەت و سامانەی دێنێتە بەردەمت و چیرۆکەکەی خۆی بۆ تۆ باس دەکات، تۆش وەک هەمیشە وەڵامێکی پاکیزە و پیرۆز دەدەیەوە و دەفەرموویت: «موسڵمان بوونت قبوڵکراوە، بەڵام بە نسبەت سەروەت و سامانەکەت، ئەوا هیچی لێ هەڵناگرین چونکە بە غەدر دەستت کەوتووە».

لەکاتێکدا تۆ و موسڵمانان لەوپەڕی پێویستی دا بوون، ئینجا خۆ سەروەت و سامانی هاوڵێپەرستانیشە، بەڵام فێرتکردم کە بەهانە نەهێنمەوە بۆ هەڵەکان، چونکە ڕێگا و چارەسەرە هەڵەکان نابنە بەهانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، هەروەها ویژدانم بەدرۆ نەخەم کاتێک پێم دەڵێ من پێچەوانەی بەهاکانم دەکەم.

فێرتکردم کە ئەمە سەرخستنی ویستی پەروەردگارمە، سەرخستنی ویستی پەروەردگارمە بەسەر نەفسمدا، بۆ ئەوەی پەروەردگارم لە بەڵا و ناخۆشییەکانی ژیان سەرم بخات، «إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ» واتە: (ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئایینی خوا بکەن و هەوڵی سەرخستنی بدەن، ئەوا خوایش پشتیوانی لە ئێوە دەکات و سەرتان دەخات و پایەدار و جێگیرتان دەکات).

ئینجا پێشنیارێکت بۆ دێت، کە لەوانەیە هەندێک وا بزانن هەڵی سەرکەوتنی پەیامەکەتی تێدایە، بەڵام

پێویست دەکات کە واز لە بە نرختریـنی شتەکانت بێنی کە بریتییە لە بیروباوەڕ، ئەوکاتەی قوڕەیش پێشنیاری ئەوەت بۆ دەکات کە سالێك ئەوان بەندایەتی پەروەردگارت بکەن و تۆش لە بەرامبەردا سالێك بەندایەتی خوایەکەیان بکەی، خۆ هەڵێکە تا ئیسلام تاقی بکەنەوە و هەڵێکە کە بێنە نێوانمان، لەوانەیە ئاینەکەمانیان بەدڵ بێ، بەڵام هەرگیز ناکرێ تۆ ئەو داوایەیان قبوڵ بکەی ئەی پێغەمبەری سەروەرمان، ڕەتی دەکەیەوە و ئەو قورئانە دابەزیووەش پشتڕاستت دەکات و سرووش دادەبەزێ لەلایەن پەروەردگارمانەوە، «قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ۝١ لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ» واتە: (ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: ئەی کۆمەڵی بێ باوەڕ و خوانەناسان (١) من هەرگیز ئەو شتانەی ئێوە دەیپەرستن، ناپەرستم (چونکە من خواپەرستم))، هەروەها پەروەردگارمان دەفەرموێ: «قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ» واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ بڵێ: ئەی نەفامان، دەتانەوێت و فەرمانم پێدەکەن کە جگە لە خوا شتی تر بپەرستم؟!).

فێرتکردم کە کاتێك پێشنیاریکم بۆ دێ بەرامبەر ئەوەی واز لە بەشێك لە بەها و بنەما و بیروباوەڕەکانم بێنم، جێگیر بم لەسەر ئەوەی کە سوێند بەخوا هیچ سوودێك نییە وابکات ساتێك دڵم لە پەروەردگارم دووربکاتەوە، ئەگەر هەموو گەنجینەکانی زەوی و دڵی هەموو مرۆڤەکانیش لێم ڕازی بن، بەراورد ناکرێ بە چرکەساتێکی نزیکبوونەوە لە پەروەردگار و گەورە و خاوەنم.

سوپاس ئەی موحەممەدی سەروەرمان بۆ جێگیریت لەسەر بنەماکانت، کە وەك جێگیری چیایەکان وابوو، سوپاس کە ئیلهامت پێدام و فێرتکردم کە

هەرگیز نەفسی خۆم نەدۆڕێنم تەنانەت بۆ بەدیهێنانی هەرشتێکیش بێ لە سوودەکانی دونیا.

پێغەمبەر ﷺ چێنەری تۆوی متمانە بەخۆبوون لە ناخی منداڵان

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا
هیچ کەس خەیاڵی ئەوە ناکات کە کەسێکی وەک تۆ سەرقاڵ بێ بە چاندنی تۆوی متمانە بەخۆبوون لەناخی منداڵان وەک تۆ، ئەی پێغەمبەری سەروەرمان هاوەڵان کەسیان وەک تۆ بە بەزەیی و بە ڕەحمتر بە منداڵان نەبینی، لەنێو ئەو بەرپرسیارییە گەورانەی تۆ، لەگەڵ گەورەکان گرینگی بە بچووکەکانیش دەدەی و، ناز دەدەیە منداڵان لە کۆڵانەکانی مەدینە و بە سۆز و نەرمونیانییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەی، وەک ئەوەی بتەوێ هاوەڵانت فێرە ئەو نەرمونیانییە بکەی کە لێی ڕا نەهاتوون لە سەردەمی جاهیلی و نەفامیدا و پێیان بڵێی: «چۆن مامەڵە لەگەڵ نەفسی منداڵدا دەکەی؟».
لە مزگەوت لەنێو گەورە هاوەڵانت خەریکی وتاردانی کاتێک حەسەن و حوسەین دێنە ژوورەوە و جلێکی فراوانیان پۆشیوە و پێیان تێکدەئاڵێ کاتێک بەنێو خەڵکەکە هاتووچۆ دەکەن، تۆش لەناوەڕاستی وتارەکەدا دێیە خوارەوە تا لایان و، لە باوەشیان دەکەی و سەردەکەوییەوە بۆ مینبەر و وتارەکەت درێژەپێدەدەی و ئەوان هەر لە باوەشتن.
فێرتکردم کە کاریگەری عیبادەت و پەرستش لە دڵی بە ڕەحم و بەزەییەوە دەردەکەوێ، کە ڕەحم بە منداڵێکی لاواز دەکات، هەروەها کە ماڵی پەروەردگارمان، ماڵی ڕەحمەت و سۆزە.
دەبینی کە منداڵان لە کۆڵانەکانی مەدینەدا خەریکی یاریکردنن و تۆش بەشدار دەبی لەگەڵیان و دەیانخەیە پێکەنین، ئینجا ئوسامەی کوڕی زەید و حەسەنی

کوڕی عەلی لەسەر چۆکەکانت دادەنێی و دەفەرموویی: «پەروەردگارا بەزەییان پێدا ببە چونکە منیش بەزەییان پێدا دەبەم».

فێرتکردم کە لەگەڵ منداڵەکانم بە ڕەحم و خۆشەویستی و نەرمونیانییەوە بژیم، هەروەها ببمە خۆشییەك و بوونم هەبێ لە ژیانیان، ئەمە وادەکات خۆشەوسیتیم لایان زیاد بکات و خۆشەویستی ئەوانیش بۆ من بە هەمان شێوە، بۆ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەگەر ویستم هەر یەکێکیان ئاراستە بکەم و پەروەردەیان بکەم، خاترم لایان هەبێ و دڵگران بن بە زوویربوونم و ڕازی بوونی منیان خۆش بووێ.

کاتێکیش لەنێو هاوەڵانت دانیشتووی و لەلای ڕاستت عبداللەی کوڕی عەببباس دانیشتووە کە هێشتان منداڵە، لەلای چەپیشت گەورەی پیرە هاوەڵانت دانیشتوون، ئینجا خواردنەوەیەك دێنن، جا هەروەك سوننەت وایە کە لە دەستە ڕاستتەوە دەست پێبکرێ کەچی گەورەکان لەلای چەپەوە دانیشتوون، تۆش سەیری کوڕی عەببباس دەکەی و ئیزنی لێ دەخوازی کە لە گەورەکانەوە دەست پێبکرێ، ئەویش دەڵێت: «نەخێر ئەی پێغەمبەری سەروەرمان، سوێند بەخوا ئەو هەلەی کە خواردنەوەکە بە دەستی تۆ بخۆمەوە نادەم بە هیچ کەس»، بۆیە بە دەستی خۆت پێی دەدەی و دەیخواتەوە و بەرکەت دەدرێ بە دەستە پیرۆزەکانت.

من و هەمووانت فێرکرد کە هەرچەندە ئەو ژینگەیەی من تێیدام ڕەچاوی منداڵان ناکات، ئەوا هەر دەبێ ئەو هەلەیان پێ ببەخشرێ بە دەستی من لە سۆز و خۆشەویستی، چونکە ئەوە مافی خۆیانە کە لەوانەیە نەزانن داوای بکەن یاخود دەریببڕن.

فێرتکردم کە ئیزن خواستن لە منداڵ، فێرە ڕێزگرتن و

نرخی خۆی دەکات، هەروەها کاتێک گەورە دەبێ و بەهێز دەبێ، لەمنەوە فێرە ئەوە بووبێ کە ڕەچاوی خاتری بچووک و لاواز بکات.

ئینجا ئەو کاتەشی بە سەرکەوتوویی لە جەنگێکەوە دەگەڕێیەوە کە بەهۆیەوە بەرگری لە بیروباوەڕ و نیشتیمانەکەت دەکەی، دەڕۆیە نێو مەدینە و خەڵکەکەی پێشوازیت لێدەکەن لەپێشی هەمووانیشەوە منداڵان، دڵخۆشن بە گەڕانەوەت بە سەلامەتی و سەرکەوتوویی، ئینجا دەبینی کە دوو لەوانە نەوکانی تۆن، تۆش لەپێشەوەیان دادەنێی لەسەر ئەسپەکەت، لەکاتێکدا تۆ بەو هەیبەتەوەی و، دەڕۆیە نێو مەدینەوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سادەوە و منداڵانیش سواری ئەسپەکە کراون، هەرگیز نە ئەو دیمەنە و، نە ئەو پێگە گەورەیەیان لەیاد ناچێ کە جەنابت پێیانتدا.

فێرە واتای باوکایەتی و باپیرەییت کردم، کە نزیک و خۆشەویستە بۆ نەوەکان و منداڵەکانی، فێرتکردم کە چۆن ڕەحم بە هەموو کەسێک بکەم، بە قەدەر پێداویستییەکەی و بەو شێوەیەی کە دەبێتە دڵنەوایی بۆیان.

ئای لە خۆشبەختی هەموو منداڵێک کە چاوی بەتۆ کەوتووە یان سەلامی لەتۆ کردووە یانیش دەستی بە تۆ گەشتووە ئەی پێغەمبەری سەروەرمان.

پێغەمبەر ﷺ چاکترین مامۆستایە لە ژیانیدا و لە دوای مردنیشی

سڵاوت لێبێ سەروەرم، ئەی پێغەمبەری خوا تەنانەت مردنیشت هەندێك واتای لە ناخماندا زیندووکردەوە کە بوونە هۆی نزیکبوونەوەمان لەتۆ، بوونە هۆی نزیکبوونەوەیەکی زۆرتریش لە پەروەردەگارمان.

لە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانتدا، دوای ڕۆژێکی ماندووکەر لە نیوەی شەودا پێخەفەکەت جێدەهێڵی و دەڕۆیە سەر گۆڕستانی «بەقیع» و سەلام لەو هاوەڵانەت دەکەی کە لەوێ نێژراون وەك ئەوەی پێیان بفەرموویی: «هەرگیز لە یادتان ناکەم هەتا لە ژیاندام ج بە زیندووی یان بە مردووی، بەم زووانە بە یەك دەگەین لە جیهانی ڕووحەکان».

ئەوکات فێری وەفاداریت کردم بۆ ئەو خۆشەویستانەم کە وەفاتیان کردووە و هەرگیز لە یادیان نەکەم لە سەردانی کردنیان یان نزا کردن بۆیان.

لە کاتێکدا کە تۆ لە نەخۆشی سەرەمەرگدای و بە هۆی ئازارەوە سەری پیرۆزت بە پەڕۆیێکەوە گرێدراوە، پاڵدەدەیە کوڕی مامت فەزڵی کوڕی عەببباس و دادەنیشی لەسەر مینبەر و توانای وەستانت نییە، ئینجا بانگی خەڵکی دەکەی و دەفەرموویی: «ئەگەر لە یەکێك لە ئێوەم دابێ با بێت و مافی خۆی لەمن بستێنێ، ئەگەریش قسەیەکی ناشیاوم بە یەکێك لە ئێوە دابێ با بێت و مافی خۆی لەمن بستێنێ، ئەگەریش پارەی کەسم لەئێوە لەلایە با بێت و مافی خۆی لەمن بستێنێ»، ئەمەیە سادەیی تۆیە کە وایکردووە وابفەرموویی ئەی سەروەری کەسە سادەکان وە، لە دوایشەوە دەفەرموویی: «بۆیە وا دەڵێم تا بە دەروونێکی ئاسوودەوە بگەمە پەروەردەگارم و بچمە بەردەمی».

لەکاتێکدا هەمووان دەزانن کە هەردەم تۆ بەخشیوتە و هیچ کات هیچ شتێکت لە کەس وەرنەگرتووە، زاریشت پاک و خاوێن و ناوازەترین زار بووە، بەڵام تۆ ئێمە و هەموانت فێری ئەوە دەکرد کە پەروەردگار تەنها لە مافەکانی خەڵکی خۆش نابێت، بۆیە دەبێ بە شێوەیەک بگەڕێنەوە لای پەروەردەگارمان کە هیچ مافێکمان لە ئەستۆ نەبێت.

لە دوا ساتەکانی ژیانت هەرکات کە بە هۆی ئازارەوە لە خەو هەڵدەستایەوە، دڵنیا دەبوویەوە و دەتپرسی: «ئایا خەڵکی نوێژیان کرد؟ فەرمان بدەنە ئەبو بەکر بۆ ئەوەی نوێژ بە خەڵکی بکات» وەک ئەوەی پێیان بفەرموویی «لەگەڵ پەروەردەگارماندا بمێننەوە، چونکە هەر ئەوەش دەبێتە هۆی دڵئارامی من لە کاتی مردنمدا».

لەوە تێگەیشتم ئەی موحەممەدی سەروەرمان کە تا کۆتا ساتەکانی ژیانیشت هەرسەرقاڵی ئەرک و پەیامەکەت بووی بە پێی توانات.

کۆتا زەردەخەنەشت لە ژیان پێش ئەوەی ڕوحەکەت ڕادەستی بەدیهێنەرەکەی بکەی ئەو کاتە بوو کە هەستت بە هێزێک کرد لە جەستەتدا، جا هەڵستای و پەردەکەت لادا بۆ ئەوەی لێیان دڵنیا بیت، ئینجا کە بینیت نوێژ دەکەن لە دوای «ئەبو بەکر» ـەوە، زەردەخەنەت کرد و دڵنیا بووی کە لەگەڵ خوادا بە جێت هێشتوون.

فێرتکردم کە ئەگەر بمەوێت دڵنیات بکەم و بتهێنمە پێکەنین پێویستە لەگەڵ خوادا بم.

لە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانیشت، کاتێک خەڵکی دێنە سەردانیت، هەر لە بەخشندیی خۆتەوە دەتویست هەڵبستی و خزمەتیان بکەی، لەکاتێکدا توانای قسەکردنیشت نەبوو، جا هەموو کەسێک کە دەهاتە ژوورەوە، سەیری

دەکەی و سەیرێکی ئاسمان دەکەی، سەیری دەکەی و سەیرێکی ئاسمان دەکەی وەك ئەوەی نزایان بۆ بکەی وە پێی بفەرموویت: «سوپاس کە لە ساتێکی ئاوادا لە تەکم وەستاوی».

ئینجا لە کۆتا ساتەکان ئەی موحەممەدی سەروەرمان حەز دەکەی کە سەری پیرۆزت لەسەر شانی دایە عائیشەی هاوسەرت دابنێی و، بە زمانت ئەم وشانە دووبارە دەکەیەوە: «بەرەو پەروەردەگارم بۆ لای هاوڕێی بڵێند»، ئینجا لەم شوێنەوە لەسەر شانی هاوسەرەکەت ڕوحت دەسپێری بۆ ئەوەی کاتێك دەگەڕێیەوە بۆ لای پەروەردەگارمان لە نایابترین شێوەکانی زیکرکردندا بیت و لە جوانترین دیمەنەکانی خۆشەویستیدا بیت.

جا فێرتکردم کە خەون بە کۆتاییەکەوە ببینم کە زمانم تێدا زیکر و یادی خوا دەکات و دڵم خۆشەویستی لێ دەباڕێ بۆ هاوسەرەکەم.

دواتر هاوەڵانت لە هەمان شوێنی کۆچکردنتەوە دەتنێژن هەروەك چۆن جەنابت وەسیەتت کردبوو، ئیدی لە پڕێك دەبینن کە مەدینە تاریکە دوای ئەوەی ڕووناك بوو بوو بەهۆی خۆشی و پێکەنینی تۆوە، ئینجا خەڵکی پێیان سەیر بوو کە چۆن توانیان جەنابت بە خۆڵ بنێژن و چۆن لە دوای تۆ توانای ژیانیان هەبێ، بەڵام ئەمە سوننەتی پەروەردەگار و سوننەتی تۆیە، چونکە بەڕاستی ئەو کەسەی کە هەمیشە دەمێنێ و نامرێ خوای نەمرە.

پەیمانت پێ دەدەم ئەی موحەممەدی سەروەرمان کە هەوڵ بدەم هێشتان تۆ بناسم و هێشتان بە تۆوە پەیوەست بم، هەروەها بگەڕێم و سوننەتی تۆ هێشتان فێرم ببم، هێشتانیش صەڵاوات لەسەر تۆ بدەم، بۆ ئەوەی هەردەم زیندووبیت لە دڵمدا.

پێرست

پێشکەشە بە
پێش پێشەکی
پێشەکی

بەخشندەیی پێغەمبەری خوا ﷺ ١

سادەیی پێغەمبەری خوا ﷺ ٤

ڕازیبوونی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پەروەردەگاری خۆی ٧

بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی ئێجگار بەرز و گەورەیت ١١

ئایا بەندەیەکی سوپاسگوزار نەبم؟ ١٤

پێغەمبەر ﷺ چاکترین مێردە کە مرۆڤایەتی ناسیبێتی ١٩

پێغەمبەر ﷺ چاکترین پاڵپشتە بۆ هاوەڵانی ٢٣

بەزەیی پێغەمبەر ﷺ بە درۆزنەکان ٢٦

پێغەمبەر ﷺ تکاکاری ئوممەت ٣٠

پێغەمبەر ﷺ چاکترین پەناگە بوو بۆ هەمووان ٣٤

متمانە پێدانی پێغەمبەر ﷺ بەخۆیان ٣٧

پێغەمبەر ﷺ شکۆدەری ئافرەتان ٤١

تامەزرۆیی پێغەمبەر ﷺ بۆ پەرستش ٤٤

پێغەمبەر ﷺ ئاسانکاری بۆ جیهان ٤٨

ئارامگری پێغەمبەر ﷺ لەسەر لەدەستدانی دۆست و هاوەڵانی ٥٢

سەرنجە پڕ لە خۆشەویستییەکانی پێغەمبەر ﷺ ٥٥

بەزەیی پێغەمبەر ﷺ هۆکاربوو بۆ هیدایەتدان ٥٨

تورەیی پێغەمبەر ﷺ ٦٢

بەڕاستی کردەوە چاکەکان کردەوە خراپەکان لادەبەن و گوناهەکان دەشۆنەوە ٦٥

دانایی و سادەیی پێغەمبەر ﷺ لە دەربڕینەکان ٦٨

دڵسۆزی و نییەت پاکی لەکاتی بەخشین ٧١

بەخشین و دانیی پەروەردگار لە بەڵا و ناخۆشییەکان ٧٤

ئەمان و ئارامی پێغەمبەر ﷺ بۆ دەوروبەری ٧٧

پێغەمبەر ﷺ چاکترین نموونەی ڕێزلێنان لە خۆشەویستی ٨٠

یەقینی پێغەمبەر ﷺ بە پەروەردگاری خۆی ٨٣

هەر کەسێك لە ئێوە باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، با وشە و قسەی چاك و خێر بدوێ ٨٧

پێغەمبەر ﷺ چاکترین پەروەردەکا ٩٠

پێغەمبەر ﷺ ئاشتیخواز و چێنەری تۆوی خۆشەویستی ٩٣

ئوحود، ئەو چیایەیە کە خۆشمان دەوێ و خۆشی دەوێین ٩٦

وەفاداری پێغەمبەر ﷺ ٩٩

بەزەیی پێغەمبەر ﷺ بە گوناهکاران ١٠٢

پێغەمبەر ﷺ باوك و پشتیوان بۆ هەموان ١٠٦

پێغەمبەر ﷺ پاڵپشت و سوودگەیێنەری هەمیشەیی بۆ دەوروبەری ١٠٩

ئێمە ئەو قورئانەمان دانەبەزاندووە بۆ سەر تۆ تا تووشی خەفەت و غەم و پەژارە بیت ١١٢

پێغەمبەر ﷺ چاولێپۆشیکەر لە هەڵە و کەم و کورتییەکانی دەوروبەری ١١٦

بایەخدانی پێغەمبەر ﷺ بە بوونی لە هەر چرکەساتێك و عیبادەتی کات ١١٩

جێگیربوون و پابەندبوونی پێغەمبەر ﷺ بە بەها و بنەماکانی ١٢٢

پێغەمبەر ﷺ چێنەری تۆوی متمانە بەخۆبوون لە ناخی منداڵان ١٢٦

پێغەمبەر ﷺ چاکترین مامۆستایە لە ژیانیدا و لە دوای مردنیشی ١٢٩

پێرست ١٣٣

نووسینی:
موستەفا حوسنی
ئامادەکردن و وەرگێڕانی:
بسام محمود

یەکێک لە بە چێژترین ساتەکان بۆ مرۆڤی موسڵمان ئەوکاتەیە کە ببینێ گەشتووە بە خزمەت گەورەمان پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ، ڕاتان چییە کە هەوڵدەین ئەگەر بە خەیاڵیش بێ، نزیک ببینەوە لە باشترین شێوازی ژیان و قوتابخانەیەک کە پایەدارترین مرۆڤ ڕابەرایەتی کردووە؟ کەمێک زیاتر فێربین لە ڕەوشت و ئاکارە بەرز و پیرۆزەکانی، سوپاسی بکەین بۆ ئەو کاتانەی بەسەری برد لەپێناو کەسانێک کە لەگەڵیان نەژیاوە، بەڵام ئەوان ئێستا بە بەرەکەتی ئەوەوە دەژین و پێی بڵێین: "سڵاوت لێبێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ".

1234567890

هەولێر، بازاڕی ڕۆنشنبیری، تەنیشت پارێزگا
+964 750 406 6674
ڕەها / Raha
ناوەندی ڕەها